# یەکەمین هۆلۆکۆست

## دەربارەی کۆمەڵکوژیی ئەرمەنەکان

## مەکتەبی گەشەپێدانی بیر و هۆشیاری

ئۆرگانێکی کەلتوری و پەروەردەییە، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی (ی.ن.ک) پەسەندکراو لە چوارەمین کۆنگرە لە ساڵی ٢٠٢٠ دامەزراوە، ئەرکەکەی بریتییە لەرەخساندنی زەمینەی هۆشیارکردنەوەی فیکری و سیاسی لەسەر بنەماکانی سۆشیالیست دیموکرات، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسی، سیکۆلاریزم، مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی، تاوتوێکردنی بابەتەکانی بیری هاوچەرخ و دابینکردنی ئەدەبیاتی رێکخراوەیی، دەستەبەرکردنی ئامرازەکانی پەروەردەکردن و پێگەیاندنی کادیران لە بوارە جیاجیاکاندا، نووسینەوەی مێژووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و شۆڕشی نوێ و رۆڵی لە بووژاندنەوەی گیانی بەرگری و ئەرشیفکردن و دووبارە چاپکردنەوەی بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

# یەکەمین هۆڵۆکۆست

## دەربارەی کۆمەڵکوژیی ئەرمەنەکان


نووسینی: ڕۆبەرت فیسک

وەرگێڕانی لە هۆڵەندییەوە: نەجمەدین فەقێ عەبدوڵڵا

**یەکەمین هۆڵۆکۆست**
**دەربارەی کۆمەڵکوژیی ئەرمەنەکان**

نووسینی: ڕۆبەرت فیسک
وەرگێڕانی لە هۆڵەندییەوە: نەجمەدین فەقێ عەبدوڵڵا
دیزاین: هەرێم عوسمان
چاپ: چاپخانەی حەمدی
تیراژ: 1500 دانە
نۆرەی چاپ: دووەم- 2022
ساڵی چاپ: 2022
شوێنی چاپ: کوردستان - سلێمانی
زنجیرە : 21/560

لە بەڕێوەبەرێتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی ( 1202 ) ی ساڵی **2021** ی پێدراوە

سەرپەرشتیاری زنجیرەی کتێب
**عوسمان حەسەن شاکر**

لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی
گەشەپێدانی بیروهۆشیاری

www.pukhoshiari.com info@pukhoshiari.com

## پێشەکی

بە کۆمەڵکوشتنی گەلی ئەرمەن لە ١٩١٥دا، کە ناوم ناوە هۆڵۆکۆستی ئەرمەنەکان[١]، یەکێکە لەو تراژیدیا مێژووییانەی بە تێپەڕبوونی کات واتای گەورەتر دەبەخشێت. ئێستا نزیکەی سەدەیەک تێدەپەڕێت لەو کاتەوەی فەرمانڕەوایانی تورکیای عوسمانی ملیۆن و نیوێک ئەرمەنیی کریستیانیان لە باری فیزیکییەوە قڕ کرد. چ لە ڕێگای کوشتنی (ڕاستەوخۆ و مەیدانی- و) پیاوەکانیانەوە، یان ڕەوانەکردنی ژن و منداڵەکانیان بۆ (کاروانەکانی مەرگ)[٢]، کە بە درێژایی ڕێگاکان دەستدرێژی دەکرایە سەریان،

[١] وەرگێڕ: زاراوەی هۆڵۆکۆست ڕیشەیەکی لاتینیی هەیە، واتە؛ هۆڵۆکۆستۆم (holocaustum)، کە بە واتای (سووتاندنی قوربانی) بەکاریان هێناوە، مەبەست سووتاندنی ئەو قوربانییە بووە کە لە پەرستگا جۆراوجۆرە ڕۆمانییەکاندا پێشکەش بە خواوەندەکانیان دەکرا، لە پلەی یەکەمدا ئاژەڵیان دەکرد بە قوربانی. بە واتا مۆدێرنەکەی هۆڵۆکۆست بۆ کوشتنی بەکۆمەڵ بەکار دەهێنرێت. (بڕوانە: فەرهەنگی ڤان داڵە، هۆڵەندی- هۆڵەندی، لاپەڕە: ١٤٠٢، چاپی: ٢٠٠٨، هۆڵەندا). بە ڕای من هۆڵۆکۆست بە واتای (شوێنی سووتاندنی قوربانی) و (کردەی سووتاندنی قوربانی)ش دێتەوە. لە عەرەبیدا وشەی (المحرقة)یان بۆ داناوە، کە پڕ بە پێستێتی.

[٢] وەرگێڕ: پاش ئەوەی هێزە چەکدارەکانی دەوڵەتی عوسمانی لە شار و شارۆچکە و گوندەکانی تورکیادا ئەرمەنەکانیان لەژێر زەبری چەک و تۆقاندندا کۆکردەوە، بە پێ ڕەوانەی بیابانەکانی باکوور و ڕۆژهەڵاتی سوریا و شوێنی تریان دەکردن. ئەو ڕێپێوانانە سێ بۆ چوار مانگ و زیاتریان خایاندووە و دەبوونە مایەی مردنی بەشی هەرە زۆری قوربانییەکان لە بێنانی و بێ ئاویدا. ئەوانەی بە زیندوویی دەمانەوە، لەپاڵ دەستدرێژیی بەردەوامی سێکسی بۆ سەر کچ و منداڵ و فرۆشتنی بەشێکیان و کوشتنی ڕۆژانە، کۆمەڵ کۆمەڵ پەلبەست دەکران و فڕێ دەدرانە ڕووباری خاپوورەوە، یان لە ئەشکەوتەکاندا بە دووکەڵ دەخنکێندران. وردەکارییەکانی ئەو پرۆسە ترسناکەی (کاروانەکانی مەرگ) لە ناواخنی کتێبەکەدا باس کراوە.

لە برساندا دەمردن، بە پەلبەستکراوی، بەکۆمەڵ فڕێ دەدرانە ڕووبارەوە، بەکۆمەڵ دەتەپێنرانە ئەشکەوتەکانەوە و لەوێدا (لەناو چڕەدووکەڵی ئەو ئاگرانەدا، کە تورکەکان لە زاری ئەشکەوتەکاندا دەیانکردەوە- و) دەخنکان، یان زۆر بە ئاسانی چەقۆیەک بە قوڕگیاندا دەهێنرا، بەڵام تا ئەمڕۆیشی لەگەڵدا بێت تارمایی ئەو قوربانیانە لە دوومان نابنەوە و لەو کاتە جەنجاڵانەی یەکەمین جەنگی جیهانی زیاتر ڕاوەدوومان دەنێن، کە کۆمەڵکوژییەکانیان تێدا ئەنجام درا.

ئەوە دوو هۆکاری هەیە، بۆ نا- ئەرمەنەکان دوورنما و پێوەرێکی سیاسی و ئاکاری بەو جینۆسایدەوە بە توندی لکێندراوە، چونکە هەر وەک ئەوەی زۆر مێژوونووس پێی گەیشتوون، ئەو کۆمەڵکوژییە بە شێوەیەکی زۆر ترسناکتر بەر لە هۆلۆکۆستی جووەکان ڕوویداوە[٣]. هیتلەر هەر تەنها بۆ زیادە زانیاری نەبوو کە دەستی بە تاقیکردنەوەی بەکۆمەڵکوشتنی ئەرمەنەکانەوە گرت. یەکێک لە شەریکە تاوانەکانی سەرەتاکانی پارتی نازی، ئەو ئەفسەرە لاوەی لەشکری قەیسەری ئەڵمانی بوو کە لە کاتی کۆمەڵکوژییەکاندا مەشقپێدەری هێزە شەڕکەرەکانی تورکیای عوسمانی بوو، لە هەمان کاتدا شایەتحاڵێکی چاوێنیی کۆمەڵکوژییەکانی ساڵی ١٩١٥

[٣] وەرگێڕ: مەبەستی نووسەر ئەوەیە لایەنگەلێکی نا-ئەرمەنی هەن بۆ بەرژەوەندیی سیاسی و مەعنەویی خۆیان، نایانەوێت جینۆسایدی ئەرمەنەکان بە یەکەمین جینۆسایدی گەورەی سەدەی بیستەم بناسێندرێت، چونکە ئەوە دەبێتە مایەی کەمکردنەوەی (بە ڕای ئەوان) بەها و دوورنمای سیاسی و مەعنەویی هۆلۆکۆستی جوو.

بوو. ژمارەیەکی تری گەنجانی جۆراوجۆری ئەڵمانی، کە لە نزیکەوە لەگەڵ سەرتاپای پرۆسەکانی کۆمەڵکوژییەکاندا ژیابوون (ئەوانەی کە بە چاوی خۆیان دەیانبینی چۆن دەسەڵاتدارانی تورک پیاوەکانیان لە خێزانەکانیان جیا دەکردەوە و چۆن بەڵێنی درۆینەی فیڵاوییان بەوانە دەدا کە بەرەو کاروانەکانی مەرگ ڕەوانە دەکران و چۆن پاشان بێ نان و بێ ئاو دەکران)، هەر ئەو کەسانە بوون کە بیست و شەش ساڵ دواتر هەمان ئەو ڕێبازانەیان پەیڕەو و جێبەجێ کرد بەسەر جووەکانی ڕووسیادا، کە لەگەڵ هێرشی لەشکری نازی بۆ سەر یەکێتیی سۆڤیێت دەستگیر کرابوون و دەبوا بەکۆمەڵ کاروانەکانی مەرگیان پێ بکرێت.

بەڵام جینۆسایدی ئەرمەنەکان دوورنمایەکی لەوە مەترسیدارتری هەیە، واتە نکوڵیکردنی تورکانی ئەمڕۆ لە تاوانەکە و داننەنانیان بە ڕوودانی ئەو تاوانەدا. تورکیا لەو نکوڵیکردنەیدا لە لایەن ژمارەیەک لە ڕژێمە ڕۆژئاواییەکانەوە پشتگیری دەکرێت، لە پێش هەموویانەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەریتانیا.

لە ترسی ئەوەی نەبادا هەستی ئەو هاوپەیمان و هاو ئەندامەی (ناتۆ)یان بریندار بکەن و (لە ئەنجامدا بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی تورکیا ڕێچکەی پەرەسەندنێکی پێچەوانەیی –نمو عکسی– بگرێتە بەر کە هاوتەریب بێت لەگەڵ ساردوسڕیی پەیوەندییەکانی نێوان ڕووسیا و ئەمریکادا...) هەروەها لە ترسی ئەوەی نەبادا ڕۆژێک لە ڕۆژان تورکیا پەنا بباتە بەر داخستنی ئەو ڕێگا سەربازییە لۆجستییانەی بە خاکەکەیدا تێدەپەڕن بەرەو

عێراق و ناوچەکە[4]، سەرۆکی ئەمریکی (مەبەستی جۆرج بووشە و ئەم کتێبە بە ئینگلیزی لە ساڵی ٢٠٠٣دا بۆ یەکەمین جار چاپ کراوە. – و) ئەوە ڕەت دەکاتەوە دان بە هۆلۆکۆستی ئەرمەنەکاندا بنێت. لە ساڵی ٢٠٠٧دا کۆمیسیۆنی سەر بە ئەنجومەنی نوێنەران بۆ کاروبارە دەرەکییەکانی ئەمریکا دەنگیان بۆ ئەوە دا، مۆری جینۆساید لەو کوشتارە بەکۆمەڵانە بدرێت، کە لە ساڵی ١٩١٥دا ڕوویانداوە. (تێبینی: ئەم پێشەکییەی نووسەر لە ٢٠٠٨دا بۆ چاپە هۆڵەندییەکەی کتێبەکە نووسراوە – و) تاکوتەرای ئەو ئەمریکییە ئەرمەنییە بەساڵاچووانەی لەو کۆمەڵکوژییە ڕزگاریان ببوو، لە بەردەم باڵەخانەی پەڕلەماندا کۆببوونەوە و چاوەچاویان بوو ئەنجامەکانی گفتوگۆکان ببیستن، بەڵام هەر کە جەنەڕاڵە ئەنتیکەکانی لەشکری تورکی شێوازی زمانە تایبەتییەکەی خۆیان بەکار هێنا بۆ گوتنی شتێک و گەیاندنی مەبەستێکی تر، سەرۆک بووش چیدی نەیدەزانی چۆن خێرا پەرچەکرداری پەشیمانبوونەوە نیشان بدات.

لە ڕۆژنامەی میللییەتی تورکیدا، فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی تورکیا، جەنەڕاڵ (یەشار بۆیۆکانیت) بە پەستییەوە ئەوەی ڕاگەیاند کە «پەرەسەندنی ئەو بڕیارە پەڕلەمانییە جێگای داخ بوو، بەڵام ئەگەر بێتو بڕیارەکە بە تەواوەتی لە لایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە پەسەند بکرێت، ئیدی پەیوەندییە سەربازییەکانمان لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکاندا هەرگیز وەک جاری جاران نامێنێتەوە. ویلایەتە

[4] وەرگێڕ: هەروەها لە ترسی ئەوەی نەبادا بنکە ئەتۆمییەکانی ئەمریکا لە تورکیادا دابخرێن، کە لە چوارچێوەی هاوسەنگییە ئەتۆمییەکاندا لە تورکیا جێگیر کراون.

یەکگرتووەکان لـەو بـارەیـەوە وەک ئـەوەی لێدێت، فیشەکێک لە قاچی درابێت...» دیارە بەڕێز بووش دەستبەجێ پەندی لەو وانەیە وەرگرت و ڕایگەیاند: «ئێمە زۆر بەداخین بۆ ئەو ئازارە تراژیدییەی گەلی ئەرمەن (بە دەق ئەو وشانەی بەکار هێناوە)، بەڵام پەسەندی بڕیارێکی لەو چەشنە (مەبەستی بەجینۆسایدناساندنی کۆمەڵکوژییەکانە – و) وەڵامێکی دروست نییە بۆ ئەو کۆمەڵکوژییە مێژووییە». هەروەتر ڕایگەیاند: «ئەگەر ئەو بڕیارە بەو چەشنە پەسەند بکرێت، ئەوە زیانێکی گەورە بە پەیوەندییەکانمان دەگەیەنێت لەگەڵ هاوپەیمانێکی کارامان لەناو پەیمانی ناتۆدا، هەروەها لەسەر ئاستی جەنگی جیهانیماندا لە دژی تیرۆر».

بە تایبەتی ئەم ڕستەیەی دواهەمینیان زۆر نایابە، چونکە جگە لە جووەکان، ئەورووپا هیچ کۆمەڵەیەکی تر (نووسەر وتوویەتی هیچ کەسێکی تـر) ئـەوەنـدەی ئەرمەنەکانی تورکیا لە ١٩١٥دا تووشی بەدبەختی و چارەڕەشی نەبوون بە دەست تیرۆرەوە. بەڵام ئەوەی کە بەرژەوەندییەکانی ناتۆ لە سەرووی ڕاستگۆییە مێژووییەکانەوە دابنرێن، ئیتر ئەوەیان لە سەرووی تێگەیشتنی منەوەیە. کەسانێکی تر کە دەبێت لە شەرماندا سەری خۆیان کز بکەن و دانەوێنن، بریتین لەوانەی کە تا ئێستاش سەرقاڵی ئەوەن لە جەنگی عێراقدا سەربکەون. بەو جۆرە دەسەڵاتدارانی ئەمریکی لە عێراقدا، لە چەشنی باڵیۆزی ئەمریکی هۆشداریی ئـەوەی دا کە پەسەندی بڕیاری بەجینۆسایدناساندنی کۆمەڵکوژییەکانی ئەرمەنەکان لە لایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکییەوە «زیان بە ئامادەییە جەنگییەکانمان دەگەیەنێت لە عێراقدا». ڕۆبەر گەیتس

وەزیری بەرگری ئەمریکا، کە بە ئاشکرا دیارە حەزی بە وردەکارییە مێژووییەکان نییە، زیادەگۆییەکی تر ئەکات لە پیشاندانی ترسنۆکی. لە بارەی ڕەوشی هێزە چەکدارییە ئەمریکییەکانەوە لە عێراق، نەک هەر تەنها ئەوەندەی کە باڵیۆز ئاماژەی بۆ کرد، بەڵکو لەوەش زیاتر، بە گوتەی وەزیری بەرگری، «دەرگای هەموو فڕۆکەخانە سەربازییەکانی تورکیا و ڕێگا لۆجستیکییەکانمان و ئەو جۆرە شتانە لە تورکیادا دەکەونە مەترسییەوە، ئەگەر بێتو ئەو بڕیارە بە تەواوەتی پەسەند بکرێت».

گەیتس بە تەواوی لەوە تێناگات ئەو وشانەی ئەو چەندە مایەی گاڵتەجاڕین، چونکە ڕێک هەر بەسەر (ئەو ڕێگایانە و ئەو جۆرە شتانەوە) بوو، کە لە ١٩١٥دا کاروانەکانی مەرگ بۆ سەدان هەزار ئەرمەنی بەڕێوە چوون. زۆربەی ئەوانە دەتەپێنرانە فارگۆنەکانی پاتاڵگواستنەوەوە و ڕەوانــەی مـەرگ دەکـران. یەکێک لەو هێڵە ئاسنینانەی بۆ ئەو مەبەستە بەکار دەهێنرا و ڕێک بە ڕۆژهەڵاتی شاری (ئەدەنە)دا تێدەپەڕی، خاڵێکی گرنگی کۆکردنەوەی ئەرمەنییە کریستانە بەدبەختەکانی ناوچەکانی ڕۆژئاوای تورکیا بوو، کە لەوێوە بەرەو یەکەمین وێستگەی ئەو هێڵی شەمەندەفەرە دەچوو، کە پێی دەوترێت (ئینجەرلیک). بۆ گاڵتەجاڕیی مێژوو، ئینجەرلیک هەمان ناوە کە ئێستا بۆ ئەو بنکە ئاسمانییە سەربازییە بەکار دەهێنرێت، کە ڕۆڵێکی زۆر گرنگی هەیە بۆ لەشکر و هێزە ئاسمانییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا. لە شانشینی یەکگرتوودا (بەریتانیا)، یەکێک لە گرنگترینی ئەو کەسانەی نکوڵی لە هۆلۆکۆستی جووەکان دەکات، کە مێژووناسێکی ڕاستڕەوی توندڕەوی (دژەسامی)یە، ناوی (دافید

ئێرڤین)ە. لە ٢٠٠٧دا دەرکەوت کە جۆرج دەبلیو بوش بووە بە داڤید ئێرڤینی کۆشکی سپی (بۆ نکوڵیکردن لە بەجینۆسایدناساندنی هۆڵۆکۆستی ئەرمەنەکان – و).

بێگومان دەکرێت باجی گوتنی ڕاستی لە بارەی جینۆسایدی ئەرمەنەکانەوە، یان تەنانەت هەر ئاماژەیەکی تر بەو ڕێچکەیەدا زۆر قورس بکەوێت. هرانت دینک (hrant dink)، کە زانایەکی بلیمەت و ئاکادیمیستێکی ناودار و ژۆرنالیستێکی هێمن و لەسەرخۆی ئەرمەنی– تورکی بوو، لە مانگی مارتی ٢٠٠٧دا لەناو ئۆفیسەکەی خۆی، لە بارەگای ڕۆژنامەکەیدا لە ئەستەنبوڵ دوو فیشەک نرا بە سەریەوە. کوشتنێکی ترسناک و قێزەون بوو بە ڕۆژی ڕووناک، بەڵام ئەوەی لەوە ترسناکتر و قێزەونتر بوو و پتر مایەی شۆک بوو، ئەو لەخۆبایی و بەخۆنازینەی ئەو پۆلیسە تورکانە بوون، کە بۆ وێنەگرتن لە تەنیشت گومانلێکراوی کوشتنەکەوە بە شێوازی سنگدەرپەڕێن و پۆزلێدەر و گاڵتەجاڕ ڕاوەستابوون.

بەر لەو ڕووداوە داوایەک لە دژی دینگ تۆمار کرابوو، لەسەر بناغەی ئەو برگە و مادە یاساییە تورکییە بێئابڕووەی بە ژمارە (٣٠١) ناسراوە و (گاڵتەکردن بە تورکیا)ی قەدەغە کردووە.

هەزاران تورک پەستی و ناڕەزایەتی خۆیان لە دژی ئەو تاوانە دەربڕی، بەڵام ترس لە تۆمەتی جنێودان بە دەوڵەتی تورکی و دەزگا دەسەڵاتدارەکان هەر مایەوە و نەڕەوییەوە. بۆ نموونە؛ ئەم کتێبۆچکەیەی لێرە بەدواوە دەیخوێنیتەوە فەسڵێکە لەو کتێبەم کە لەژێر تایتڵی ”جەنگە گەورەکانی شارستانیەت“دا چاپ و بڵاو کراوەتەوە. (بڕوانە: ڕۆبەرت فیسک، جەنگە گەورەکانی

شارستانیەت، چاپی ئینگلیزی، یەکەم، ٢٠٠٣، دووەم ٢٠٠٨، دەستگای چاپ و بڵاوکردنەوەی fourth estate، چاپی هۆڵەندی، یەکەم ٢٠٠٥، دووەم ٢٠٠٨، دەستگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ambo، ئەمستردام). هەر لە سەرەتاوە بۆ چاپە تورکییەکەی پێشبینی دەکرا دوابخرێت، یان تەنانەت ڕێگای چاپکردنی نەدرێت.

(یەکەمین هۆلۆکۆست) لە ڕاستیدا تەنها یەک فەسڵە لەو کتێبە (واتە فەسڵی بیستوچوار). لە پاییزی ٢٠٠٦دا فاکسێکم لە لایەن دەستگای چاپ و بڵاوکردنەوە تورکییەکەوە لە ئەستەنبوڵەوە بۆ هات، کە تیایدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە پارێزەرەکانیان دڵنیان لەوەی ئەگەری تەواو لە ئارادایە بۆ بەرزکردنەوەی داوای یاسایی لە دژی ئەو دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەیە لەسەر بناغەی هەمان ماددەی یاسایی ژمارە (٣٠١). بێگومان وەک بێگانەیەک دەستیان بە من ڕاناگات تا بمدەنە دادگا، بەڵام ئەگەر ئارەزوو بکەم دەتوانم داواکارییەکیان ئاڕاستە بکەم بۆ ئەوەی لە پرۆسەی دادگاییکردنەکەدا بخرێمە پاڵ بڵاوکەرەوە تورکەکەوە. وەڵامی من ئەوەیە کە دەمەوێت بچمە پاڵ ناوبراوەوە، ئەوەش بۆ من دەبێتە مایەی شەرەفێک کە بتوانم لە بەردەم دادگایەکی تورکیدا شایەدی لەسەر جینۆسایدی ئەرمەنەکان بدەم. ڕێکەوت وابوو لەو ماوەیەدا دینک تیرۆر بکرێ و بەدوای ئەوەشدا لە لایەن بڵاوکەرەوە تورکەکەوە لە ئەستەنبوڵ، ئەوەم پێ ڕاگەیەنرا کە (بە ڕەچاوکردنی هەلومەرجی سیاسی لە تورکیادا، کە تایبەتە بە کێشەی ئەرمەنەکان و کوردەکانەوە) ”ئەوەیان بە چاکتر زانیوە ڕیکلامێکی زۆر بۆ بڵاوکردنەوەی کتێبەکە نەکەن، واتە کەمپینێکی

میدیایی بۆ کتێبەکەی بەڕێز فیسک ڕێک نەخەن".

ئەمە مایەی سەرسووڕمانە کە فەسڵێک لە بارەی جینۆسایدی ئەرمەنەکانەوە لە کتێبێکی بیستوچوار فەسڵیدا بەس بێت بۆ ئەوەی بڵاوکەرەوە تورکییەکە –ئەگەر بەبێ پەردە قسان بکەین– لە هەوڵی ئەوەدا بێت کەس هیچ شتێک لە بارەی ئەو کتێبەوە نەبیستێت کە بەتەمایە چاپ و بڵاوی بکاتەوە، بەڵکو بە بێبایەخ هەر وەک خۆی لێی بگەڕێت. ڕستەی (ڕیکلامێکی زۆر بۆ کتێبەکە نەکەن)، واتای ئەوەیە (بە بێدەنگی بەڕێی بکەن). بێدەنگییەک کە لە بێدەنگیی گۆڕ دەچێت. بەو جۆرەش تورکەکان بەدوای خوێندنەوەی ئەم وشانەدا ناچن، کە لەم پێشەکییەدا تۆمار کراون.

بەڵام مێژوو –مەحاڵە، هەر سەر دەکەوێت. لە ساڵی ٢٠٠٦دا دانیشتوانی گوندی کورو (kuru)، لە ڕۆژهەڵاتی تورکیادا کاتێک سەرقاڵی هەڵکەندنی گۆڕێک بوون بۆ مردوویەکیان، کەوتن بەسەر ئەشکەوتێکدا کە پاش هەڵدانەوەی توانییان کەللەسەر و ئێسکوپرووسکی چل کەسی تیادا بدۆزنەوە، کە بێگومان بەشێک بوون لە ئێسکوپرووسکی ئەو دووسەد و پەنجا کەسە ئەرمەنییەی لە شارۆچکەی (ئۆگوز)ەوە، لە چواردەی حوزەیرانی ١٩١٥دا پەلکێش کرابوون و لە گوندی کورو بەکۆمەڵ نێژرابوون. تا ئێستاش لێنەگەڕان پاشماوەی ئەو ئێسکوپروسکانە بدۆزرێنەوە، چونکە بە هاتنی جەندرمە تورکەکان بۆ مەیدانی ڕووداوەکە، دەروازەی ئەشکەوتەکەیان داخست و مۆریان کرد و فەرمانی توندیشیان بە دانیشتوانی گوندەکە ڕاگەیاند کە نابێت ببڕای ببڕ باسی ئەو دۆزراوانە بکەن.

بــەڵام لــە تـورکـیـادا ســـەدان (کـــورو) هــەیـە. پـاشـمـاوەی ئێسکوپرووسکەکانی ڕابردوو هەمیشە ڕاوەدومـان دەنێن. لەبەر ئەوە (نەکردنی ڕیکلامێکی زۆر) بۆ بڵاوکردنەوەی کتێبێک، هەرگیز لەژێر باری ئەو مێژووە ڕزگارمان ناکات.

**ڕۆبەرت فیسک**

**بەیروت، شوباتی ٢٠٠٨**

## ١

**دە دەی ئەو لاشانە لە ئۆستەرلیتز و واتەرلۆ کەڵەکە بکەن،**
**منیش بە گاسن هەڵگێڕنەوە و لێمبگەڕێن دەستبەکار بم.**
**من ئەو گیایەم هەموو شتێک دادەپۆشم.**
**کەڵەکەیان بکەن لە گیتیسبۆرگ،**
**لە ئیپەر و ڤێردۆن،**
**ژێر منیان بنێن و لێگەڕێن کاری خۆم بکەم.**
**دوو ساڵ، دە ساڵ، ڕێبوارەکان پرسیار دەکەن:**
**ناوی ئەم شوێنە چییە؟**
**ئێمە- ئێستا- لە کوێین؟**
**من گیام،**
**دە لێگەڕێن دەستبەکار بم.**

کارلساندبۆرگ
بەشێک لە هۆنراوەی (گیا).

(تێبینی: ئۆستەرلیتز، واتەرلۆ، گێتیسبۆرگ، ئیپەر و ڤێردۆن، ناوی شوێنگەلێکن کە سوپای ناپلیۆن پۆناپارت جەنگی بەناوبانگی تیادا کردون و کوشتارگەلی زۆریان تیادا کراوە – و).

گردەبانی مەرغەدە، یان (مارغادە) (Margada)، کە بە بەردی گڕکانی داپۆشراوە، هەر لە دوورڕا وەک پەڵەیەکی تێکەڵ لە ڕۆشناییەکی تیژی بریقەدار و سێبەر دێتە بەرچاو، کە لەسەر سینگی بیابانی ڕۆژهەڵاتی سوریادا بەرز بۆتەوە. لەسەر پۆپە تەختەکەی، کە سەرما زوو تەنگت پێ هەڵدەچنێت، باراناو دەبینی کاری خۆی بە چاکی کردووە و لە خاک و قوڕی نێوان تەلاشە بەردەکاندا کەندەڵان و درز و ڕێڕەوی بۆ خۆی کردۆتەوە. شیوگەلێکی ئەسمەر و لابەلای ڕوو لە خوارووی جۆراوجۆری دروست کردووە، کە لەسەرخۆ بەرەو دامێنی بەرزاییەکە دەکشێن. لە خوارەوە، لە دووریی گردەبانەکەوە ئاوی بەخوڕی ڕووباری خاپوور، ئەو ڕووبارەی تەژییە لە نهێنیی نارۆشنی قفڵدراو، لەنێوان کەنارە خۆڵەمێشییە ڕووتەنەکاندا دزە دەکات، بەناو تەپۆڵکە لمینەکاندا پێچاوپێچ دەخشێت. پێویست ناکات مرۆ پێشوەخت بزانێت لای مەرغەدە چی ڕوویداوە و چ گوزەراوە، چونکە لێرەدا هەر لە خۆتەوە هەست بەوە دەکەیت شتێکی ترسناک ڕوویداوە. هەر وەکو جەنگەڵەکانی ڕۆژهەڵاتی پۆڵۆنیا، ئەو گردەی مەرغەدەش شوێنێکە بۆ یادەوەرییە لەبیرکراوە هەرە توندوتیژەکان، بەڵام پۆلیسە لۆکاڵییە سورییەکە، پیاوێکی گۆنا ئاڵی سمێڵ گەورە بوو، بیستبووی کە ماوەیەکی زۆر بەر لە لەدایکبوونی خۆی، ئا لەو شوێنەدا کارەساتی مەزن ڕوویداوە.

ئـەوە (ئیزابێل ئێلسن)ی فۆتۆگری (the independent) بوو کە بەڵگەی ترسناکی دۆزییەوە. لە کاتێکدا بە لای کەندێکدا تێدەپەڕی کە باراناو هەڵیدڕیبوو، خۆی هەڵدایە خوارەوە و کەوتە پاککردنەوەی دەستە خۆڵاوییەکانی، لەپڕ چاوی بە پاشماوەی مێژوویی کاسەسەرێکی مرۆیی کـەوت، ئێسکێکی قاوەیی‌باو، بەڵام ڕیزە ددانەکانی هێشتا سپی بوون و دەبریسکانەوە، بە لای چەپدا بەشێک لە بڕبڕەپشتەکەی بەسەر لیتە وشکەوەبووەکەوە دەرکەوتبوو، کاتێک منیش بە دەستەکانم خۆڵی لایەکەی تری کەندەکەم لابرد، ئیتر تەواوی ئێسکەپەیکەرەکە دەرکەوت، پاشان یەکێکی تر و ئەوجار سێهەمیش، ئەوەندە نزیکی یەکتر و بەسەر یەکتریدا سەفتە کرابوون، ئێسکوپرووسکەکانیشیان تێکەڵ بە یەکتری بووبوون. هەر ئەوەندەی چەند سانتیمەترێک خۆڵمان لادەدا ئێسکی ڕانێک، کەللەسەرێک، تاخمەدانێک، پرووسکی قاچێک و... دەردەکەوتن، کە وەک شتی لەقوتوونراو پەستێنرابوونە سەر یەکتر، هەر وەک ئەوەی بڵێی هێشتا ترسی ئەو ڕۆژگارانەی ساڵی (١٩١٥)یـان لە لەشدا مابێت، کە لە ڕێگەی خنکاندنەوە گیانیان لەدەست دا، ئەویش کاتێک کە هەزارانیان کۆمەڵ کۆمەڵ پێکەوە بە پەتێک توند دەبەستەوە و فڕێیان دەدانە ئاوی ڕووبارەکەوە[٥].

---

[٥] ئەم دیاردەیەی پەلبەستنی قوربانییەکان لە ئەنفالکردنی کوردەکاندا و لەسەر دەستی شۆڤێنیزمی عەرەبی دووبارە بووەتەوە و پێدەچێت لە هاوەڵە تورکەکانیانەوە وەریانگرتبێت. بەڵام لە کوشتنە بەکۆمەڵەکانی کوردەکاندا، پاش ئەوەی کۆمەڵی بچووک بچووکی دووکەسی (بەپێی ڕیوایەتەکەی فەرەج) تا کۆمەڵی چل کەسی (بەپێی ڕیوایەتەکەی حەمەعەلی عەلەیانی) لە مەچەکڕا و بە ڕیز دەبەسترانەوە، بەدیار چاڵێکی پێشتر ئامادەکراوەوە گوللەباران دەکران و دەکەوتنە چاڵەکەوە، دوای ئەوە بە گڵ- بە شۆفڵ دادەپۆشران. بڕوانە: (عارف قوربانی: شایەتحاڵەکانی

هـەر کـە هـەوا لـێـیـدەدان و بـەر ڕۆشـنـایـی دەکـەوتـن، ئەو ئێسکوپرووسکە مرۆییانە لەناو لەپماندا پتر لە قوڕی وشکەوەبوو دەچوون و توێژیان فڕێ دەدا و خێرا ورد دەبوون، هەندە خێرا وردوخاش دەبوون، وەک بڵێی ویستی بکوژە تورکەکانیان دەهێننە دی، بۆ ئەوەی ئێمەش خێرا و بەپەلە لەبیریان بکەین. بە دڵنیاییەوە لەم پەڵە زەوییە بچووکەدا لانی کەم پەنجا هەزار کەس کوژراون و بۆ ئێلسن و من تەنها دوو خولەکمان بەس بوو تا لەوە تێبگەین کە لەسەر گۆڕێکی بەکۆمەڵ ڕاوەستاوین، چونکە مەرغەدە و ئەو بیابانەی دەوروبـەری –وەک هەزاران گوندی تر کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەرمەنی تورکی بوون– لە ڕاستیدا (ئۆشڤیتز)ی گەلی ئەرمەن بوو[٦]، واتە شوێنی یەکەمین هۆڵۆکۆستی لەبیرکراوی ئەم جیهانە.

بـەراوردکـردنـی ئـەو شـوێـنەمان لەگەڵ ئۆشڤیتزدا هـەروا بە هەڕەمەکی هەڵنەبژاردووە. دەسەڵاتی سەرکوتکەرانە، تۆقێنەرانەی سەربازیانەی تورکەکان لە دژی گەلی ئەرمەن گەیشتە ئاستی هەوڵدانێک بۆ لەناوبردنی ڕەگـەزی ئەرمەنی. کۆی کوژراوانی ئەرمەنەکان نزیکەی ملیۆن و نیوێک بوو. لەکاتێکدا کە تورکەکان

---

ئەنفال، بەرگی چوارەم، ل ٣٩– ١٣٠، چاپی ٢٠٠٧، کەرکوک) هەروەها: (یۆست هیلتەرمان: چاوپێکەوتن لەگەڵ حەمەعەلی عەلەیانیدا...). (پەراوێزی وەرگێڕ).

[٦] وەرگێڕ: ئۆشڤیتز، شوێنێکە لە پۆلۆنیا کە لە کاتی جەنگی جیهانی دووەمدا نازییەکانی ئەڵمانیا گرتووخانەیەکیان بە هەمان ناوەوە لەوێدا کردبووەوە، کە تایبەت بوو بە کۆکردنەوەی جووەکانی ئەورووپا و پاشان لەناوبردنیان و بەکۆمەڵ سووتاندنیان لە کورەی تایبەتدا. هەر لەبەر ئەوەشە کە ئەو پرۆسەی بەکۆمەڵکوشتنە بە هۆڵۆکۆست ناودەبرێت. گەورەترین ژمارەی جوو لەوێدا قڕ کراون، بێگومان شوێنی تریش هەبوون بۆ قڕکردنیان، بەڵام بچووکتر.

لە لێدوانە گشتییەکانیاندا باسیان لە (نیشتەجێکردنەوەی گەلی ئەرمەنی) دەکرد لە شوێنێکی تردا، هەمان بیانوو و پاساو، کە پاشان ئەڵمانەکان بۆ پرۆسەی کۆکردنەوەی جووەکانی ئەورووپا بەکاریان هێنا. نییەت و مەبەستە ڕاستەقینەکانی فەرمانڕەوا تورکەکان زۆر بە زوویی ئاشکرا بوون، بۆ نموونە لە ١٥ی سێپتەمبەری ١٩١٥دا وەزیری ناوخۆی ئەو کاتەی تورکیا (تەڵعەت پاشا) بروسکەیەکی ئاڕاستەی والیی عوسمانی کردووە لە شاری حەڵەب (کە کۆپییەکی لە بەردەست ئێمەدایە)، کە بە ئاشکرا پێی ڕادەگەیەنێت: «هەر وەکو بۆخۆتان ئاگاداری ئەو ڕاستییەن، کە حکومەت (...) بڕیاری داوە هەموو ئەو دانیشتوانەی تورکیا، کە دەست بە دەست ڕادەستی ئێوە کراون، بە تەواوی لەناو ببرێن... ئەو ڕێنماییانە هەرچەندە کارەساتباریش بن، دەبێت کۆتایی بە بوونیان بهێنرێت (واتە دەبێت جێبەجێ بکرێن – و) ئەویش بەبێ ڕەچاوکردنی هیچ حسابێک بۆ تەمەن، یان ڕەگەز، یان هەر بەربەستێکی تر بەهۆی ویژدانەوە...».

چما ئەمە هەمان ئەو فەرمانانە نین کە (هیملەر) لە ١٩٤١دا بە بکوژەکانی (SS) یان (گۆستابۆ، دەستگای هەواڵگریی نهێنیی نازییەکان)ی ڕاگەیاندبوو لە بارەی جووەکانەوە؟ لێرەدا لەسەر ئەم تەپۆڵکەیەی مارغەدەدا، ئێمە لەسەر پاشماوەکانی "ئەو کەسانەی دەست بە دەست ڕادەست کران"، ڕاوەستاوین. (بۆغۆس داکسیان) (boghos dakessian)یش کە لەگەڵ (هاکۆپ داکسیان)ی برازا پێنج ساڵانەکەیدا لە شاری (دیرئەلزور)ی سوریاوە هاوڕێمان بوون. هەموو شتێکی لە بارەی ئەو ڕێنمایی و فەرمانە تراژیدیایانەوە

دەزانی. وتی: "تورکەکان خێزانەکانیان هێنایە ئێرە بۆ کوشتنیان. ئەو کارە چەندین ڕۆژ درێژەی کێشا. بە ڕیز زنجیرە پیاوەکان، ژنەکان و منداڵەکانیان دەبەستەوە. زۆربەی ئەوانە لە برساندا و بەهۆی نەخۆشییەوە پەکیان کەوتبوو، زۆربەشیان ڕووتوقوت بوون. پاشان، لەو سەر گردەوە دوای ئەوەی فیشەکێکیان دەنا بە یەکێکیانەوە و دەکەوتە خوارەوە، هەموو ئەوانیتری پێکەوەبەستراوی بەدوای خۆیدا بەرەو ڕووبارەکە ڕادەکێشا و لەوێدا دەخنکان. ئەوە ڕێگایەکی زۆر هەرزان بوو بۆ کوشتنیان: تەنها یەک فیشەکی تێدەچوو".

داکسیان لە لای درزێکی بەرتەسکدا هاتە سەر چۆکان و بە کلیلی سەیارەکەی و بە پەنجەکانی، بە وریاییەوە یاریی بە خۆڵی سەر کەللەسەرێک دەکرد. دەشێ ئەمە نەخۆشی بێت (لە چەشنی ئەوانەی هۆگری فیلمی توندوتیژی دەبن)، یان تەنانەت جۆرێک بێت لە دڵڕەقی، بەڵام نابێت ئەوەمان لە یاد بچێت کە گەلی ئەرمەن پتر لە نەوەد ساڵە لەگەڵ ئەو ڕاستییە ترسناکانەدا دەژین، ئەوەش بەڵگەی ئەوەیە کە شەڕ (پێچەوانەی خێر - و) چۆن هاوشان لە دژی حورمەتگرتن کاری خۆی دەکات. کاتێک کە خۆڵی ناو چاڵایی چاوەکانی کەللەسەرەکەی لابرد و ددانەکانی پاک کردەوە، داکسیان کاسە سەرەکەی دایە دەستی (هاکۆب)ی بچکۆلە، کە لە کونێکی بچووک و قووڵی زەوییەکەدا ڕاوەستابوو. ئەویش بە بزەیەکی منداڵانەوە لێی وەرگرت بەبێ ئەوەی هیچ لە واتای مردن تێبگات. داکسیان گوتی: "من ئەوەشم بۆ هاکۆب ڕوون کردۆتەوە کە لێرەدا چی ڕوویداوە... دەبێت ئەویش فێربێت... تێبگات". هەروەها ئەو

هەواڵەشیان بە هاکۆب ڕاگەیاندووە کە باپیرەی باوکی -کە دەکاتە باپیرەی بۆرغۆس داکسیان- یەکێک بووە لە قوربانیانی یەکەمین هۆلۆکۆستی سەدەی بیستەم، لە لایەن جەندرمەیەکی تورکییەوە لە شاری مەرعەش، لە ١٩١٥دا سەری پەڕێندراوە.

لە ساڵی ١٩٩٢دا لە خانەی نابینایانی ئەرمەنەکان لە بەیروت، (ئەو شوێنەی کە دەبوایە دواهەمین ڕزگاربووانی قەتلوعامی ئەرمەنەکان لەگەڵ یادەوەرییەکانیاندا ژیانی تیا بەسەر بەرن، ئەویش سەرەڕای خەم و ئازارەکانی شانزە ساڵ جەنگی ناوخۆی لوبنانی)، چاوم بە (زاکار بێربێریان) (zakar berber ian) کەوت لە ژوورێکی بێ ڕووناکیدا، کە سۆپایەکی تاقانەی زۆر چکۆلەی کارەبایی تێدابوو، ئەوەی بێهوودە ململانێی لەگەڵ ساردوسڕیی ناو ژوورەکەدا دەکرد. ئەو ئەرمەنییە هەشتاونۆ ساڵانەیە خۆی خزاندبووە ناو پاڵتۆ کۆنەکەیەوە و زەق زەق چاوە نابیناکانی بڕیبووە میوانەکانی.

دە ساڵی تر نابات کە زاکار بێربێریان وەک هەموو ئەوانەی تر کە چیرۆکەکانی جینۆسایدی ئەرمەنەکانیان بۆم گێڕایەوە، چاوەکانی بۆ هەتاهەتایە لێک دەنێت، بەڵام وا لێرەدا چیرۆکەکەی دەگێڕمەوە، دەقاودەق هەر وەک خۆی بۆ منی گێڕایەوە:

لە ساڵی ١٩١٥دا دوانزە ساڵان بووم و دانیشتووی (بەلەجیک) بووین لە کەناری فورات، چوار برام هەبوو. باوکم سەرتاش بوو. ئەوەی من بینیم، ئەو ڕۆژەی کە پۆلیسە تورکەکان بەرەو گوندەکەمان هاتن، هەرگیز لە یادم ناچێتەوە. ئەو دەمانە هێشتا نابینا نەبووم.

لە بەلەجیک مەیدانێکی بازاڕمان هەبوو، هەر هەمووی سووتێنرا و خشت و بەردی لەگەڵ خاکەکەدا یەکسان کران. من بەو دوو چاوانەی خۆم بینیم کە لەوێدا چی ڕوویدا. فەرمانیان بە پیاوەکان دا لە گوند بچنە دەرەوە. ئەوانیان لەگەڵ خۆیاندا برد و جارێکی تر کەس چاوی پێیان نەکەوتەوە. ژنەکان و منداڵەکان دەبوایە بەرەو کۆنە بازاڕەکە بچن. ئەوە بوو سەربازەکان هاتن و بە بەرچاوی دایکەکانیانەوە یەک بە یەکی منداڵەکانیان دەبرد. -لەوانەیە شەش یان حەوت یان هەشت ساڵان بووین- هەڵیاندەداشتە حەوا و لێیان دەگەڕان بە قورسایی خۆیانەوە لەو حەوایەوە بکەونە سەر بەردە کۆنەکان. ئەگەر لەوە ڕزگاریان ببوایە، سەربازە تورکەکان سەرلەنوێ بە پێڵەقە سەریان دەکێشان بە بەردەکاندا. تێدەگەیت؟

بە بەرچاوی دایکەکانیانەوە. من هەرگیز داد و فیغان و قیژە و هاواری لەو چەشنەم گوێ لێنەبووە. من هەموو ئەوانەم لەناو سەرتاشخانەکەمانەوە بینی کە ڕوویاندا. سەربازە تورکەکان لە جلوبەرگی فەرمیدا بوون و پۆلیسی دەوڵەتیشیان لەگەڵدا بوو. بێگومان دایکەکان نەیاندەتوانی هیچ شتێک بکەن، کاتێک بەو جۆرە منداڵەکانیان دەکوژران. ئەوان تەنیا دەیانتوانی بقیژێنن و بگرین.

یەکێک لەو منداڵانە لە قوتابخانەکەی ئێمەدا قوتابی بوو. لە گیرفانەکانیدا کارتێکی نومرەیان دەرهێنا کە تیایدا دیاربوو بەرزترین نومرەی بەسەر پۆلەکەیدا بەدەست هێنابوو. لەوێدا مێشکیان پژاند. تورکەکان برادەرێکی منیان لە قاچەوە بە کلکی ئەسپێکەوە بەست و لێیگەڕان بە هەموو گوندەکەدا بەدوای خۆیدا ڕایکێشێت تا گیانی دەرچوو.

ئەفسەرێکی تورک هەبوو بە ڕێکوپێکی سەردانی دوکانەکەمانی دەکرد بۆ سەرتاشین. لەو ڕۆژەدا براکەمی شاردەوە، کە سەربازی هەڵاتووی سوپا بوو، بەڵام ئەوەشی پێ ڕاگەیاندین دەبێت هەمووومان ڕابکەین و خۆمان دەرباز بکەین. بەو جۆرە ئێمە (بەلەجیک)مان جێهێشت و بەرەو (ئاسما) کەوتینە ڕێ. ئا لەوێدا توانیمان خۆمان دەرباز بکەین، چونکە باوکم دینەکەی خۆی گۆڕی بۆ دینێکی تر. ئەو ناچار بوو ببێتە مسوڵمان. ئەوەندەی نەبرد دایک و باوکم نەخۆش کەوتن. پێموایە پەتای کۆلێرا بوو. هەردووکیان مردن و منیش بە قورسی نەخۆش کەوتم و نزیک بە مردن بووم. لەو کاتەدا ئێمەیان دەگواستەوە، لەو ڕێگایەدا دەبوایە منیش بەو نەخۆشییە بمردمایە، بەڵام تورکێک خواردنی دەدامێ بۆ ئەوەی لەو نەخۆشییە ڕزگارم ببێت...“

بێربێریان لە دەرەنجامدا ڕەوانەی هەتیوخانەیەک کرابوو. لە درێژەی چیرۆکە پڕ لە چەرمەسەرییەکەیدا گوتی:

«حەمامێکیان پێ کردم (واتە لە هەتیوخانەکە)، بەڵام ئاوەکەی پیس بوو، ئەوان پێشتر بە هەمان ئاوی ئەو حەمامە چەندین منداڵیان شتبوو، کە چاویان نەخۆشی شینکەی هەبوو. (جۆرە نەخۆشییەکە تووشی چاو دەبێ و شینکاوێکی مەیلەو بۆر هەموو چاوی نەخۆشەکە دەگرێتەوە و کوێری دەکات). منیش هەر لەو ئاوی حەمامەدا خۆم شت و پاشان کوێر بووم. لەو کاتەوە ببڕای ببڕ نەمتوانی هیچ ببینم. ئەو هەموو ماوەیە لە چاوەڕوانیدا دانیشتووم بەشکو ئەمە خوایە بینایی بۆ چاوەکانم بگەڕێتەوە، بەڵام من دەشزانم لەبەر چی کوێر بووم. ئەوە هیچ پەیوەندیی بەو

ئاوی حەمامەوە نییە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە باوکم لە دینەکەی خۆی هەڵگەڕایەوە و چووە سەر بڕوایەکی تر. خوا لەوەدا تۆڵەی لە من کردەوە، چونکە ئێمە لە بەرامبەر ئەودا کەمتەرخەم بووین».

لەوانەیە بەهۆی ئەو تەمەنە درێژەیەوە بێت کە دەنگی بێربێریان هیچ سۆزێکی پێوە دیار نەبوو. ئەوەش ئاساییە بۆ ئەوێک کە هەرگیز ناتوانێت هیچ شتێک ببینێت. ئەو نەیدەتوانی چیتر بە خۆی بڵێت چاوم هەنە، ئەو چاوانەی قەتماغە گۆشتێکی سەوزی کاڵ، هەمان ئەو شوێنەی داپۆشیبوو کە ڕۆژێک لە ڕۆژان پێی دەوترا بیلبیلە.

ساڵی ١٩١٥ بۆ ناوچە ئەرمەننشینەکانی تورکیا و ناوچە بیابانییەکانی باکووری سوریا، ساڵی کارەسات و نەهامەتی بوو، کە دەسەڵاتدارانی پێشووی تورکیا بێ ئەندازە دڕندە و دڵڕەق بوون. تەنانەت ئەوەش یەکجار گرنگە لە یادی نەکەین، کە هەندێک لە مسوڵمانەکان ژیانیان دەخستە مەترسییەوە بۆ یارمەتیدانی ئەرمەنە کریستیانەکان. لە هەر گفتوگۆیەکدا کە لەگەڵ ئەرمەنە بەتەمەنە نابیناکاندا سازم داوە، ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە هەندێک لە تورکەکان وەک هەڵوێستی شەخسی لەژێر کاریگەری بڕوای ئایینیدا، یان وەک هەستێکی مرۆڤانە، یاسا و بڕیارە فاشستییەکانی سەرکردە تورکە لاوەکانیان[٧] پشتگوێ دەخست کە لە ئەستەنبوڵەوە بۆیان دەهات، بەو جۆرە تاک تاکێکی ئەرمەنەکانیان، یان بە خێزانەوە لە ماڵەکانیاندا حەشار دەدا، یان منداڵە بێسەرپەرشتەکانیان (واتە

[٧] مەبەستی نووسەر سەرکردەکانی (تورکیای لاو)ە، وەک پۆلێک ئەفسەری لاوی تورکی، کە لەسەر بناغەی بیروباوەڕێکی شۆڤێنی- ڕەگەزپەرستی، هەڵدەسووڕان. کەمال ئەتاتورک لەگەڵیاندا بوو. (وەرگێڕ).

هەتیوەکانیان) دەگرتە خێزانە مسوڵمانەکانی خۆیانەوە[8].

والیی تورک لە شاری (دێرئەلزور)دا (عەلی سوعادبەگ)، لەگەڵ ئەرمەنە هەڵاتووەکاندا زۆر بە نەرمی دەجووڵایەوە. هەتیوخانەیەکی بۆ منداڵە بێدایکوباوکەکان دامەزراند. تا دەرئەنجام لە لایەن ئەستەنبوڵەوە بانگهێشت کرایەوە و لە شوێنی ئەودا (زەکی بەگ) دانرا، کە شارەکەی کردە ئۆردوگایەکی کۆکردنەوە[9]. (واتە کۆکردنەوەی قوربانییەکان بە نییەتی ئەوەی پاشان لەناو ببرێن. – و).

[8] وەرگێڕ: لە ڕاستیدا لەبەر ئەوەی لە ڕووی جوگرافی– مێژوویی– کۆمەڵایەتییەوە، ئەرمەنەکان زۆر تێکەڵی کوردەکان بوون و زۆربەی ڕاوەدوونانەکە لە ناوچە کوردییەکانەوە ئەنجام درا، وێڕای ڕۆڵی تاوانکارانەی هەندێک لە ئاغا و شڕەخۆر و مورتەزەقە کوردەکان، کەچی بەشێکی تریان ڕۆڵی مەزنیان بینی لە شاردنەوە و ڕزگارکردنی بەشێک لە ئەرمەنەکان. نووسەر پاشان لە مەتنی کتێبەکەیدا ئاماژەیەکی کورت بۆ ئەوەش دەکات.

[9] وەرگێڕ: ئاشکرایە کە (کۆکردنەوەی قوربانییەکان)، قۆناغی دووەمی هەر پرۆسەیەکی جینۆسایدە، کە بەدوای قۆناغی یەکەمدا دێت. واتە (قۆناغی دەستنیشانکردنی ئامانج)، بە واتای دەستنیشانکردنی ئەو کۆمەڵە خەڵکەی دەیانەوێت لەناویان بەرن. قۆناغی سێیەم (قۆناغی لەناوبردن)ە. بڕوانە: (نەجمەدین فەقێ عەبدوڵڵا، بنەماکانی دیاریکردنی تاوانبارانی جینۆساید لە کوردستاندا. لێکۆڵینەوەیەکی دیکۆمێنتاری، کە بە نۆزدە ئەڵقە لە ڕۆژنامەی ئاسۆ لە شوبات و مارتی ٢٠٠٧دا بڵاو کراوەتەوە).

## ٢

مێژووی کۆمەڵکوژیی ئەرمەنەکان لە کردەوەدا تایبەتە بەو چیرۆکە قێزەونانەی لە بارەی سەربازەکانی تورک و هێزەکانی پۆلیسەوە دەگێڕدرێنەوە، ئەوانە زۆر دڵسۆزانە فەرمانەکانی حکومەتەکەی خۆیان جێبەجێ دەکرد، کە تایبەت بوون بە قڕکردنی ڕەگەزێکی مرۆیی لە خەڵکانی کریستیان لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا.

لە ١٩١٥دا تورکیای عوسمانی چووبووە جەنگێکەوە لە دژی (هاوپەیمانەکان) و جاڕی ئەوەی دەدا کە گەلی ئەرمەن (ئەو گەلەی لە کوشتارەکانی ساڵانی ١٨٩٤- ١٨٩٦یشدا کرابووە نێچیر و قوربانیی ڕاوەدوونانەکان) گوایە پشتگیریی دوژمنە کریستیانە (کافر)ەکانیان کردووە. ئێستا ئەوە ڕوون بۆتەوە کە نزیکەی دووسەت هەزار ئەرمەنی لە ئەرمەنەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕووسیا لە لەشکری قەیسەریدا جەنگاون. (لێڤۆن ساهاکیان)ی نابینا -بەڵام زۆر وریا-ی تەمەن سەد و پێنج ساڵ (پێدەچێ بە هەڵە زیادی پێوە نرابێ)، تاکو ئێستاش شوێنەواری ئەو برینە بە سەریەوە ماوە کە بەر شمشێری سەربازێکی ئەسپسواری ئەڵمانی کەوتبوو لە شەڕگەیەکدا لە پۆڵۆنیا، ئەویش کاتێک لە ساڵی ١٩١٥دا سەربازی

پیادە بووە لە لەشکری قەیسەری ڕووسیدا. لەو بێسەروبەری و پشێوییەی شۆڕشی بەلشەفیدا کە دوو ساڵ دواتر ڕوویدا، ساهاکیان توانی بەرەو ماڵەوە بگەڕێتەوە. هەموو ڕووسیای بە پێ تەی کرد بەرەو (ناگۆرنۆ کاراباغ) (Nagorno karabach)، لەوێشەوە بەرەو ئێران هەڵات و سەرەنجام لە بەغداد لە لایەن ئینگلیزەکانەوە زیندانی کرا. پاشان کە بەرەڵڵا کرا، هەر بە پێ بەرەو شاری حەلەب کەوتە ڕێ و لەوێدا ڕووبەڕووی پاشماوەی گەلەکەی بووەوە، کە لەژێر باری (برسیکردن)دا دەیاننالاند. لەوێش لە مەرگ ڕزگاری بوو. بەڵام بە لایەکەی تریدا هەزاران ئەرمەنی تر هەبوون کە لە لەشکری عوسمانیدا خزمەتی سەربازییان کردبوو، کەچی شانسی مانەوەیان لە ژیاندا زۆر کەمتر بوو. تورکەکان بیانووی ئەوەیان بە دەستەوە بوو، گوایە ئەرمەنەکان لە دەریای ناویندا یارمەتیی هێزە شەڕکەرە دەریاییەکانی هاوپەیمانانیان داوە، کەچی هەرگیز نەیانتوانی بەڵگەیەکی ڕاستەقینە بۆ ئەو تۆمەتبارکردنە بخەنە بەردەست.

لە واقیعدا بزووتنەوەی (تورکیای لاو) -کە بە فەرمی ناوی کۆمیتەی یەکێتی و بووژاندنەوە (ئیتحاد و تەرەقی) بوو- دەسەڵاتی تەواوی بەسەر ئیمپراتۆریا عوسمانییەکەی سوڵتان عەبدولحەمیددا هەبوو، کە نوقمی گەندەڵی بووبوو. لە بنەڕەتدا قسان لەسەر پارتێکی لیبراڵی بوو، کە ژمارەیەکی زۆری ئەرمەنەکانیش پشتگیر و لایەنگیری بوون[١٠]. بەڵام وردەوردە بیروباوەڕێکی ناسیۆنالیستی،

[١٠] وەرگێڕ: کوردەکانیش بە هەمان شێوە لە سەرەتادا لایەنگر و بەشدار بوون لە بزووتنەوەی تورکیای لاودا.

ڕاسیستی (ڕەگەزپەرستی) و پان–تورکیستی بەسەر بزووتنەوەکەدا زاڵ بوو، کە ئەنجامی ئەوەی لە بەردەمی خۆیدا دانا تورکزمانە مسوڵمانەکان لە ئەنکەرەوە تا باکۆ بهێنێتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. ئەو خەونە کە بۆ چرکەساتێک لە ١٩١٨دا بەدی هات، بەڵام تا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت، چووە خانەی مەحاڵەوە، بەهۆی دامەزراندنی کۆماری ئەرمینیای سۆڤێتی. ئەرمەنییە کریستیانەکانی ئاسیای بچووک، کە لە ڕووی ڕەگەزییەوە تێکەڵەیەکن لە خوێنی ڕۆمی و بیزەنتی و فارسی، هەر زوو خۆیان لەو وێژینگە (وەهم)ە ڕزگار کرد کە لە بارەی سەرکردە تازەکانی ئیمپراتۆری تورکییەوە لە لایان دروست ببوو[11].

پاش سەرکەوتنی تورکەکان لە تەنگەی (دەردەنیل) بەسەر هێزە هاوپەیمانییەکاندا، ورەی سەرکەوتوانیان نیشان دا و بە هەمان شێوازی نازییەکان کە بیست ساڵ دواتر بەرامبەر بە جووەکانی ئەوروپا بە گومانەوە ڕەفتاریان کرد، ئەمانیش هەر بە چاوی گومانەوە دەیانڕوانییە ئەرمەنەکان.

---

[11] نووسەر: ئەرمەنەکان کە بە ڕەچەڵەک دەچنەوە سەر پادشانشینی دێرینەی (ئۆرارتۆ)، یەکەمین نەتەوەی کریستانیان پێکهێنا، کاتێک کە پادشا کافرەکەیان (درتاد) (drtad)، لە ساڵی ٣٠١ی زاینیدا لە دینی باو باپیرانی هەڵگەڕایەوە و بوو بە کریستیان. لەوێوە لە بەرامبەر فارسەکاندا کە بەر لەوەی بکرێنە مسوڵمان، پەیڕەوانی ئایینی زەردەشتی بوون، دەبوا بەرگری لە بڕوا ئایینییە تازەکەیان بکەن و پاشانیش لە دژی عەرەبەکان. لە سەدەی یانزەهەمدا ڕەگەز تورکەکان لە ئاسیای ناوەڕاستەوە هاتنە ناوچەکە. ئەرمەنەکان هەر وەکو یۆنانییەکان لە چوارچێوەی ئیمپراتۆریای عوسمانیدا نەتەوەیەکی کریستیان بوون.

(وینستۆن چەرچڵ)[12] کە بە تەواوی درکی بە ڕۆڵی کارەساتهێنەری خۆی کردبوو لە بڕیاری هێرشکردنی هاوپەیمانەکان لە دژی تورکیا، پاشان لە کتێبی (پاش کارەسات)[13]دا[14] دەنووسێت: «ئەگەری ئەوە یەکجار زۆرە هێرشی بەریتانی بۆ سەر نیمچەدوورگەی گالیپۆلی (gallipoli) ئەو هارییە بێبەزەییەی ڕژێمی تورکی ورووژاندبێ و بێدار بووبێتەوە". هەرچۆنێک بووبێت ئەو سەرکەوتنەی تورکەکان لە دەردەنیلدا بەسەر هێزە بەریتانی و ئوستورالییەکاندا بووە مایەی ئەوەی دڵڕەقی و بێویژدانییەکی نوێ بکات بەبەر لەخۆباییبوونی ڕژێمی تورکیدا. (تێبینیی نووسەر: هەر بۆ وەبیرهێنانەوە چارلیز دیکنز، ئەو سەربازەی کە بە دەستی خۆی ڕاگەیەنراوەکەی جەنەڕاڵ ستانلی مۆدی هێنایە خوارەوە و دڕاندی، کە لەگەڵ داگیرکردنی بەغداد، وەک نیشانەی سەرکەوتن بە دیواری ئەو شارەدا هەڵواسرا بوو؛ هەروەها سەربازێکی تریش بە ناوی فرانک ویڵز کە لە ١٩١٩دا باوکی منی لە ئیعدامکردن ڕزگار کردبوو، شایەتحاڵی ئەو جەنگە دۆڕاوە بوون، کە تیایدا بەشدار بوون).

بەو جۆرە ئەو ڕژێمە ڕۆژی ٢٤ی نیسانی ١٩١٥ی هەڵبژارد (ئەو ڕۆژەی کە لەو کاتەوە بۆ هەمیشە بووە ڕۆژی یادکردنەوەی

---

١٢ وەرگێڕ: وینستۆن چەرچڵ لە ماوەی یەکەمین جەنگی جیهانیدا وەزیری جەنگی بەریتانی بوو. لە جەنگی جیهانی دووەمدا سەرۆکوەزیران بوو.

١٣ نووسەر: لە راستیدا ئەو کتێبە بە هەمان ڕادەی لەبیرچوونەوەی کارەساتی ئەرمەنەکان، لەبیر چۆتەوە و کەس باسی ناکات.

14 Winston Churchill, the World Crisis: the after- thornton butterworth, London, math, 1927, p 405.

بەکۆمەڵکوشتنی ئەرمەنەکان)، بۆ دەستپێکردنی شاڵاوی گرتنی هەموو کەسایەتییە گرنگ و نـاوداره ئەرمەنەکانی ئەستەنبوڵی پایتەخت و بەکۆمەڵکوشتنیان. ئەو کوشتارە پرۆسەی قڕکردنی بەکۆمەڵ و سیستماتیکی هەموو گەلی ئەرمەنی لە تورکیادا بەدوادا هات.

لە سەرەتای بەهاری ١٩١٥دا سەربازە ئەرمەنەکان لە لەشکری عوسمانیدا، لە یەکە شەڕکەرەکان دوور خرانەوە و خرانە سەر بەتالیۆنەکانی ئیش. لە خانەی نابینایانی ئەرمەنەکان لە بەیروت نەڤارەت سۆریان (navarat saurian)ی ژنە تەمەن نەوەدویەک ساڵ، وێنەیەکی باوکی بەرز کردەوە: پیاوێکی قۆزی سەرنجڕاکێش، بە جلوبەرگی سەربازیی تورکیاییەوە. لە کاتی ئەو چاوپێکەوتنەدا لە ١٩٩٢، نەڤارەت نزیکەی بە تەواوی کەڕ ببوو. بە دەنگێکی تیژ و بەرز پێی وتم: "باوکم پیاوێکی عەجایب بوو. یەجگار ڕۆشنبیر بوو. کاتێک کە تورکەکان لە ١٩١٥دا هاتن خێزانەکەمان بەرن، ئەو هەڵسا و جلکە فەرمییە سەربازییەکەی خۆی لەبەر کرد و دایکیشم چەند نۆتێکی (نیشانێکی) ئازایەتیی لە بەرۆکی دا، تا وا دەربکەوێت پلەی بەرزی هەیە. هەر چوار مەدالیاکەی بە بەرۆکیەوە نابوو، کە وەکو سەرباز لەبەر ئازایەتییەکانی بە دەستی هێنابوون. ئەوجا پاش ئەو هەموو خۆگۆڕینە هەموومانی برد بۆ وێستگەی شەمەندەفەرەکەی کۆنیا (قۆنیە) و هەموومانی سەرخست و لەوێ ڕزگارمان بوو، بەڵام بۆ خۆی لەوێ مایەوە. ئەوەندەی پێنەچووبوو کە تورکەکان فێڵەکەی باوکمیان بۆ ئاشکرا ببوو. هـەر لـەوێ گوللەبارانیان کردبوو".

لە هەموو شار و گوندەکاندا پیاوە ئەرمەنەکان لە لایەن پۆلیسەوە دەستگیر دەکران و دەیانبردن، پاشان لە لایەن تیمی تایبەتیی ئیعدامکردنەوە گوللەباران دەکران و بەکۆمەڵ فڕێ دەدرانە ڕووبارەکانەوە.

کە چاوم بە (مەیرێنی کالۆسیان) (mayreni kaloustian) کەوت، تەمەنی هەشتاوهەشت ساڵ بوو، بوونەوەرێکی تێکشکاوی لاواز، کە سەروقژی لە لەچکێکەوە پێچابوو. کاتێک لە خانەی نابینایان لە بەیروت، چیرۆکە خەمناکەکەی خۆی بۆم گێڕایەوە، هەموو لەشی هەڵدەلەرزی، چیرۆکێک کە هەندە خەمناک و کاریگەر و خەفەتهێن بوو، لاوێکی ئەرمەنیی کارمەندی ئەو خانەیە کە گوێی دەگرت، خۆی پێ ڕانەگیرا و دایە پرمەی گریان.

"من خەڵکی -مووش-م. هەر کە بەفر دەتوایەوە، هەموو ساڵێک جۆمان دەچاند. باوکم (مانۆک تارۆیان) (manouk tarouian) و براکانم، خەریکی فەلاحەتی بوون. لەپڕ سەربازەکانی تورک هاتن. ئەوە ساڵی ١٩١٥ بوو. هەموو پیاوەکانیان بردە دەرەوەی گوندەکە. (لە ڕاستیدا شارۆچکە بووە و ئێستا شارێکی مامناوەندییە. - وەرگێڕ). نزیکەی هەزار کەس دەبوون و تەپێنرابوونە گەورێکەوە. بۆ ڕۆژی دواتر هەموویان برد، هەموو پیاوەکانی بنەماڵەکەمان، ئامۆزاکانم، براکانم، باوکیشم لەگەڵیاندا بوو. تورکەکان پێیان دەوتن: حکومەت پێویستی پێتانە. پاتاڵئاسا دایاننە پێش خۆیان و بردیانن. نەماندەزانی بەرەو کوێیان بردن. هەر ئەوەندەمان بینی ڕۆیشتن. ئێمە هەموومان حەپەسابووین و تووشی شۆک ببووین. دایکم (خاتوون) (khatoun) تاقیبی ئەوەی کرد چییان بەسەردا هاتووە.

لە نزیکی (مووش) شوێنێک هەبوو سێ ڕووبار پێکدەگەیشتن و بەژێر پردێکدا تێدەپەڕی. ڕووبەرێکی گەورەی پڕ لە ئاو و لمە. ئەو بەیانییە دایکم چووە ئەو ناوە و سەدان کەسی لە پیاوەکانی ئێمە بینیبوو لەسەر پردەکە بە ڕیز ڕایانوەستاندبوون، ڕوویان وەرگێڕابوو، هەر دوانیان بەرامبەر بە یەکتر. ئەوجا لەپڕ لەمسەر و ئەوسەرەوە سەربازەکان تەقەیان لێکردبوون. بۆی گێڕاینەوە کە ئەرمەنەکان هەر وەک فەردە کا بەسەر یەکتردا دەکەوتن. تورکەکان جلوبەرگەکانیان لە لاشەکان دادەکەند و پارە و شتی بەهاداریان دەخستە لاوە و دوای ئەوە لاشە بەدوای لاشەدا بە چوار پەل فڕێیان دەدانە ئاوەکەوە. بە درێژایی ئەو ڕۆژە پیاوانی خەڵکی مووشیان لەوێدا ڕیز کردووە و کوشتوویانن. ئەوە تا شەو هاتووە درێژەی کێشاوە. کاتێک کە دایکم گەڕایەوە لامان گوتی: پێویستە ئێمەش بگەڕێینەوە لای ڕووبارەکە و خۆمان هەڵدەینە ناویەوە...".

ئەوەی مەیرێنی لێرەدا باسی کردووە، تاوانێکی لابەلای جەنگ نەبووە، ئەوە کردەوەیەکی ڕۆژانەیی بووە. لای شیوی کەماغ (kemakh)، کوردەکان و هێزەکانی تیپی هەشتاوشەشی سوارەی تورکی، پتر لە بیست هەزار ژن و منداڵیان قەتلوعام کرد. (تێبینیی وەرگێڕ: لە هەر شوێنێکی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا ناوی کورد بە ئەرێنی یان نەرێنی هاتبێت، لە لایەن ئێمەوە هێڵی بەژێردا هێنراوە). لای پەتلیس تورکەکان لە یەک جێدا پتر لە نۆسەد ژنیان هەڵداشتە ناو ڕووباری دیجلەوە. کوشتارەکانی نزیک شاری ئەرزنجان بە ڕادەیەک بوو، هەزاران لاشە بەربەستێکیان لەسەر ڕووباری

فورات دروست کردبوو، ناچاریان کردبوو بۆ ماوەی سەد مەترێک ڕاڕەوی خۆی بگۆڕێت.

هێنری مۆرگنتهاو (henry Morgenthau)ی باڵیۆزی ئەمریکی لە ئەستەنبوڵ، کە جوو بوو، لە بروسکەیەکدا بۆ وەزیری کاروباری دەرەکی، پاش تێپەڕبوونی ماوەیەک بەسەر ڕووداوەکاندا نووسیویێتی: "ڕاپۆرتەکان کە لە ناوچە پەرت و جۆراوجۆرەکانەوە هاتوون، باس لە هەوڵێکی سیستماتیک (واتە ڕێکوپێک و نەخشەبۆکێشراو – وەرگێڕ) دەکەن، بۆ کۆچپێکردن و ئاوارەکردنی زۆرەملێی گەلی ئاشتیپەروەری ئەرمەن، گرتنی هەڕەمەکی و ئەشکەنجەدانی ترسناک، ڕاگواستنی بەکۆمەڵ لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تری ئیمپراتۆریاکە، کە بەردەوام هاوکات بووە لەگەڵ دەستدرێژی بۆ سەر ژنان، تاڵانکردن و کوشتن و سەرەنجام بە کوشتنی بەکۆمەڵ و برسیکردنی ئەو گەلە و قڕتێخستنیان گەیشتووە. ئەم کردەوانە کاردانەوەیەکی خۆبەخۆی خەڵکەکە، یان گرووپە دەمارگیرەکان نییە. (لەسەر بناغەی دەمارگیریی ئایینی لە دژی ئەرمەنەکان – وەرگێڕ) بەڵکو ئیستبدادێکی تەواوە و لە ناوجەرگەی ئەستەنبوڵەوە ڕێکخراوە و ئاڕاستە کراوە بە ناوی (پێویستە سەربازییەکان)ەوە، ئەویش لە ناوچەگەلێکدا کە هیچ پێویست ناکات ئۆپەراسیۆنی سەربازیی لەو چەشنەیان تیادا ئەنجام بدرێت[١٥].

[١٥] ڕاپۆرتە پەرتوبڵاوەکانی هەرێمەکان، تەلەگرامی جفرەکراوی مۆرگنتاو- بۆ (American spate department)، لە ١٠ی تەممووزی ١٩١٥دا، پاشان لە (U.S.A official records on the American genocide 1915- 1917)دا چاپ کراوە.

ڕۆژی دوای ئەوەی پیاوەکانیان بەو چەشنە لەسەر ڕووبارەکە کوشت، مەیرێنی کالۆستیان و (خاتوون)ی دایکی لەگەڵ خوشکەکانیدا (مەگاد) (megad) (دیلبار) (dilabar)، (هێریکۆ) (heriko) و (ئارزۆن) (arzoun)، سەرەڕای هەردوو براکەی (دریڤان) (drivan) و (فیریاد) (feryad)[١٦]، لەگەڵ تەواوی خەڵکە ئەرمەنەکانی تری ناوچەکە لە (مووش)ەوە کۆچیان پێ کرا و کەوتنە کۆڕەوی (کاروانی مەرگ)ەوە.

«ئێمە یەکەم جار لە عەرەبانەدا بووین، کە گاجووت ڕایدەکێشا. بەڵام دواتر دەبوا چەندین هەفتە هەر بە پێ بڕۆین. ئێمە زۆر زۆر بووین. هەزاران بووین. لە ڕێگا بۆ خۆراک و ئاو سواڵمان دەکرد. گەرماکەی بێئەندازە بوو. لە بەهاردا کۆچیان پێ کردین، بەڵام لانی کەم تا جەژنی سانت یاکوب (یەعقوبی پیرۆز) ڕانەوەستاین، کە دەکەوێتە مانگی دیسەمبەرەوە. لەو دەمانەدا من دوانزە ساڵان بووم. ڕۆژێکیان لە دایکم هەڵبڕام و لێک ون بووین. جارێکی تر هەرگیزاوهەرگیز نەمبینییەوە. یەکەمجار بەرەو (سێواس)یان بردین. لەو کاتانەدا ڕووسەکان هاتن، لەشکری قەیسەر گەیشتبوونە مووش و ئەو پردەشیان تەقاندبووەوە کە باوکمیان لەوێ کوشتبوو. ئێمە ویستمان بگەڕێینەوە بۆ مووش،

---

ئەوە لە لایەن ئارا سارافیان (Ara Sarafian)ەوە پێشەکی بۆ نووسراوە و کۆکراوەتەوە و لە لایەن ئەنستیتوتی گۆمیداسەوە لە پرینستۆن لە ٢٠٠٤دا چاپ و بڵاو کراوەتەوە). P51.

[١٦] وەرگێڕ: وەک دەردەکەوێت بەشێک لەو ناوانە کوردین، وەک نیشانەیەک بۆ تێکەڵی کۆمەڵایەتی و مێژوویی و کولتووریی هەردوو گەلی کورد و ئەرمەن. ناوچەی (مووش) بۆخۆی ناوچەیەکی کوردەوارییە.

بەڵام ڕووسەکان شکستیان هێنابوو. ئیتر براکانم، خوشکەکانم و خۆیشم تووشی کۆلێرا بووین. تەنها ئارزۆن و من نەبێت، ئەوانی تر هەموویان بەو دەردە تیاچوون. پاشان ئەویشم لەدەست چوو. منیان هێنایە خانەی هەتیوان. هەرگیز نازانیت ژیانمان چۆن بوو. تورکەکان ڕێگایان بە چەتە و ڕێگرەکان دەدا هەموو ئەو کارانە بکەن کە خۆیان ئارەزوویان لێبوو. کوردەکان بۆیان هەبوو کچۆڵە هەرە جوانەکان بۆ خۆیان بەرن. چاک بە بیرم دێ کە سەریان دەخستە سەر کۆپانی ئەسپەکان و دەیانبردن. منداڵانیشیان دەبرد. تورکەکانیش بۆ ئاو پارەیان لێ وەردەگرتین».

ئێستا ئەوە بە زۆری لەبیر چۆتەوە کە تورکەکان ڕەگەزێکی تری هاوئایینی خۆیان هان داوە لە تیمەکانی کوشتندا بەشداری بکەن. بەو جۆرە دەیان هەزار ئەرمەنی بوونە قوربانی لەسەر دەستی کوردەکان. (ئەویش هاوکات لەگەڵ دیمەنە بێکۆتاییەکانی دەستدرێژیکردن و ڕاوڕووتــــدا...)، ئـەو کـوردانـەی کە هەندە نـابـات وەکـو گەلێک دوای شـەسـت سـاڵ بـۆ خۆیشیان دەبنە قوربانیی هەوڵەکانی سەددام حوسێن بۆ جینۆسایدکردنیان. لە کەنارەکانی ڕووبـاری خاپووردا، نە چەندان دوور لە مەرغەدە، ژنە ئەرمەنەکانیان بە کورد و عەرەبە مسوڵمانەکان دەفرۆشت. ڕزگاربووانی کارەساتەکە دەگێڕنەوە پیاوەکان بیست قروشیان لە بری کچەکان داوە و تەنها پێنج قروشیان لەبری ئەو منداڵ و ژنانە دەدا کە پێشتر دەستدرێژی کرابووە سەریان. ئەو ژنانەی بەتەمەنتر بوون، زۆربەشیان بە منداڵی بەرمەمکانەوە، فڕێ دەدرانە ڕووبارەوە و دەخنکان.

# ٣

لە ١٩٩٢دا (سرپۆهی پاپازیان) (serpouhi Papazian)ی[١٧] بەتەمەنم لە گوندێکی سوریاییدا دۆزییەوە، کە ڕزگاربوویەکی کۆمەڵکوژییەکان بوو. بێوەژنی پیاوێکی عەرەبی مسوڵمان بوو، کە لە (دیرەلزور) لە مەرگ ڕزگاری کردبوو. ئەو گوندە کە لە کۆخی بچووک بچووک پێکهاتبوو، سەدوشەست کیلۆمەتر لە باشووری مەرغەدە و سێ کیلۆمەتر لە سنووری عێراقەوە دوور بوو. ئەوەندە نزیک بوو لەو سنوورە تا ئەو ڕادەیەی دانیشتوانەکەی لە ١٩٩١دا لە شەوانی سایەقەدا گڕی ئەو موشەکە (سکۆد)انەی سەدامیان بەسەر گوندەکەیانەوە دەبینی گوزەریان دەکرد، ئەویش کاتێک کە لەو نزیکانەوە لەناو خاکی عێراقەوە بەرەو ئیسرائیل دەهاوێژران. سرپۆهی پاپازیان پیرێژنێکی زۆر لاواز بوو، بەڵام زۆر چوست و چاپووک بوو. چاوەکانی گەش و بێ ددانیش بوو. بۆ خۆی وای دەزانی کە تەمەنی سەد ساڵە، کە لە ڕاستیدا نەوەدودوو ساڵان بوو. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو چیرۆکەی دەیگێڕێتەوە، لە

[١٧] وەرگێڕ: ناوی (سرپۆهی) لە بنەچەدا ناوی ژنە قەشەیەکی کریستیان بووە کە لە لای ئۆرتۆدۆکسەکان بە پیرۆز دانراوە.

سەرووی هەموو گومانێکەوەیە: «من خەڵکی تاکیردە (takirda)م کە بە سواری ئەسپ دوانزە سەعات لە ئەستەنبوولەوە دوورە. تەمەنم پانزە ساڵان بوو. تورکەکان هەموومانیان لە ماڵەکان دەرپەڕاند و خێزانەکەی ئێمەشیان لە کەشتییەکی سپیدا بار کرد، کە ئێمەی لە (کۆنیا- قۆنیە) (konya)وە بەرەو کەنار گواستەوە و لەوێشەوە بەرەو (حەلەب) چووین. من و دایکم (ڕەنۆهی (renohi)، باوکم (تاتیۆس) (tatios) پوورم (ئەزاز) (azaz)، خوشکەکانم (هارتووی) (hartoui) و (ئیڤا) (yeva) لەو ڕێگایەدا زۆریان لێدەداین و برسییان دەکردین. لە حەلەب دایکم و پوومم هەردووکیان بە نەخۆشی مردن. ناچاریان کردین بە تۆبزی هەموو ئەو ڕێگایە بەرەو (دێرەلزوور) لەژێر هەتاوی گەرمدا تەی بکەین. هەموومانیان برد بۆ ئۆردووگایەکی تورکەکان. هەموو ڕۆژێک تورکەکان دەهاتن و هەزارانیان لە ئەرمەنەکان بەرەو باکوور ڕادەگواست. باوکم چیرۆکی زۆر ترسناکی لە بارەی ئەو خێزانانەوە بیستبوو کە پێکەوە کوژرابوون. لەبەر ئەوە باوکمان دەستی کرد بە نەخشاندنی کورتکراوەی ناوەکانمان و ناوی خێزانیمان لەسەر مەچەکمان بە خاڵکوتان. ئەوەیش بۆ ئەوەی ئەگەر هاتوو لێکدابڕاین، پاشان یەکتر بدۆزینەوە.“

شوناسنامە لەسەر پێست بە خاڵکوتان! لە لای سرپۆهی پاپازیانی بەساڵاچوو ڕق و کینە نەبووەتە هاوزای بەکۆمەڵکوشتنەکانی تر. ئەو لە لایەن گەنجێکی عەرەبەوە ڕزگار کراوە و هەر وەک زۆر ژنی تری ئەرمەنی، کە پەناگەی ڕزگاربوونی خۆیان لە لای مسوڵمانە غەیرە تورکەکاندا (ئەوە ئاماژەیە بۆ عەرەبەکان و

کوردەکان - وەرگێڕ) دەبینییەوە، ئایینەکەشی گۆڕی و بوو بە مسوڵمان. ماوەیەکی زۆر دوای ئەوە ئاگادار کرایەوە، چی بەسەر خێزانەکەیدا هێنراوە.

«تورکەکان هەموویان لە دێرەلزوورەوە بەرەو باکوور ڕەوانە کردبوو بۆ ناو بیابانەکە. لەگەڵ زۆر کەسی تردا پەلبەست کرابوون. باوکم لەگەڵ خوشکەکانمدا، ئیڤا و هارتووی، لە تەنیشت یەکەوە لە مەچەکرا بەسترابوونەوە، ئەوجا دەیانبەنە سەر گرد و بانێک، کە پێی دەڵێن: (مارغەدە، یان مارجەدە)، کە نازانم کوێ بووە. هەڵیاندەدێرنە ڕووبارە قووڕ و لیتاوییەکەوە و بەو جۆرە هەموویان لەوێدا بەیەکەوە خنکاون».

دە ساڵ دوای هۆڵۆکۆستی ئەرمەنەکان، سەرپۆهی گەڕاوەتەوە لای گردەکەی مارغەدە، لە هەوڵێکدا بۆ دۆزینەوەی ئێسکوپرووسکی باوکی و خوشکەکانی. گوتی: «هەرچی ئەوەی لە ١٩٢٥دا لەو شوێنەدا بینیمەوە ژمارەیەکی بێئەندازە بوو لە پاشماوەی ئێسکوپرووسک و کاسەسەر کە بەسەر یەکتردا کەڵەکە ببوون. جانەوەری کێوی و سەگی بەرەڵا خواردبوونی. من تێناگەم تۆ بۆچی ئەزیەتت کێشاوە و هاتووی بۆ ئێرە و هەرچی من دەیڵێم لە دەفتەرەکەتدا دەینووسیتەوە؟».

هەر لەو شوێنەدا کە (بۆغۆس داکسیان)مان لەگەڵدا بوو، بە دەموچاوێکی گرژ و خەمبارەوە لە ناوەڕاستی ئەو هەموو ئێسک و کاسەسەرانەی سەر گردەکەی مارغەدە، داکسیان نزیکەی هەمان چیرۆکی گێڕایەوە. یەکێک لە کاسە سەرەکان کە بە توندی گرتبووی، لەناو دەستەکانیدا وەری و بوو بە خۆڵ. پێی گوتین:

«مەڵێن بەزەییت پێیاندا بێتەوە... بۆ ئەوان هەموو شتێک کۆتایی پێ هاتووە... بەسەرچووە».

سەرپۆهی پێشتر لە قسەکانیدا ئەوەی لە یاد مابوو، کە ڕووبارەکە ڕێک بە تەنیشتی گردەکەدا دەڕۆیشت. بەڵام ئیزابێل ئێلسن و من لە سەرەتاوە هیچ شوێنەوارێکی ئێسکوپرووسکمان لە کەنارەکانی ڕووباری خاپووردا نەبینییەوە. تەنها کاتێک کە سەر گردەکە کەوتین، لە سەرووی ڕێگا سەرەکییەکەوە، کە بەرەو دێرەلزوور دەچوو، نزیکەی دوو کیلۆمەتر لە دووری ئاوەکەوە بۆ ئەوەی سروشتی ناوچەکە لەبەرچاو بگرین، لە قووڵاییەکدا چاومان بە کەنارەکانی ڕووبارێکی وشکەوەبوو کەوت. بۆمان دەرکەوت کە ڕووباری خاپوور لەو حەفتاوپێنج ساڵەی ڕابردوودا، ڕاڕەوی خۆی پتر لە یەک کیلۆمەتر گۆڕیوە و بەرەو ڕۆژهەڵات خزاوە. هەر لەوێشدابوو کە بۆ یەکەمین جار ئیزابێل کەللەسەرەکەی دۆزییەوە. ئێمە لەوێ لەسەر ئەو شوێنەی گردە- بانەکە ڕاوەستابووین کە ئیڤا و هارتووی لەگەڵ باوکیاندا کوژرابوون. لەوێدا وام بە خەیاڵدا هات کە دەشێ خاپووریش هەر وەک ڕووباری فورات کە بەهۆی کەڵەکەبوونی کۆمەڵە لاشەکان لە بەردەمیدا ناچار ببوو ڕاڕەوی خۆی بگۆڕێت، ئەمیش بەهۆی پاشماوەی ئێسکوپرووسکی ئەو سەتان هەزار قوربانییە پێشی گیرابێ و لە ئەنجامدا ڕاڕەوی خۆی بەرەو ڕۆژهەڵات گۆڕیبێت. من گومانم لەوە نییە کە لە شوێنێکدا، لەناو گڵە تەنکەکەی مارغەدەدا، تاکو ئەمڕۆش لاشەی ئیڤا و هارتووی ڕاکشاون.

بەڵام کوشتنگەکان (واتە شوێنەکانی کوشتن)ی ئەرمەنی بەو بیابانانەی سوریادا پەرشوبڵاون. هەشتا کیلۆمەتر بەرەو باکووری ئەو شوێنە، بە ڕووکاری ڕۆژهەڵاتی گوندی (شەددای)یدا تووشی (ئۆشڤیتز)ێکی بچووک دەبین: ئەشکەوتێک کە لە کاتی ڕاگواستنی ئەرمەنەکاندا، سەربازە تورکەکان هەزارانیان تێتەپاندبوو. بۆغس داکسیان و من نە چەندان بە زەحمەت ئەشکەوتەکەمان لە ناوەڕاستی ئەو پەڵە زەوییەدا دۆزییەوە، کە ئێستا کێڵگەیەکی دەرهێنانی نەوتە لە سوریادا. دەمێک بوو بەشێکی ئەشکەوتەکە ڕما بوو، بەڵام دیاربوو کە دەبێ بە سینەخزێ بچینە ژوورەوە. هەر ئەوەشان کرد و بە یارمەتیی چەرخەکانمان، هەوڵمان دا لە دیوی ناوەوەی ئەو ئەشکەوتە شوومەدا ڕێگا بدۆزینەوە. بە دڵتەنگییەکەوە وەک پسپۆڕ و شارەزایەک، داکسیان گوتی: «ئا لێرەدا نزیکەی پێنج هەزار کەسی ئێمەیان کوشتووە. بە زۆر هەموویان تەپاندبووە ژوورەوە و لە زاری ئەشکەوتەکەشدا ئاورێکی مەزنیان کردبووەوە و بەو جۆرە پڕ ببوو لە دووکەڵ. لە ژوورەوە هەموویان خنکابوون. دەبێ تا ساتی مردنیان لە کۆخەکۆخ و تەنگەنەفەسیدا بووبن...».

بۆ ئێمە تەنها چەند چرکەیەکی خایاند تا دەستمان بەو شوێنەوار و وێرانە مێژووییە گەیشت. لێرەدا، لەم بیابانە سارد و وشکەدا، تورکەکان درزێکی ژێرزەمینیان وەک یەکەمین ژووری بەگازخنکاندن، لە سەدەی بیستەمدا بەکار هێناوە. پرنسیپی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا بۆ جێبەجێکردنی کوشتنی بەکۆمەڵ، بۆ یەکەمین جار لەم بیابانەی سوریادا، کاری پێ کراوە، ئەویش لەو دەروازە بەرتەنگەی ئەو ئەشکەوتە ژێرزەمینییە بێتاوانەدا، کە لە کونێکی سروشتی ناو ئەو بەردەڵانەدا هەڵکەوتووە.

شتی تریش لە ئارادا بوون. (ئەنوەر پادشا)ی وەزیری بەرگریی ئەو سەردەمانەی عوسمانییەکان[18] بە (هێنری مۆرگنتاو)ی باڵیۆزی ئەمریکیی وتبوو کە «ئەرمەنەکانیان بەرەو شوێنێکی تری حەوانەوە» ڕەوانە کردووە. ئەوەش هەر وەک هەڵوێستی نازییەکان وابوو کە دەیانوت: جووەکانی ئەورووپایان بەرەو ڕۆژهەڵات ڕەوانە کردووە، بە مەبەستی «نیشتەجێکردنەوە»یان. گشت کڵێساکانی ئەرمەنەکانیان ئاور تێبەردا، هەر وەک چۆن نازییەکانی ئەورووپا پەرستگاکانی جووەکانیان لەناوبرد. ژمارەیەکی زۆری ئەرمەنەکان لە کاتی گواستنەوەیاندا گیانیان لەدەست ئەدا، ئەویش لەناو ڕیزی ئەو کۆچپێکردنە بەکۆمەڵەدا، کە تورکەکان ناویان لێنابوو (قافیلە)، بە هەمان شێوەی جووەکانی ئەورووپا، کە پاشان بە تۆبزی دەخرانە ناو (کاروانەکانی گواستنەوە)وە بەرەو کەمپەکانی کۆکردنەوە. لە باشووری تورکیادا، تورکەکان عارەبانەی گواستنەوەی پاتاڵیان بۆ گواستنەوەی پیاوە ئەرمەنەکان بەکار دەهێنا بۆ ڕەوانەکردنیان بەرەو گۆڕە بەکۆمەڵەکانیان. تورکەکان زۆر زیرەکانە کوردەکانیان فریو دابوو و وەک (جەللاد)[19] بەکاریان

---

[18] نووسەر: کاتێک ئەنوەر پادشا لە شاری (ئەدیرنە) لە میانەی جەنگی بەڵقاندا، دەسەڵاتداری یەکەم بوو، هەزاران منداڵیان لە دایکەکانیان کردووە و ڕەوانەی داهاتوویان کردن. بە واتا، ڕەوانەی دواڕۆژیان کردن بە نیازی ئەوەی بەکۆمەڵ بکرێنە تاوانکار و بکوژ. (واتە بەو جۆرە پەروەردەیان دەکەن کە ببنە داردەستی ئەو دەسەڵاتە - وەرگێڕ). بۆ نموونە (ئەنوەر خۆجە)ی دیکتاتۆرە شێتۆکە بەزەبروزەنگەکەی ئەلبانیا، یەکێک بووە لەو منداڵانە. هەروەها (ئەنوەر سادات) ی دیکتاتۆرە سەنگین و هاوسەنگەکەی میسریش یەکێکی تر بووە لەو منداڵانە.

[19] وەرگێڕ: نووسەر زاراوەیەکی بەکار هێناوە هەم واتای (سەرپەڕێن) و هەم واتای (جێبەجێکەری ئیعدام) دەگرێتەوە. مەبەستی ئەوەیە کە کوردەکان لە تیمەکانی ئیعدام بەشدار بوون و بەشێکی ئەو کوشتنە بەکۆمەڵانەیان بە کوردەکان

دەهێنان هەر وەک چۆن پاشان لیتوانییەکان و ئۆکرانییەکان و کرواتییەکان لەلایەن نازییەکانەوە بەکار هێنران. تورکەکان خۆیان «ڕێکخراوی تایبەتی»یان دروست کردبوو[20] بۆ جێبەجێکردنی کۆمەڵکوژییەکان، ئەوەش نموونەیەکی پێشڕەو بوو بۆ «تیمەکانی چالاکیی تایبەتی»ی هیتلەریی- ئەڵمانی.

---

جێبەجێ دەکرد.

٢٠ تەشکیلاتی مەخسوسییە= teshkilat-i-makhsusiye.

## ٤

زانا و شارەزایانی ئەرمەنی، نەخشەیەکیان کێشاوە[٢١]، کە تێیدا زۆر بە وردی شوێنپێی ڕاگواستنە بەکۆمەڵەکانی گەلەکەی خۆیان هەڵگرتووە و نیشانیان داوە، ئەویش بە هەمان شێوەی ئەو نەخشەیەی ئەورووپای جووەکان کە هەموو هێڵە ئاسنینەکانیان تیادا نیشان داوە بەرەو (ئاشڤیتز) و (بیرکناو)، (ترێبلینکا)، (داچاو) و کەمپەکانی تری نازییەکان بۆ قڕکردنی بەکۆمەڵی جووەکان. ئەرمەنەکانی (سێواس) بەرەو (مەلاتییە) ڕاگوێزران، لەوێشەوە بەرەو (حەلەب)ی سوریا. یان لە (مووش)ەوە بەرەو (دیاربەکر) و لەوێشەوە بەرەو (ڕاسولعەین). یان لە ڕێگای (ماردین)ەوە بەرەو موسڵ و کەرکوک. ئەو نەخشەیە لە ڕاستیدا ڕەوتی هێڵی بەیانیی، یان (کێرڤی) ئازارچەشتنی ئەو کۆمەڵە مرۆییانە نیشان دەدات. هەندێک لەو کاروانانەی (ئـازار و ئەشکەنجە) و (زەلیلکردن)، سەرەتا سەد و پەنجا کیلۆمەتر ڕێپێوانیان پێ دەکـردن بەرەو

---

٢١ نووسەر: (زانایانی ئەرمەنی نەخشەیەکیان کێشا)، ناونیشانی بابەتێکە لە لاپەڕە (٩- ١٠)ی ڕاپۆرتی سالانەی ساڵی ١٩٩٨دا بڵاو کراوەتەوە، کە لە لایەن (ئینستیتوتی نیشتیمانی- ئەرمەنی)یەوە دەردەچێت.

حەلەب. لەوێشەوە سێسەد کیلۆمەتری تری دەخرایە سەر بەرەو (دێرەلزوور) لە ڕۆژهەڵات و لەوێشەوە جارێکی تر بەرەو باکوور و سنووری تورکیا بۆ ماوەی سەد و پەنجا کیلۆمەتر دەیانگێڕانەوە بە پێچەوانەی ڕەوتی ڕووباری خاپوور و هاوتەریبی (گردە- بان) ی مارغەدە. بەشێک لە ئەرمەنەکان لە کەنارەکانی سەر دەریای ڕەشـــەوە، یـان لـە بەشە ئـەورووپییـەکـەی تـورکـیـاوە کۆچێکی زۆر دووردرێـژیـان پێ دەکـرا بـەرەو بیابانی سـوری، تەنانەت هەندێکیشیان زۆر بەرەو خوارتر ڕەوانە دەکران بەرەو فەلەستین.

ئەوەی یەکسەر لەو دڕندایەتییە ڕەگەزییەدا سەرنج ڕادەکێشێت، هـەر تەنها ڕادەی دڕندایەتییەکە نەبوو، چونکە بیست ساڵێک بەر لەو کۆمەڵکوژیانەش نزیکەی دووسـەد هـەزار ئەرمەنی قڕ کرابوون، بەڵکو هەروەها سروشتی سیستماتیکانە (واتە ڕێکوپێک و نەخشەبۆکێشراوانە)ی ئەو هۆلۆکەستە بوو.

لـە ڕاسـتـیـدا ئــەوە سیاسەتێکی فـەرمـیـی دەوڵـــەت بـوو بۆ جێبەجێکردنی (کوشتنی ڕەگــەزی) لە کاتی جەنگدا، لە لایەن گرنگترین و باڵاترین سەرانی دەوڵەتەوە بەڕێوە چوو. ئەوانەی کە بە گوتەی مێژووناسێک «هەموو میکانیزمەکانی توندوتیژیی فەرمی و نافەرمییان لە چنگدا بـوو»[٢٢] هەر وەک جووەکانی ئەورووپا ژمارەیەکی زۆر ئەرمەنی هەبوون، کە خاوەنی شەهادەی باڵا بوون و ببوون بە پارێزەر، کارمەندانی پایەداری دەوڵەت، ڕۆژنامەوان و بازرگان و...تاد.

---

٢٢ نووسەر: (میکانیزمەکانی توندوتیژی): مارک مازوێر. بڕوانە: the London review of books , 8 februari 2001, p20, the G-word.

بە پێچەوانەی هۆلۆکۆستی جووەکانەوە (کە تارادەیەکی زۆر تا کۆتایی دووەمین جەنگی جیهانی هەر بە نهێنی مایەوە- وەرگێڕ)، هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی جینۆسایدی ئەرمەنەکانەوە لەسەر دەستی تورکەکان، جیهانی دەرەوە ئاگاداری لایەنە کردەییەکانی تاوانەکە بوو. لە ١٩١٥دا (بۆرغ گراف) (واتە لۆرد)[٢٣] جێمس برایس (james brayce) لەگەڵ ئارنۆڵد توینبی (Arnold Toynbee) ی لاودا[٢٤] فەرمانی ئەوەیان پێ درابوو ڕاپۆرتێک بۆ حکومەتی بەریتانی ئامادە بکەن. ئەنجامی کارەکەیان لەژێر ناونیشانی (ڕەفتار لەگەڵ ئەرمەنەکانی ئیمپراتۆریای عوسمانیدا، ١٩١٥-١٩١٦)[٢٥] لەگەڵ حەوسەت لاپەڕە لە ڕاپۆرتی شایەتحاڵەکانی کوشتنە بەکۆمەڵەکاندا، نەک هەر یەکەمین لێکۆڵینەوەی مێژوویی بوو لە بارەی کوشتارەکانەوە، بەڵکو هەوڵێکی زۆر جددیش بوو

---

٢٣ وەرگێڕ: (بۆرغ- گراف)ی هۆڵەندی بەرامبەر بە (ژێر- کۆنت)ی ئینگلیزییە وەک لەقەبێکی فەرمییە بۆ هەندێک کەس و بنەماڵە. ئەو زاراوە هۆڵەندییە کە ئێمە کتێبەکەمان لێوە وەرگێڕاوە، لە دوو برگە پێکهاتووە: (بۆرغ) بە واتای (خوار، یان ژێر) و (گراف) بە واتای (کۆنت)ی ئینگلیزی. بەو جۆرە ئەو نازناوە ڕێک بە واتای (خوار، یان ژێر کۆنت)، یان (پاش کۆنت)، واتە ئەو کەسەی وەک پلەی کۆمەڵایەتی، پلەیەک لە خوار (کۆنت)ەوەیە و پلەیەک لە سەرووی (بارۆن)ەوەیە. (بڕوانە: فەرهەنگی ڤان داڵە، ل ٥٨٥).

٢٤ وەرگێڕ: مەبەستی نووسەر لە مێژووناسی بەناوبانگی بەریتانییە، کە لە کاتی هۆلۆکۆستی ئەرمەنەکاندا فەرمانبەرێکی لاو بووە.

٢٥ ڕاپۆرتی حەوسەت لاپەڕەیی شایەتحاڵە چاوێنییەکان: the treatment of Armenians in the ottoman emoire: documents presented to viscount gery of fallodon bji viscount house of lord, London, Bryce, 2004. لەو چاپە تازەیەدا زانیاری پێویست و (ناو و شتی تر)ی کەسەکان بڵاو کراونەتەوە کە لە چاپەکانی پێشووتردا وەلا دەنران بە مەبەستی پاراستنی شایەتحاڵەکان لە تۆڵەسەندنەوە لە لایەن دەوڵەتی تورکیاوە.

بۆ دیاریکردنی ئەو تاوانبارانەی ئەو تاوانە دژەمرۆییانەیان بڕیار و ئەنجام داوە. بەشێکی زۆری شاهیدە چاوێنییەکان بریتی بوون لەو نێردراوە ئایینیانەی بە ڕەچەڵەک، ئەمریکی، ئیتاڵی، دانیمارکی، سویدی، یۆنانی و ئەڵمانی بوون، واتە سەر بە (ڕێکخراوە ناحکومییەکان)ی ئەو سەردەمە بوون. ئەوە سەرەڕای دیپلۆماتە بێگانەکانی سەر بەو وڵاتانە و دۆسییە دیپلۆماسییە جۆراوجۆرەکان[٢٦].

وا دیار بوو دیپلۆماتە ئەمریکییەکان بوێرییەکی تایبەتیان هەبووبێت وەک شایەتحاڵی چاوێنی. ئەوانە یەکەمین کەسانێک بوون کە هۆلۆکۆستی ئەرمەنەکانیان تۆمار کرد. ڕاپۆرتەکانیان کە لە ئەرشیفخانەکانی وەزارەتی کاروباری دەرەوەدا پارێزراون، تاوەکو ئێستاش دەچنە خانەی ئەو بەڵگەنامانەوە کە کەمترین گومانیان ناخرێتە سەر وەک شایەتییەک لە بارەی چارەنووسی ئەرمەنەکانەوە.

---

٢٦ نووسەر: (یەکگرتووی ئەنجیلۆ- ئەرمەنی) (association angelo-aar,enian) وەک لۆبییەکی بەهێز کە لە ساڵی ١٨٨٠دا لە لایەن (لۆرد برایس)ەوە دامەزرابوو، بە بەردەوامی ڕژێمی بەریتانی دەخستە ژێر فشارەوە بۆ ئەوەی داکۆکی لە مافی یەکسانیی ئەرمەنەکان بکات لە چوارچێوەی ئیمپراتۆریای عوسمانیدا. لە پاشکۆیەکی تایبەتیی بڵاونامەی ئەنجیلۆ- ئەرمەنیدا لە ئەپریلی ١٨٩٥دا (کە لە ئەرشیفی نووسەری ئەم دێڕانەدا هەیە) ڕاپۆرتێکی دڵتەزێن بڵاو کراوەتەوە لە بارەی ئەو کوشتارەی ئەرمەنەکانەوە کە لە (ساسۆن) ڕوویداوە. لەو پشتگیرینامەیەدا کە بە شێوازێکی ئەدەبیی بەرز لە لایەن (لۆرد گلادستۆن)ەوە نووسراوە، هاتووە: (قسەی ڕاگەیەنراوی تورکەکان کە زۆر ئەستەمە بگوترێنەوە، سەرتاپایان ناڕاست و بێبایەخن...) لە کۆتاییدا بانگەوازێک دەکات بۆ دامەزراندنی هێزێکی جەندرمە لەژێر فەرماندەیی ئەورووپادا بۆ پاراستنی (ئەرمەنییە کریستیانەکان). دیارە هاوئایینبوون پاڵنەری سەرەکی بووە بۆ ئەو هەست و هاوسۆزییەی ئەو بەریتانییە، نەک ڕەوشی کەمایەتیبوونی ئێتنیکی ئەرمەنی لەژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریای عوسمانیدا.

لێسلی دەیڤس (Leslie davis)ی کۆنە پارێزەری تەمەن سیوهەشت ساڵ[٢٧] (دیارە لە کاتی کۆمەڵکوژییەکاندا تەمەنی ئەوەندە بووە- وەرگێڕ)، کە کونسوڵی ئەمریکی بووە لە شاری خەرپووت (harput)، ڕاپۆرتێکی یەجگار ترسناکی تۆمار کردووە لە بارەی ئەو گەشتە دوورودرێژانەی بە سواری ئەسپ کردوونی، ئەویش بەناو ئەو شوێنانەدا کە مردووە ئەرمەنەکانی لێبوون. لە دەوروبەری گۆڵجەکمیر (goeljukmeer) و لە یەکێک لەو گەشتانەیدا و لە ماوەی بیستوچوار سەعاتدا "پاشماوەکانی ئێسکوپرووسکی نە کەمتر لە دە هەزار ئەرمەنی) بە چاوی خۆی بینیوە. لاشەکانی بە جۆرێک بینیوە کە لە خوار قەراخی بەرزاییە ستوونییەکانەوە هەڵداشترابوون و بەسەر یەکتریدا کەڵەکە ببوون، یان لە ئاوی ڕووبار و تێکەڵ بە لمی کەنارەکە ببوون، یان ئەو لاشانەی شیو و دۆڵە بەردەڵانییەکانیان پڕ کردبۆوە. "نزیکەی هەموو ژنەکان لەسەر پشت کەوتبوون و شوێنەواری ئەتککردنی دڕندانەی لاشەکانیان پێوە دیار بوو کە بە سەرەنێزەی شیر و خەنجەری جەندرمەکان کرابوون". لە میانەی گەشتێکی تریدا تووشی ژنێکی نیوەمردوو و نیوەزیندوو بووە. کاتێک نان و ئاوی پێشکەش کردووە "بە قیژە و هاوارەوە گوتوویەتی؛ دەیەوێت بمرێت". مامۆستایەکی دانشگا کە ناوی (دۆنابێد لۆلەجیان) (donabed lulejian) بوو و ڕەچەڵەکی ئەرمەنی بوو، کاتی خۆی لە لایەن (لێسلی دەیڤس)ەوە ڕزگار کراوە،

---

[٢٧] بڕوانە: (لێسلی دیڤس، کۆنە پارێزەری تەمەن سیوهەشت ساڵ). لە کتێبەکەی باڵاکیان (دیجلەی گڕگرتوو)دا بڵاو کراوەتەوە: balakian, burning tigris, p241- 249.

ئەویش بە کۆڵانەکانی گوندێکدا تێپەڕیوە کە پڕ بووە لە لاشەی پیاو و ژن و منداڵانی ئەرمەنی. پاشان ئەو مامۆستا ئەرمەنییە باسێکی سۆزورووژێنی نووسیوەتەوە بە ناونیشانی (ئازار و کەرامەت) کە بە وتەی (پیتەر بالاکیان) (peter balakian)ی مێژوناسی ئەمریکی نووسراوێکی بەرەکەتە بۆ ئەو مێژووە. لەوێدا نووسراوە (لە شێوەی قەسیدە- وەرگێڕ):

**«... لانی کەم چنگێک خۆڵ بۆ ئەو لاشانەی کوژراون**
**بۆ ئەو ئێسکوپرووسکانەی بەدەرەوەن!**
**تەنها چنگێک خۆڵ... زیاتر نا**
**بۆ ئەو مردووانەی داوای هیچ هەقێک ناکەن (...)**
**ئێمە خۆشیمان بەو لاشانەی خۆشەویستانمان**
**نایەت خەڵکی تریان پێ بناسێنین، ئەو لاشانەی**
**جرِوجانەوەر لێیان تێر بوون**
**چاوەکانیان، ئەو چاوە هەرە جوانانەیان کرم لێی داون**
**گۆناکانیان، ئەو گۆنایانەی هی ئەوەن هەر ماچیان بکەیت،**
**کەڕوو... ئا... کەڕوو لێیداون،**
**لێوە هەنارییەکانیان بوونەتە خۆراکی خشۆکەکان**
**ئەوان ڕاکشاون...**
**لەو هەرد و کێوانە ڕاکشاون**
**نەنێژراون...**
**نەخراونەتە ژێر مشتێک خۆڵەوە،**
**جێهێڵراون،**
**کرم و دووپشک تێیداون...**

**چاوەکانیان بەتاڵن**
**ڕوویان ترسناکە لەناو ئەو هەموو بۆگەنەدا**
**بۆنێک وەک بۆنی قەسابخانە (...)**
**ژنانێک هۆ لەوێ ڕاکشاون،**
**مەمکانیشیان بەدەرەوەن**
**دەست و قاچیان ڕووتوقووت**
**ئاخ بۆ تەنها مشتێک خۆڵ**
**تا ناموسیان داپۆشێ!**
**(...)**
**ئای خودایە...**
**تەنها داوای مشتێک خۆڵ دەکەین بماندەیتێ...».**

## ٥

### تا ئێرە

لایەنێک لە شایەتحاڵەکانی کۆمەڵکوژییەکانی ئەرمەنەکان، ئەڵمانەکان بــوون[٢٨]، چونکە ژمــارەیــەک ئــەفســەری لەشکری قەیسەری ئەڵمانی بۆ ماوەیەک ڕەوانــەی تورکیا کرابــوون بۆ یارمەتیدانی لەشکری عوسمانی بۆ سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی لەشکرەکە. یەکێک لەوانە (ئارمین ڤێگنەر) (armin wegner) ی پسپۆڕی برینپێچی بوو بە پلەی ئەفسەری دووەم. ناوبراو بە سەرپێچی و بە پێچەوانەی فەرمانی فەرماندەکەی، کە فیلد مارشاڵ (موشیر) ڤۆن دەر گۆڵتز (von der goltz) بوو، ڕەفتاری کرد و سەدان وێنەی قوربانییە ئەرمەنەکانی لە کامپەکانی (ڕاسولعەین) و (ڕەققە) و (حەلەب) و (دیرەلزوور)، بۆ مێژوو، گرت. تا ئەم ڕۆژگارەش ئەو فۆتۆ ترسناکانەی مردووەکان و ئەوانەشی لە گیانەڵڵادا بوون، پڕبایەخترین دۆکۆمێنتن لە بارەی تاوانەکەوە. لە لایەکی ترەوە ئەڵمانەکان سەرقاڵی دامەزراندنی تۆڕی هێڵە ئاسنینەکانی تورکیا بوون و بە چاوی خۆیان ئەوەیان دەبینی،

---

٢٨ (هەروەها ئەڵمانەکانیش پێوەندییان هەبوو...) بە واتا، ئاگاداری ڕووداوەکان بوون. بڕوانە سەرچاوەی پێشووتر: ibid, p191.

کە چۆن فارگۆنی گواستنەوەی پاتاڵ بۆ یەکەمین جار بەکار هێنراون بۆ گواستنەوەی خەڵکەکە. نەوەد کەسیان دەتەپاندە ناو یەک فارگۆنەوە و بەو هێڵانەی شەمەندەفەر ڕەوانەی (ئانادۆڵیا) و (بەغداد)یان دەکردن، ئەوەش نزیکەی هەمان ژمارەی ئەو کۆمەڵە خەڵکە بوون (واتە جووەکان)، کە پاشان ئەڵمانییەکان دەیانتەپاندنە ناو فارگۆنەکانی خۆیان بەرەو کەمپەکانی نازییەکان. (فرانز گۆنتەر) (franz Gunther)ی نوێنەری بانکی ئەڵمانی لە کۆنستانتیپۆل (ئەستەنبوڵ)، –ئەو بانکەی لە باری داراییەوە پرۆژەی دامەزراندنی هێڵەکانی شەمەندەفەری تورکی لە ئەستۆ گرتبوو– یەکێک لەو فۆتۆیانەی کە گواستنەوەی خەڵکەکەیان نیشان دەدا، نارد بۆ بەڕێوەبەرەکەی خۆی وەک نموونەیەکی ئەو "دڕندایەتییە نامرۆییە"ی ڕژێمی عوسمانی.

ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمەی جیهان، بە تایبەتی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، بەیاننامە و ڕیپۆرتاژ و وتاری زۆریان لە بارەی کۆمەڵکوژییەکەوە بڵاو کردووەتەوە. هەر لە سەرەتاوە ڕۆژنامەی "the newyork times"[٢٩]، بەوە خۆی لە ڕۆژنامەکانی تر جیا کردبووەوە، کە ڕاپۆرتی ڕۆژانەی مەیدانیی بڵاو دەکردەوە و ڕاستییەکانی کوشتارەکان، دەستدرێژییەکان، دەستگرتن بەسەر موڵک و ماڵ و قڕکردنی بەکۆمەڵی ئەرمەنەکانی

---

٢٩ هەر لە سەرەتاوە the new York times، خۆی جیا کردبووەوە، واتە تایبەتمەندیی خۆی هەبوو. بڕوانە:

The Armenian genocide: news accounts from ed. Richard D. Kloian, 1915- 1922, the American press (Armenian genocide resource center of northeren, California, 2000).

ئاشکرا دەکرد. یەکەمین وتار لەو بارەیەوە لە ژمارەی «٢٩»ی نۆڤەمبەری ١٩١٤دا[٣٠] بە ناونیشانی «دەمارگیرەکانی ئەرزەڕۆم، کریستیانەکان دەکوژن»، بڵاو کردووەتەوە. نامەی ناڕەزایی (مۆرگێنتهاو)ی باڵیۆزی ئەمریکی بۆ حکومەتی تورکی، لە ٢٨ی ئەپریل- نیسانی ١٩١٥دا لەژێر ناونیشانی «بانگەوازێک بۆ تورکیا بۆ ڕاگرتنی کۆمەڵکوژی» بڵاو کراوەتەوە. لە ٤ی ئۆکتۆبەری هەمان ساڵدا، لە وتاری سەرەکی (the newyork times)دا ئاماژە بۆ "دەستپێکردنی کارەساتی تۆقێنەری ناو ئەرمەنەکان" کراوە، کە بە دوایدا نامەیەکی دوورودرێژ بڵاو کراوەتەوە لە بارەی وردەکارییەکانی دڕندایەتییەکان، دەستدرێژییەکان، ڕاگواستنەکان و کوشتنی منداڵانەوە. لە ٧ی ئۆکتۆبەردا لە لاپەڕەی سەرەکی ڕۆژنامەکەدا ناونیشانی "بەپێی خەمڵە سەرەتاییەکان (٨٠٠٠٠٠) هەشتسەد هەزار ئەرمەنی لەناو بران. دە هەزاریش لە هەمان کاتدا خنکاون"، دەبینرێت. بیرەوەرییەکانی (مۆرگێنتهاو)، نامەکانی (برایس) بۆ (خانەی لۆردان)ی بەریتانی ناوبانگێکی یەکجار زۆریان لەو بارەیەوە هەیە.

لە لایەکی ترەوە لە ڕۆژنامەی (the nation)ی ئەمریکیدا زنجیرەیەک وتاری زۆر بەهێزی (دەستەی نووسەران) بڵاو کراونەتەوە، کە لە کۆتاییەکەیدا داوا و بانگەوازێکی ئاڕاستەی (بەرلین) کردووە (دیارە تا ئەو کاتە ئەمریکا نەچووبووە جەنگەوە لە دژی بەرەی ئەڵمانیا و بێلایەن بوو...) بۆ ئەوەی کۆتاییەک بەو

[٣٠] واتە نزیکەی شەش مانگ بەر لە دەستپێکردنی فەرمیی جینۆسایدی ئەرمەنەکان، کە لە ٢٤/ ٤/ ١٩١٥دا دەست بە جێبەجێکردنی کراوە. (وەرگێڕ).

کوشتارانە بهێنرێت کە تورکیای هاوپەیمانی ئەڵمانی کردوونی. هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە چیرۆکەکانی کوشتنە بەکۆمەڵەکان لە ژمارەکانی مانگی حوزەیرانی ١٩١٩ی ڕۆژنامەی (the new York times)دا بڵاو کراونەتەوە. بۆ نموونە لە ژمارەی ڕۆژی ١ی حوزەیرانی ڕۆژنامەکەدا ئەم تایتڵە بەرچاو دەکەوێت: "کچۆڵەیەکی ئەرمەنی باسی کوشتارە خوێناوییەکان دەگێڕێتەوە". تەنانەت لە شاری (هالیفاکس)ی کەنەدییش[٣١] لە ڕۆژنامە لۆکاڵییەکاندا ڕاپۆرتی هەفتانەی مەیدانی لە بارەی جینۆسایدەکەوە بڵاو کراوەتەوە. سەرجەمی ئەو ڕیپۆرتاجانە لە بارەی بەکۆمەڵکوشتنی ئەرمەنەکانەوە، کە لەو ڕۆژنامەیەدا (هالیفاکس هیرالد) بڵاو کرابوونەوە. پاشان کۆکراونەتەوە و لە کتێبێکی (٣٥٢) لاپەڕەییدا چاپ کراون.

زۆر بە دەگمەن ڕێکدەکەوێت ئەو هەموو بایەخە بە پاکتاوکردنێکی ڕەگەزی و کوشتنێکی بەکۆمەڵ بدرێت. دیبلۆماتە بەریتانییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا چیرۆکی کوشتارەکانیان لە دەستی یەکەمەوە پێگەیشتووە (واتە لە شایەتحاڵە ڕاستەوخۆکانەوە، نەک لە ڕێگای گێڕانەوەی دەم بە دەم – وەرگێڕ). خانم بێل (bell)[٣٢]، کە پاشان پلە و پۆستی (oriental secretary) (سکرتێری کاروبارەکانی

---

٣١ «تەنانەت لە شاری (هالیفاکس)ی کەنەدیشدا» بڕوانە: heralding of the Armenian genocide: reports in: (the Halifax herald by katia minas pettekian, (Armenian cultural 1922- 1984, 2000, association of the Atlantic provinces.

٣٢ «لە شاری بەسرای ئەوسای عوسمانییەکانەوە...» بڕوانە: H. V. F, winstone, Gertrude bell (London, barzon publishing, p. 276- 277, 2004).

ڕۆژهەڵات)ی بەریتانیای مەزنی وەرگرت، لە شاری (بەسرە)ی ژێر دەسەڵاتی ئەوسای عوسمانییەکانەوە ڕاپۆرتێکی پڕ لە زانیاریی لە بارەی تاوانکارییە جێبەجێکراوەکانەوە پێشکەش کردووە، ئەویش لەسەر زاری سەربازێکی تورکییەوە کە بە دیل گیرابوو:

"بەتالیۆنەکەمان لە ٣ی شوباتدا شاری حەلەبی بەجێهێشت و پاش دوانزە سەعات گەیشتە (ڕاسولعەین) (...) نزیکەی دوانزە هەزار ئەرمەنی لەوێ بوون، گوایە لەژێر چاودێریی چەند سەد کوردێکدا بوون. ئەو کوردانە ئەگەرچی ناوی جەندرمەیان لێنرابوو، بەڵام لە ڕاستیدا جەللادی ئاسایی بوون (لە ئەسڵی گێرانەوەکەدا دەڵێ: قەسساب). هەندێک لەو کوردانە فەرمانی ئاشکرایان پێ درابوو، کە ئەرمەنەکان لە شوێنی جیاجیاوە بۆ مەبەستی جۆراوجۆر بگەیەننە شوێنی خۆیان، بەڵام ژێربەژێر و بە نهێنیش فەرمانی ئەوەیان پێ دراوە، پیاوەکان، منداڵەکان و ژنە بەتەمەنەکان بکوژن. (...) یەکێک لەو جەندرمە ناسراوانە خۆی دەیوت؛ بە دەستی خۆی سەد پیاوی ئەرمەنیی کوشتووە (...). ئەو ئەمباراوە وشکەی ناو بیابانەکە و ئەشکەوتەکان پڕ کرابوون لە لاشە (...).

ئەفسەرە تورکەکانی بەتالیۆنەکە بە بینینی ئەو دیمەنەنانە تووشی حەپەسان و شۆک بوون و مەلای فەوجەکەمان کە بەسەر چەند لاشەیەکدا کەوت، دەستی کرد بە دوعاخوێندن و پاشان وتی؛ سزای خودایی ئەو مسوڵمانانە ناگرێتەوە کە ئەم کارانەیان کردووە. (لە دەقی قسەکانی سەربازەکەدا، کە لەسەر زمانی مەلاکەوە دەیگێڕێتەوە، گوایە وتراوە؛ ئەم تاوانانە، نەک ئەم کارانە). ئەوجا مەلا لەگەڵ دوعا و پاڕانەوە و ڕاگەیاندنی تۆبەی شەخسیدا،

چوو بۆ یارمەتیدانی هەڵدانەوەی سێ گۆڕ (...). هیچ پیاوێک نییە لە دوای بینینی ئەوەی (ڕاسولعەین)ەوە بتوانێت تەماشای لەشی ئافرەتێک بکات بەبێ ئەوەی ئەو ئازاردراوە ئەتککراوانە نەیەنەوە بەرچاوی، ئەویش لەجیاتی ئەوەی ببنە سەرچاوەی هێزێکی بکێش (مەبەستی لەشی ئاسایی ئافرەتی زیندووە...)»[٣٣]

[٣٣] وەرگێڕ: من هیچ گومانم لەوەدا نییە کە ئەو کوردانەی وەکو (مورتەزەقە) لە ڕیزەکانی جەندرمە و لەشکری عوسمانیدا بوون، بە ڕادەی جیا جیا بەشدار بوون لە جێبەجێکردنی تاوانەکانی لەناوبردنی بەکۆمەڵی ئەرمەنەکاندا، هەر لە گرتن و کۆکردنەوە و تاڵانکردن و دەستدرێژیکردنی سێکسی و ئەتککردنی ژنان و منداڵانەوە تا دەگاتە بەشداریکردن لە کوشتنی مەیدانیی قوربانییەکان. ئەوەش هەر وەک ئەنفالچییەکانی لای خۆمان، کە بەشداریی ڕاستەوخۆیان لە جێبەجێکردنی ئەنفالەکاندا کردووە، بەڵام بە ڕەچاوکردنی ئەو ڕاستیانەی کە ئەنفالچییەکانی لای خۆمان کوشتنی قوربانییەکانیان لە ڕووی مەیدانییەوە ئەنجام نەداوە، هەروەتر نەبیستراوە دەستدرێژییان کردبێتە سەر ژنان و منداڵان، یان ئەتکیان کردبن، چونکە ئەرکی سەرەکیی ئەنفالچییەکانی لای خۆمان بریتی بووە لە کۆکردنەوە و ڕادەستکردنی قوربانییەکان لە بەردەستی لەشکری فەرمیدا، نەک کوشتنی قوربانییەکان. لە لایەکی ترەوە ئەوەیان بە تەواوەتی جێگای گومانە کە گواستنەوەی ئەرمەنەکان و سەرپەرشتیکردنی کەمپێکی گەورەی لەو چەشنەی (ڕاسولعەین) و لە ئەنجامدا هەموو تاوانە مەیدانییەکان بەو چەند سەد جەندرمە کوردە سپێردرابیت و (بە قسەی هەڵبەستراوی ئەو سەربازە دیلە تورکە گوایە تورکێکی تێدا نەبووبێت). لەو گێڕانەوە چەواشەکارییەدا دیسانەوە هیچ گومانم لەوەدا نییە، کە ئەوە شێوازی هەموو ڕەگەزپەرستێکی تورکە، کە لەو سەردەمەوە تاوەکو ئێستاش تاوانەکان دەخەنە ئەستۆی کوردەکان، لە حاڵێکدا ڕاستییە دۆکۆمێنتاری و مێژووییەکان ئەوە دەسەلمێنن کە هەموو نەخشە و پلانەکان لە لایەن باڵاترین دەسەڵاتی عوسمانییەوە داڕێژرابوون و بڕیاری جێبەجێکردنیان درابوو. لە باری مەیدانیشەوە ئەوە هێزە چەکدارەکانی دەوڵەتی عوسمانی تورکی بوون کە جێبەجێکردنی هەموو تاوانەکانی بە فەرمی لە ئەستۆدا بووە و بەوپەڕی دڵڕەقییەوە ئەنجامیان داوە، کە دیارە مورتەزەقەی کوردیش لە بەردەستیاندا بەشدار بوون. هەر ئەم کتێبەش ئەو ڕاستییەی سەرەوەی بە ڕوونی و زانستیانە ئاشکرا کردووە و هەموو تاوانەکانیان خستۆتە ئەستۆی دەسەڵاتدارانی ئەو

هـەروەهـا پـاش ئـەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان بـەشداری جەنگی کرد[٣٤] دیپلۆماتە ئەمریکییەکان بەردەوام بوون لە نووسینی ڕاپۆرتەکانیان لە بارەی کۆمەڵکوژییەکانەوە، لەوانە (جەی. بی. جاکسۆن) (J. B. Jacson)ی قونسوڵی پێشووی ئەمریکی لە (حەلەب) لە حوزەیرانی ١٩١٥دا ڕاپۆرتێکی لە بارەی کۆمەڵێک ژن و منداڵەوە نووسیوە، کە پتر لە هـەزار کەس بـوون[٣٥] و لە (خەرپووت)ەوە ڕادەستی کوردەکان کرابوون:

«ئـەو کـوردانـە بـە سـواری ئەسپەکانیانەوە جوانترین ژن و کچ و منداڵیان دەستنیشان دەکـرد و هەڵیاندەبژاردن (...). بەر لـەوەی هەڵبژاردنەکان و جیاکردنەوەی هەڵبژێردراوەکان (یان دەستنیشانکراوەکان) تەواو بێت و بیاندەنە پێش خۆیان و بەپەلە بیانگوازنەوە، جلوبەرگەکانیان بەو ژنانەی مابوونەوە دادەکەند و ناچاریان دەکردن پاشماوەی ئەو ڕێگا دوورودرێژە بە ڕووتوقووتی ببڕن. شایەتحاڵەکانی ئەو تاوانکارییە بۆ منیان گێڕایەوە کە پتر لە (٣٠٠) سێسەد ئافرەت بەو حاڵەوە گەیشتنە (ڕاسولعەین)، قژیان لەبەر بادا بە جۆرێک ئاڵۆزکابوو، وەک ئاژەڵی کێوییان لێهاتبوو، ئەوەش پاش ئەوەی ڕێگایەکی شەش ڕۆژییان

---

سەردەمەی دەوڵەتی تورکی- عوسمانی، وەک داڕێژەری نەخشە و پلانی کۆمەڵکوژییەکانی ئەرمەنەکان و بڕیاردەری جێبەجێکردنی تاوانەکان. لە ڕووی مەیدانیشەوە بەو جۆرە بووە کە ئاماژەمان بۆ کرد و نووسەریش (ڕۆبەرت فیسک) لە توێی لێکۆڵینەوەکەیدا بێلایەنانە ئاماژەی بۆ کردووە...»

٣٤ وەرگێڕ: مەبەست لە یەکەمین جەنگی جیهانییە کە هاوپەیمانەکان (بە ئەمریکاوە) لە دژی ئەڵمانیا و نەمسا و تورکیا تیایدا بەشدار بوون.

35 United states official records of the Armenian genocide, p587.

لەژێر هەتاوێکی سووتێنەردا تەی کردبوو (...). هەندێک لەو ڕاگواستراوانە خۆیان بە شەخسی هاتنە قونسوڵخانە لە (حەلەب) بۆ ئەوەی لەشی خۆیانم نیشان بدەن، کە چۆن لەبەر ئەو هەتاوە گەرمەدا، زەیتوونی هەڵگەڕابوون. هەروەها پەڵەی شینەوەبووی شوێنەواری بە قامچیلێدانیان پێوە دیار بوو، بەشێکیشیان برین بە سەر و لەشیانەوە بوو (...).

لە لایەکی ترەوە هۆڵۆکۆستی ئەرمەنەکان، لە دووتوێی ژمارەیەکی زۆر نامەی شەخسی و تایبەتی و لە بیرەوەرییە ڕۆژانەییەکانی زۆر کەسی ئەورووپیدا باس کراوە. (بەشێکی ئەو نامە و بیرەوەرییانە هەرگیز بڵاو نەکراونەتەوە)، کە لە کاتی جێبەجێکردنی تاوانەکاندا، لە باشووری تورکیا و باکووری سوریای عوسمانیدا بوون.

ئەمەی خوارەوە نموونەیەکە لەوانە، کە بریتییە لە بڕگەیەک لە گێڕانەوەیەکی دوورودرێژ و لە لایەن (کایرل بارتەر) (Cyril barter)ەوە نووسراوە[٣٦]، کە بازرگانێکی بەریتانی بوو و لە ١٩١٥دا لە عێراقەوە دوور خرابووەوە و لەژێر چاودێریی پاسەوانی چەکداری تورکیدا هێنرابووە (حەلەب).

«دەتوانم ئەوە بڵێم ئێمە لە باشووری (دێرەلووز)دا، بە دووریی دوو ڕۆژ ڕێگا لەو شوێنەوە، یەکەمین کۆمەڵە خەڵکی ئەرمەنییە

---

٣٦ «گێڕانەوەیەکی دوورودرێژ کە لە لایەن کایرل بارتەوە نووسراوە»، لەو دەستنووسانەوە وەرگیراون کە کوڕی ناوبراو (ئەنتۆنی بارتەر) لە ٢٣ی حوزەیرانی ٢٠٠٤دا بۆی ناردووم لەژێر سەردێڕی:

Barters “account of experiences during the war, written from Baghdad in 1919”.

ئاوارەکانمان بینی و بۆ ماوەی سێ مانگی تریش هەر لەوێدا تووشیان دەبووینەوە. ئەو دۆخە پڕ لە مەترسییەی ئەوانی تیابوو بە نووسین وەسف ناکرێت. بە کورتییەکەی؛ پیاویان لە تەمەنی شانزە ساڵانەوە تا شەست ساڵان لەناودا نەبوو. دیارە هەموو ئەو خێزانانە کاتێک لەماڵەکانیان دەرکرابوون و دوور خرابوونەوە، پیاوەکانیان لەناودا بوون. ئەو ئاوارانە، یان ئەوانەیان کە هێشتا لە ژیاندا مابوون، بریتی بوون لە پیرەمێرد و پیرەژن و منداڵان، کە هەموویان وردەوردە لە برساندا و بە نەخۆشی ڕوو لە مردن بوون، چونکە ئەمانە لەنێوان سێ مانگ بۆ شەش مانگ ماوەیان لە گوندەکانیانەوە بۆ ئەو شوێنە بڕیبوو، ئەویش بەو دەشتودەر و بیابانەدا بەبێ خۆراک و ئاوی خواردنەوەی پێویست (...). ئەو دیمەنانە تاکو ئێستاش لێم بوون بە مۆتەکە و لێم نابنەوە».

کایرل بارتەر دوای ماوەیەکی تر ڕاپۆرتێکی دوورودرێژ لەو بارەیەوە پێشکەش بە کۆمیتەی برایس دەکات. (ئەو ڕاپۆرتە لە لایەن هەمان کۆمیتەوە بەبێ ناوی نووسەرەکەی لە کاتی خۆیدا چاپ و بڵاو کراوەتەوە)، کە تێیدا ئەوە دەگێڕێتەوە چۆن عارەبانەیان لە (حەلەب)ەوە دەبرد بۆ ئەوەی لاشەی ئەرمەنییە مردووەکانیان بەکۆمەڵ پێ بگوازنەوە. «لاشەکان هەر وەک فەردە خەڵووزی بەردین، فڕێ دەدرانە سەر یەکتری...». هەروەها (بارتەر) شایەتحاڵی گواستنەوەی بەکۆمەڵی قوربانییەکانیشە بە شەمەندەفەر و باسی ئەوەش دەگێڕێتەوە کە چۆن تورکەکان ئەرمەنەکانیان لە شوێنی ژیانیان دەردەپەڕاند و... «بەرەو وێستگەکانی شەمەندەفەر دەیاندانە پێش خۆیان و هەر وەکو پاتاڵ

دەیانپەستاندنە فارگۆنەکانەوە و بەرەو دیمەشق و شوێنانی تری وەک حیجاز ڕەوانەیان دەکردن».

دیلێکی جەنگی بەریتانی لە تورکیادا بە ناوی (ئی. ئێچ. جۆنز)ەوە، کە ئەفسەری دووەم بووە، زۆر بە چاکی بیرەوەرییەکانی لە بارەی چارەنووسی ئەرمەنەکانی نیشتەجێی (یۆزگات)ەوە یاداشت کردووە، کاتێک کە خۆی لەو نزیکانە لە کەمپی دیلەکانی جەنگدا بووە.

نووسیویەتی: «کوشتارەکە لە شوێنێکدا ئەنجام دراوە[٣٧]، کە نزیکەی بیست کیلۆمەتر لە شارەکەوە دوورە. لەناو ئەو پاسەوانانەی بەسەر ئێمەوە بوون کەسانێکیان تیادابوو کە تا ئەوەندەی دەستیان شل و ماندوو بووە، پیاوانی ئەرمەنی و ژنان و منداڵانیان کوشتووە. لەناو خۆیاندا زۆر شانازییان بەو کارەوە دەکرد. ئەوانە لە زۆر ڕووەوە (یان لە ڕووکەشدا)، هیچ بە خەڵکی شەڕەنگێز و خراپ نەدەچوون». لە ١٩٢٣دا خوێندکارێکی لاو بە ناوی (جۆن دی کۆرسی ئێرلاند) (Jone de Courcy Ireland)، کە پاشان وەک نووسەرێک لە بواری گەشتی دەریایی و مێژوودا ناوبانگی دەرکرد، سەردانێکی کۆشکی (گاندۆلفۆ) (Gandolfo)ی دەرەوەی شاری (ڕۆما)ی کردبوو و لەوێدا چاوی بە کۆمەڵێک منداڵی ئاوارەی ئەرمەنی کەوتووە و بەم جۆرە باسیان دەکات:

---

٣٧ «کوشتارەکە لە شوێنێکدا ڕوویدا...»، بڕوانە:
E. H. Jones, the road to En- Dor, (London, white lion pulishers, 1973), p.83.
ئەو کتێبە یەکەم جار لە ساڵی ١٩٢٠دا لە لەندەن لە لایەن دەستگای (Bodley head)ەوە بڵاو کراوەتەوە.

"ئەسمەری خوێنگەرمی سەرنجڕاکێش بوون، هەرچەندە گرژی و نیگەرانی بە سەروچاویانەوە دیار بوو، بەڵام زۆر هێمن و لەسەرخۆ لەو ناوەدا دەسووڕانەوە".

ڕزگاربووەکانی هۆلۆکۆستی ئەرمەنەکان وردە وردە دەمردن و دەبوا نەوەکانیان چیرۆکەکانیان لێ وەرگرن و بیانگێڕنەوە. کۆمەڵێک لەو ئەرمەنییانەی لە کاتی گواستنەوە بەکۆمەڵەکانی ١٩١٥دا توانیبوویان خۆیان لە مەرگ ڕزگار بکەن و خۆیان گەیاندبووە شاری (سمیرنا)ی یۆنانی (کە پاشان لە لایەن تورکەکانەوە ناوی کرا بە -ئیزمیر-ی ئێستا)، لە ١٩٢٢دا کاتێک تورکەکان ئەو شارەیان داگیر کرد ئەو ڕزگاربووانە بۆ جاری دووەم ڕووبەڕووی لەناوبردنی بەکۆمەڵ بوونەوە. (ئێللن سارکەسیان چێستنۆت) (ellen sarkisian chestnut)، کە کچی یەکێک لەو ڕزگاربووانەیە بۆی نووسیبووم[٣٨]:

«باوکم کە ناوی سەرکیسە، بە ئەزیەتێکی زۆر لە بیابانی سوریادا لە مەرگ ڕزگاری ببوو و توانیبووی ئەو (جەستە فانییەی خۆی) دەرباز بکات و هەڵبێت بۆ شاری سمیرنا (...) ئەو لەگەڵ دوو هاوەڵی خۆیدا ڕێک لەو کاتەدا دەگەنە سمیرنا، کە ئەتاتورک (دەقاودەق وا نووسراوە) و پیاوەکانی دەسەڵاتیان بە دەستەوە گرت.

لەگەڵ چەند سەد یۆنانییەکی خەڵکی ئەو شارەدا (لە لایەن هێزە تورکییەکانەوە) گیران و بردنیان بۆ کۆنە مەیدانێکی

٣٨ «باوکم سەرکیس»، نامەی تایبەتی بۆ نووسەر لە لایەن (ئێللن سارکەسیان چێستنۆت)، لە سان فرانسیسکۆوە، ٢٣ی شوباتی ٢٠٠٠.

چۆڵکراوی ئەمبارکردنی کۆنە فارگۆن و پاشماوەی ئاسنەواڵەی شەمەندەفەرەکان. ئا لەوێدا هەر هەموویان بە چەکی ئۆتۆماتیکی گوللەباران کران. باوکم لەوێش ڕزگاری ببوو، چونکە هەر زوو بوورابووەوە، لە هۆش خۆی چووبوو و کەوتبوو، بەڵام پاشان بەختەکەی نەیهێنابوو و کاتێک کە سەربازە تورکەکان بەناو لاشەکاندا کەوتبوون و بە سەری ڕم و (سونکی)یەکانیان ئەوانەیان دەکوشت کە لە گیانەڵڵادا بوون. چەند جارێک سەرە ڕمەکانیان بە لاشەکاندا دەکرد. زۆر بە سەختی لە ناوچەوان و قاچەوە بریندار کرابوو، بەڵام توانیبووی بە چنگەکڕێ و سینەخزێ خۆی بگەیەنێتە لای بەندەرەکە.

لە پێش باوکمەوە دوو کچۆڵە دەڕۆیشتن، کە سەرتاپایان لە ترساندا هەڵدەلەرزی و وەکو بێهۆشیان لێهاتبوو لەتاو ئەو دیمەنەی دیتبوویان. نەیتوانیبوو هەروا بە ئاسانی جێیان بهێڵێ، پەلی هەردووکیانی گرتبوو و تا توانیبوویان بۆ خۆدەربازکردن هەڵاتبوون. ئەوەی لە بەندەرەکە بینیبوویان هەتا دوا هەناسەی باوکم لە ژیاندا لە بیری نەدەچۆوە. دەیان هەزار کەسی تۆقیو پاڵیان دابوو بە یەکترەوە، ئەویش لە کاتێکدا کە گڕ و چڕەدووکەڵی ئەو شارەی لە گیانەڵڵادا بوو، سات لە دوای سات لێیان نزیک دەبووەوە.

هیچ دەستێکی یارمەتیش لە لایەن کەشتییە جەنگییەکانی بەریتانیا و فەڕەنسا و ئەمریکا بۆ ئەو خەڵکە درێژ نەدەکرا. بەڵام لەپڕ باوکم چاوی بە کەشتییەکی دوور کەوتبوو کە خەریکی بارکردنی (یان سەرخستنی) ئەو خەڵکە بوو. بۆ ئەوەی هەرسێکیان

بگەیشتنایەتە ئەو کەشتییە دەبوا خۆیان هەڵدەنە ئاوەکەوە و ئەو ماوەیە بە مەلەوانی ببڕن. هەرچۆنێک بووبێت ئەوەیان کردبوو. لە ئەنجامدا لەلایەن دەریاوانە ئیتالییەکانەوە ڕزگار کرابوون...».

## ٦

یەکەمین نووسەر کە ناوی (هۆڵۆکۆست)ی لە کۆمەڵکوژیی ئەرمەنەکان نا (وینستۆن چێرچڵ) بوو[39]، کە لە لیستێکدا هەموو ئەو تاوانە جەنگییانەی تۆمار کردبوو کە لە ماوەی جەنگدا لە لایەن تورکەکانەوە ئەنجام درابوون. نووسیویەتی: «کوشتنی ئەو هەزاران کەسە لەئەژمارنەهاتووەی ئەرمەنییە بێدەسەڵاتانە، پیاوان، ژنان و منداڵان، هەموویان پێکەوە و قڕکردنیان لە هەموو هەرێمەکاندا، لە ڕێگای هۆڵۆکۆستێکی بەڕێوەبراوەوە (مەبەستی نەخشەبۆکێشراوە)، کردەیەکە هەرگیز مرۆڤ ناتوانێت جارێکی تر ڕاستی بکاتەوە...»

بە لای (چێرچڵ)ەوە «ئەو پاکتاوە ڕەگەزییەی لە ئاسیای بچووکدا ڕوویداوە، لە خۆیدا (لە ناوەڕۆکیدا) ئەوەندە تەواوکار بووە[40]، کە مەگەر هەر لەو جۆرە تاوانانە بوەشێتەوە (...) هیچ گومانێکی مەعقول لەو بارەیەوە نییە، کە ئەو تاوانە لەبەر هۆکاری سیاسی نەخشەی بۆ کێشراوە و جێبەجێ کراوە. دەرفەتێکی لەبار

39 W. Churchill, the world crisis: the altermath, Op. cit, p157.

٤٠ واتە نەخشەبۆکێشراو، ڕێکوپێک و سیستماتیک بووە. (وەرگێڕ).

بۆ تورکەکان هاتە پێشەوە تا ئەو سەرزەمینانە لە ڕەگەزێکی کریستیان پاکتاو بکەن، ئەو ڕەگەزەی بە لایانەوە دژی هەموو ئامانجەکانی تورکەکان بوو، ئەو ئامانجە ناسیۆنالیستانەی کە تەنها لەسەر حسابی ئەو تاوانانە دەکرا بەدییان بهێنن و بیانپارێزن، سەرەڕای ئەوەی لە باری جوگرافییەوە ڕووی لەوە بوو ناوچەی مسوڵماننشینەکانی قەوقازیش بگرێتە خۆی...»

چێرچڵ بە ڕاستی دانی بەوەشدا ناوە کە قەتڵوعامی ئابڕووبەرانەی ئەرمەنەکان، «بە دڵنیاییەوە لە باری ئایینی و هەستی مرۆڤانە و سیاسییەوە» بایەخپێدانی بەریتانی و ئەمریکییەکانی وروژاندووە، بەڵام سەرنجی ئەوەشی داوە کە ئەو کارە قێزەونانە تەنها «هەستی تووڕەیی پیاوان و ژنانێکی ئاسایی و خێرخوازی پەرتوبڵاوی سەر زەمینە ئینگلیزی زمانەکانی بێدار کردووەتەوە» و هیچیتر[٤١].

کەچی خەڵکێکی تر هەبوون (هەرچەندە کەمتر خێرخواز بوون)، بە جۆرێکی تر بایەخیان بە هۆلۆکۆستی ئەرمەنەکان داوە، کە بۆ خۆیان، بە شەخسی، لەوێ بوون و پێدەچێت لەو ڕێگایەوە شارەزاییەکی بەسوودیان بۆ ئەورووپای نوێ و دڵڕەق جێهێشتبێت.

وەک نموونەیەک (فرانز ڤۆن پاپن) (franz von papen)[٤٢]،

---

41 Churchill, great war, dl 4, p. 157.

٤٢ بڕوانە:

Vahak dadrian: “the historical and legal interconnections between the Armenian genocide and the hewish holocaust: from impunity to retributive justice”. In: the yale journal of international (law, summer 1998, dl. 23, no. 2, p. 504- 559.

لەوێدا دادریان بە هەڵە لەجیاتی (Rudolf hoss) نووسیویەتی (R. hoss).

کە لە کاتی یەکەمین جەنگی جیهانیدا سەرۆکی هەیئەی ئەرکانی لەشکری چوارەمی تورکیا بووە، دواتر لە ١٩٣٣دا لە بەردەستی هیتلەردا بە پلەی جێگری ڕاویـژکـار خزمەتی کــردووە[٤٣]. لە مـاوەی دووەمـیـن جەنگی جیهانیدا نـاوبـراو بـووە بە باڵیۆزی ئەڵمانی لە تورکیادا. کەسایەتییەکی تری ئەڵمان کە ئاگاداری هەموو وردەکارییەکانی جینۆسایدی ئەرمەنەکان بووە بریتییە لە فـەریـق[٤٤] (هانزڤۆن سیخت) (hans von seeche) کە لە ١٩١٧دا لە دەستەی ئەرکانی لەشکری عوسمانیدا بـووە و لە واقیعدا سەرۆکایەتیی ئەو دەستەیەی کردووە[٤٥]. ناوبراو لە ساڵانی بیستەکاندا بناغەکانی سەرلەنوێ پێکهێنانەوەی لەشکری ئەڵمانیی دارِشـت[٤٦]. لە ساڵی ١٩٣٦یشدا کە کۆچی دوایی کرد، هیتلەر بە شەخسی ئامادەی ڕێوڕەسمی بەڕێخستنی تەرمەکەی بوو. لەوانە نەفرەتیتر لاوێکی ئەڵمانی بوو بە ناوی (ڕۆدۆلف هۆس) (Rodolf hoss)، کە هەر بە هەرزەیی چووبووە ڕیزی هێزە چەکدارەکانی ئەڵمانیاوە لە تورکیادا. ئەم هەرزەکارە پاشان لە ساڵی ١٩٤٠دا کرا

٤٣ لە سیستمی سیاسیی ئەڵمانیدا بە سەرۆکی وەزیران دەوترێت ڕاوێژکار. (وەرگێڕ).

٤٤ فەریق پلەیەکی سەربازییە لە سەرووی (لیوا)وەیە. لە فەرهەنگی (المنهل)دا لاپەڕە (٤١٤)ی چاپی یەکەم، (هۆڵندا) بەرامبەر بە (لۆفتینانت جەنەڕاڵ) دانراوە. (وەرگێڕ).

٤٥ وەرگێڕ: ئەو جۆرە کەسایەتییانە ئەگەرچی لەو شوێنانەدا بە گشتی ناوی (ڕاوێژکاری سەربازی)یان لێنراوە، بەڵام لە کرداردا ڕۆڵی سەرەکی و بڕیاردەریان لەو ئاستەدا بینیوە.

٤٦ وەرگێڕ: لەو دەورانەدا تا ساڵی ١٩٤٥، بە لەشکری ئەڵمانی دەوترا (ڤێهرماخت) (wehermacht). فەرهەنگی (ڤان دالا)، لاپەڕە:٤١٠٨.

بە فەرماندەی کەمپی (ئۆشڤیتز) و ئەوجا لە ١٩٤٤دا بەرز کرایەوە بۆ بارەگای فەرماندەی سەرەکی (SS) بە پلەی جێگری پشکنەری گشتیی هەموو کەمپە نازییەکانی کۆکردنەوە[٤٧].

لە لێکۆڵینەوەیەکی زۆر زانستییانەدا، کە لەسەر پایەی دۆکۆمێنتاری دامەزراوە، مێژوونووسی ئەرمەنی (ڤاهاک دادریان vahak dadrian) بەدواداچوونی بۆ ناسنامەی (ماکس ئێرڤین ڤۆن شێوبنەر- ڕیختەر) (max Erwin von scheubner-richter) کردووە، وەک یەکێک لە کاراترین ئامۆژگاریدەرەکانی نازیزم. (شێوبنەر- ڕیختەر) جێگیری کونسوڵی ئەڵمانی بووە لە ناوچەی (ئەرزەڕووم) و شایەتحاڵێکی چاوێنی بووە بۆ ئەو کوشتارە بەکۆمەڵەی ئەرمەنەکانی ناوچەی (بەتلیس)، کە تورکەکان ئەنجامیان دابوو. لە بارەی ئەو کوشتارەوە ڕاپۆرتێکی تێروتەسەلی پێشکەش بە ڕاوێژکاری ئەڵمانی واتە (سەرەکوەزیر) کردبوو. تێکڕا پانزە راپۆرتی لە بارەی کۆچپێکردن و کۆمەڵکوژییەکانەوە ڕەوانەی بەرلین کردووە، کە لە دواهەمینیاندا ڕایگەیاندووە ئەو کۆمەڵە ئەرمەنییە کەمانە نەبێت کە ڕزگاریان بووە، ئەگینا هەموو ئەرمەنەکانی تورکیا لەناوبراون. زۆر بە وردی باسی ئەو میتۆدانە (ڕێگایانە) (ڕێبازانە) دەکات کە تورکەکان بۆ شوێن‌ونی لە چۆنێتیی جێبەجێکردنی پلانەکانی جینۆسایددا بەکاریان هێناون، هەروەها ئەو تەکنیکانەی بۆ بەتەڵەوەکردنی ئەرمەنەکان دایانهێناون[٤٨]،

٤٧ وەرگێڕ: واتە کەمپەکانی کۆکردنەوەی ئەوانەی دەبووا بەپێی نەخشەی جینۆسایدەکە لەناو ببرێن. هۆلۆکۆستی جووەکان لەو کەمپانەدا ئەنجام دەدرا.

٤٨ وەرگێڕ: مەبەست تەکنیکەکانی چۆنێتی گرتنی بەکۆمەڵ و کۆکردنەوەی ئەرمەنەکان بووە، پاشان لەناوبردنیان.

ئەوجا چۆنێتی پێکهێنان و کاری تیمەکانی کوشتن، تەنانەت ئاماژەی ئاشکرای بۆ ئەوە کردووە، کە ئەرمەنەکان «ئەو جووانەی ڕۆژهەڵاتن کە هەرچی بازرگانی تەڵەکەباز و زرنگ هەن، لەوانن». تەنها دوای پێنج ساڵ لەو کارەساتانە (شێوبنەر- ڕیختەر) لەگەڵ هیتلەردا کۆ دەبێتەوە و دەبێتە یەکێک لە گرنگترین ڕاوێژکارەکانی هیتلەر. لەپاڵ کارەکانی تریدا زنجیرەیەک وتاری ڕاسیستانە[٤٩] (ڕەگەزپەرستانە)ی لە ڕۆژنامەیەکی (میونشن- میونیخ)دا بڵاو کردۆتەوە، کە تیایدا بانگەواز بۆ ئەوە کراوە شاڵاوێکی «بێبەزەییانە و بەردەوام- بێ ناوبڕ» لە دژی جووەکان بەرپا بکرێت بۆ ئەوەی ئەڵمانیا «خاوێن بکرێتەوە». کاتێک کە هیتلەر دەستبەکار بوو بۆ بەرپاکردنی کودەتاکەی لە دژی ڕژێمی (بایەر) و لەمیانەی ڕێپێوانە بەناوبانگەکەی نازییەکان بە شەقامەکاندا، ناوبراو لە ڕیزی پێشەوەی نازییەکاندا قۆڵی بە قۆڵی هیتلەرەوە بوو. هەر لەوێدا، کە لە لایەن پۆلیسەوە تەقەیان لێدەکرێت، فیشەکێکی بەر دەکەوێت و دەستبەجێ دەمرێت.

---

٤٩ وەرگێڕ: ڕاسیزم وەک زاراوەیەکی فەرهەنگی بەمجۆرە لێکدەدرێتەوە: وشەی (ڕاس) (ras)، بە ئیتاڵی (razza) و بە فەڕەنسی (race). بە شێوەیەکی گشتی بە واتای (ڕەگەز و نەژاد و ڕەچەڵەک) دێت. لە ڕووی ئیتنۆلۆجییەوە واتە (زانستی ڕەگەز، یان نەژاد، یان ڕەگەزناسی)، وشەی (ڕاس) نیشانەیە بۆ جیاکردنەوەی کۆمەڵە خەڵکێک (ڕەگەز یان نەژادی ئەورووپی، نەژادی ئاری، نەژادی نیگرۆ- ڕەشپێست، نەژادی سامی، نەژادی مەنگۆلی...هتد).
ڕاسیست بە واتای (نەژادپەرست) دێت.ڕاسیزم بەرامبەر بە (ڕەگەز یان نەژادپەرستی)یە. لەسەر ئەو بناغەیە زاراوەی (ڕاس دیسکریمیناسی) بەرامبەر بە (جیاکاری ڕەگەزی، یان نەژادی) دێت. (سەرچاوە: فەرهەنگی ڤان داڵە، ل:٢٨٦٨).

ئێمە نازانین هیتلەر تا چەندە لەو دۆستە دڵسۆزەیەوە وردەکارییەکانی هۆڵۆکۆستی ئەرمەنەکانی بیستووە، بەڵام هەرچۆنێک بووبێت هیتلەر (چەندین ساڵ بەر لە کوشتنی شێونبەر- ڕێختەر، کە لە ١٩٣٣دا کوژراوە- وەرگێڕ) لە ١٩٢٤دا ئاگاداری زۆر وردەکاری بووە کاتێک بۆ یەکەمین جار ئاماژەی بۆ ئەو کۆمەڵکوژییە کرد و وتبووی؛ ئەرمەنەکان بوونە قوربانیی ترسنۆکیی خۆیان. پاشان لە مانگی ئابی ١٩٣٩دا -پەیوەند بە مەسەلەی پۆڵۆنیاوە- لە گوتارێکی ڕازاوەدا بابەتە- فەرمانەکەی خستە بەردەمی جەنەڕاڵەکانی، ئەم پرسیارە بەدناوە پڕ لە واتایەشی لێ کردوون: «تا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت، کێ باس لە لەناوبردنی بەکۆمەڵی ئەرمەنەکان دەکات؟»

لەو بارەیەوە تورکەکان هەوڵێکی چەندبارەیان دابوو بۆ ئەوەی هیتلەر هەرگیز ئەو جۆرە تێبینی و ئاماژانە دەرنەبڕێت، بەڵام (ڤاهاک دادریان) لە لێکۆڵینەوەیدا پێنج ئاماژەی جیاجیای ئەو پرسیارەی هیتلەری دۆزیوەتەوە، کە لە چواریاندا هەمان شێوازی دەربڕین و کۆمەڵە وشە بەکار هێنراون. دوان لەو ئاماژانە لە ئەرشیفەکانی (سەرکردایەتیی باڵای ئەڵمانی)دا پارێزراون.

سەرەڕای ئەوەش، لێکۆڵیارە مێژووناسە ئەڵمانییەکان ئەوەیان ئاشکرا کردووە، لە میانی چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانی لەگەڵ هیتلەردا، کە لە لایەن سەرنووسەری ڕۆژنامەیەکی ئەڵمانییەوە لە ١٩٣١دا ساز کرابوو، هیتلەر بە هەمان شێواز ئاماژەی بۆ کۆمەڵکوژیی ئەرمەنەکان کردووە و وتوویەتی: «خەڵک لە هەموو شوێنێکدا چاوەڕوانی سیستمێکی نوێی جیهانین. ئەوە ئامانجی

ئێمەیە کە سیاسەتێکی بەرفراوان بۆ ڕاگواستنی دانیشتوان پێشکەش بکەین[٥٠]... تۆ سەرنج بدەرە قڕکردنی ئەرمەنەکان...».

ئاماژەیەکی تری گرنگی هیتلەر[٥١] بۆ یەکەمین جینۆسایدی سەدەی بیستەم لەو بۆنەیەدا بوو کە هیتلەر فەرمانی ڕاگواستنی بەکۆمەڵی جووەکانی (هەنگاریا)ی ڕاگەیاند. هیتلەر لەو بۆنەیەی ساڵی ١٩٤٣دا (کە وەک نەریتێکی پاشایی بۆ ئەدمیرال نۆرتی-وەسی بەسەر عەرشی هەنگاریادا ڕێک خرابوو) بەم ئاماژەیە کۆتایی بە گوتارەکەی هێنا لە بارەی «هەرەسی گەلێک، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان شانازیی بە خۆیەوە دەکرد، واتە فارسەکان، ئەوانەی ئێستا ژیانێکی پەژارانە بەسەر دەبەن، هەر وەکو ئەرمەنەکان...».

---

٥٠ وەرگێڕ: مەبەستی هیتلەر لەوێدا گۆڕینی پێکهاتەی دیمۆگرافیی دانیشتوانە لەسەر بناغەی ڕەگەز- نەژاد. ئەوەش سەرەتا و گرنگترین میکانیزمی جێبەجێکردنی سیاسەتی (پاکتاوی ڕەگەزی) پێکدەهێنێت و یەکەمین هەنگاوە بەرەو جینۆسایدی ئەو گرووپە مرۆییە دیاریکراوە، کە ڕاسیستە جۆراوجۆرەکان بە شێوەی جیا جیا جێبەجێی دەکەن. کۆچپێکردنی زۆرەملێی گوندنشینەکانی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عێراق بەرەو ئۆردووگا زۆرەملێکان لەنێوان ساڵانی ١٩٧٦- ١٩٨٨دا جۆرێکە لەو سیاسەتە. هەروەها دەرکردنی پەیتا پەیتای کوردەکانی کەرکوک و شوێنەکانی تر و گۆڕینی پێکهاتەی دیمۆگرافیی ئەو ناوچانە لە ڕێگای هێنان و نیشتەجێکردنی عەرەب و گواستنەوەی یەکە ئیدارییەکانی ئەو ناوچانە بۆ پارێزگاکانی تر، شێوازی تری پاکتاوی ڕەگەزی بوون، کە دەرهەق بە کۆمەڵێکی ئیتنیکیی دیاریکراو جێبەجێ کراون.

٥١ Mark levenes: the experience of genocide 1945- 1914 in lightning strikes twice: the world war harper collins, London, 2000.

تێبینییەکەی (لێڤێنس) دەربارەی شەمەندەفەرەکەی بەغداد لە لاپەڕە (٢٠)ی دەستنووسەکەدا.

لێکۆڵینەوەی مێژوویی لە بارەی ناسنامەی کەسایەتیی ئەو ئەڵمانیانەوە کە شایەتحاڵی لەناوبردنی بەکۆمەڵی ئەرمەنەکان بوون و ئەو ڕۆڵەی پاشان لە جەنگی هیتلەردا گێڕاویانە، تاکو ئێستاش تەواو نەبووە و بەردەوامە. هەندێک لەو ژن و پیاوە کرێکارە سوخرەکێشە[٥٢] ئەرمەنیانەی دواهەمین مانگەکانی کاری سوخرەیان لە تەواوکردنی بەشێک لەو هێڵی شەمەندەفەرە ئەڵمانییەدا، کە بەرەو بەغداد دەڕۆیشت، بۆ ماوەیەکی کورت لە لایەن سەرپەرشتیارە ئەڵمانییەکانەوە پارێزران. بەڵام ئەڵمانەکانی تر تەنها تەماشایان دەکرد چۆن ئەرمەنەکان لەبەرچاویان دەمرن بێ ئەوەی هیچ بکەن[٥٣] ئەو پرسیارەی هیتلەر کە لە جەنەڕاڵەکانی خۆی کردبوو، هەرچەندە تۆقێنەریش بووبێت، شتێک نییە تەنها لەگەڵ خۆیدا بەراورد بکرێت[٥٤]، (چونکە هەموو جیهان ئاگاداری لەناوبردنی بەکۆمەڵی ئەرمەنەکان بوون لە لایەن تورکیاوە)[٥٥]،

٥٢ نووسەر: لەمیانەی کۆنگرەکەیدا لە ٢٠٠١ لە بەیرووت، پرۆفیسۆر (ۆڵفغانغ ڤێپەرمان) (wolfgang wippermann)ی مامۆستا لە دانیشتگای (ئازادی)ی بەرلین، کۆمەڵێک بەڵگەی پێشکەش کرد، کە تیایدا دەردەکەوێت ئەفسەرانێکی زۆری ئەڵمانی شایەتحاڵ بوون لە کوشتاری ئەرمەنەکاندا بێ ئەوەی هیچ دەستێکی یارمەتی بۆ قوربانییەکان درێژ بکەن. بڕوانە: تێبینیی ٥٣ی دواتر.

٥٣ نووسەر: لە ٢٧ی ئاپرێل- نیسان، تاوەکو ١ی مەی-ئایاری ٢٠٠١، زنجیرەیەک سیمینار لە بەیرووتی پایتەختی لوبناندا ساز کرا لەژێر ناونیشانی:

The first world war as rememberd in the countries of the eastern Mediterranean).

بڕوانە:

Beiroet, daily star, mei 4, 2001.

٥٤ واتە شتێکی دەگمەن نییە کە هاوشێوەی نەبێت. (وەرگێڕ).

٥٥ هیچ هەڵوێستێکیشیان نەبوو، هیچی کردەییشیان نەکرد، لەحاڵێکدا لە جەنگیشدا بوون لەگەڵ تەوەرەی ئەڵمانیا- نەمسا- تورکیادا. (وەرگێڕ).

بەڵام لانی کەم لەو بارەیەوە گرنگە ئەو ڕاستییەی لەو پرسیارەدایە بەهەند وەربگیرێت، واتە ئەوانەی دەستپێشخەریی ئەو جۆرە تاوانانەی جەنگیان کرد، پاداشتەکەیان ئەوە بوو، سزا نەدرێن[٥٦].

یەکێک لە دەرەنجامە ڕاستەوخۆ و هەنووکەییەکانی یەکەمین جەنگی جیهانی بریتی بوو لە پێکهێنانی دادگایەکی تایبەتیی سەربازی- تورکی [٥٧]بۆ سزادانی بەرپرسیارانی تاوانەکان و ئەندامانی پەڕلەمانی تورکیش دانیان بەوەدا نا کە تاوانی دژەمرۆیی یان دژەمرۆڤایەتی ئەنجام دراوە. پێکهێنانی دادگایەکی تایبەتی- سەربازی[٥٨]، کە لە مێژووی عوسمانیدا دیاردەیەکی دەگمەن بوو، بووە مایەی ئەوەی دۆکۆمێنتە حکومییەکان وەکو بەڵگەی تاوانەکان لە پرۆسەکانی دادگاییکردنەکەدا بخرێنە بەردەست و بەکار بهێنرێن. لەو دۆکۆمێنتانەدا زنجیرەیەک کورتەنامە لە ڕێگای تەلەگرافەوە (برووسکە) لەنێوان کارمەندانێکدا ئاڵوگۆڕ کراون، کە ناوەڕۆکی شێوە نازییانەی سات و سەوداکە ئاشکرا دەکەن. کارمەندێک لەو کارمەندانە لە بارەی ئەرمەنەکانەوە دەڵێت: «ئەوانە ڕەوانەی

---

٥٦ وەک تاوانبارانی ئەنفال لە وڵاتی خۆماندا. (وەرگێڕ).

٥٧ بڕوانە:

AIM: Armenian international magazine A century of genocide, p: 26- 33, januari I februari matthew karanian 2001.

٥٨ وەرگێڕ: دادگای تایبەتیی (تریبیونال- tribunal) بە بڕیارێکی تایبەتی و بۆ مەبەستێکی دیاریکراو پێک دەهێنرێت و بە تەواوبوونی ئەو کەیسە، دادگاکەیش کۆتایی پێ دێت، لە چەشنی دادگاییکردنی تاوانبارانی جەنگ و ئەو جۆرە کەیسانە. ئەو جۆرە دادگاییانە لە پلەی یەکەمدا دادگای سیاسین و مەرج نییە سەد لە سەد یاسایی بن، لەبەر ئەوە دەشێ لە دەستەی دادوەراندا کەسانی نایاسایییش بەشدار بن. بڕوانە: فەرهەنگی (المنهل)، ص: ٧٥٣.

چارەنووسی خۆیان کران». ئەوەی دووەم لەو بارەیەوە دەپرسێت: «مەبەستت چییە؟» وەڵامەکەش دەنگ دەداتەوە: «مەبەستم ئەوەیە کە لەناوبراون، کوژراون». لە ئەنجامدا سێ کارمەندی پلە دووی خوارەوە لە سێدارە دران. هەرسێ بەرپرسیارە سەرەکییەکەش بریتی بوون لە (جەمال) (jemal) و (ئەنوەر) (anver) و (تەڵعەت) (talaat) پاشا، بە غیابی حوکمی لەسێدارەدانیان بۆ بڕایەوە[٥٩].

بەڵام کەمایەسیی گەورەی دادگای تاوانەکانی تورکی بریتی بوو لە نەبوونی ویستی سیاسی بۆ درێژەپێدانی دادگاییەکە و ئەوجا هاشوهوشی سەرنجڕاکێشی هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکان و پڕکردنی دەستگایەکی ڕاگەیاندن لە بەڵێنی پەلکێشکردنی تاوانبارانی جەنگ لە تورکەکان بۆ بەردەم دادگا، کە هەرگیز بەس نەبوون بۆ ئەوەی تورکیا ناچار بکەن بە شێوەیەکی ڕیشەیی چارەسەری کەیسەکە بکات. ئەوەیش لە حاڵێکدا کە خودی هاوپەیمانەکان پێشتر و لە مانگی ئایاری ١٩١٥دا، لە نامەیەکی ئاگادارکردنەوەدا بۆ ڕژێمی عوسمانی، (بەکۆمەڵکوشتنی ئەرمەنەکان)یان[٦٠] گۆڕیبوو بە

٥٩ وەرگێڕ: ئەو دادگایە لە ڕاستیدا دادگایەکی ناچاری بووە کە تورکەکان لەژێر فشاری هێزە هاوپەیمانەکاندا سازیان کرد وەکو دۆڕاوێکی یەکەمین جەنگی جیهانی لەپاڵ ئەڵمانیا و نەمسادا. واتە ئەو دادگایە لە چوارچێوەی مەرجە داسەپێنراوەکانی براوەکانی جەنگدا بووە بەرامبەر بە دۆڕاوەکان و ساتوسەودایەکی سیاسی بوو. تورکەکان هەر لەوێوە بەشی هەرە زۆری قەتلوعامە مەیدانییەکانیان خستبووە ئەستۆی کوردەکان، بێ ئەوەی کەس هەبووبێت بەرگرییان لێ بکات. چاکترین بەڵگە بۆ ئەوەی کە تورکەکان بۆخۆیشیان بروایان بەو دادگایە نەبووە، ئەوەیە کە تاکو ئێستایش بە فەرمی و نافەرمی دان بە کوشتنە بەکۆمەڵەکانی ئەرمەنەکاندا نانێن و نکوڵی لێدەکەن و لێی پەشیمان نین.

٦٠ کە هاوواتای جینۆسایدی ئەرمەنەکانە (وەرگێڕ).

دەستەواژەی (تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی)؛ ئەوەی کە دوای ئەو هەڵوێستە لاوازەیش ڕوویدا بریتی بوو لە هەوڵە سیستماتیکییەکانی تورکیا (کە تا ئەمڕۆیش بەردەوامە)، بۆ نکوڵیکردن لەوەی کە کۆمەڵکوژییەکانی ئەرمەنەکان هەرگیز ڕوویاندابێت. ئەوەیش مەترسیدارە بارتەقای مەترسیی ئەو هەڵوێستە زەبوونانەی هاوپەیمانەکان و بێدەسەڵاتی و لاوازییان لە ئاست پەلکێشکردنی تاوانبارانی جینۆسایدی ئەرمەنەکان بۆ بەردەم دادگا.

تەڵعەت پاشا، کە پێشتر وەزیری ناوخۆ بوو، دواتر لە بەرلین[٦١] لەسەر دەستی کەسێکی ئەرمەنی کوژرا، کە هەموو کەسوکارەکانی لە کۆمەڵکوژییەکاندا تیاچووبوون. پرۆسەی دادگاییکردنی (سۆغۆمۆن تێهلیریان) (soghomon tehlirian)ی بکوژی و حوکمی بێتاواندانەکەی لە ١٩٢١دا بووە هۆی ئەوەی وردەکارییەکانی هۆلۆکۆستی ئەرمەنەکان لەسەر ئاستی ڕای گشتیی ئەڵمانیدا شۆرەتێکی بەربڵاو پەیدا بکەن. (فرانز ڤێرفڵ) (franz Werfel)ی ڕۆماننووسی جووی ئەڵمانی لەو چیرۆکەیدا لە بارەی بەرهەڵستیی ئەرمەنەکانەوە لە دژی بکوژە تورکەکان لەژێر ناونیشانی (چل ڕۆژەکەی موساداغ)دا نووسیویەتی؛ بە شێوەیەکی پێشبینیئامێزی سەرنجڕاکێش لە هۆلۆکۆستی ئایندە ئاگادارمان دەکاتەوە. (مەبەست هۆلۆکۆستی جووەکانە. - وەرگێڕ). ناوبراو لە ١٩٣٣دا لە زۆر شاری ئەڵمانیادا زنجیرەیەک گوتاری پێشکەش

٦١ وەرگێڕ: ئەوە جێگای سەرنجدانە کە یەکێک لە گەورە تاوانبارانی جینۆسایدی ئەرمەنەکان لە دوای جەنگدا پەنای بردبێتە بەر ئەڵمانیای دۆڕاوی جەنگ و داڵدە درابێت و هاوپەیمانەکانیش هەڵوێستیان نەبووبێت.

کرد، بەڵام لە لایەن ڕۆژنامەی (داس شـوارزە کۆرپس) (das schwarze korps)ی نازییەوە بەوە تاوانبار کرا کە تۆمەتی هەڵبەستراوی خستۆتە پاڵ تورکەکانەوە، گوایە "تورکەکان تاوانی کوشتنی بەکۆمەڵی ئەرمەنییان ئەنجام داوە". هەمان ڕۆژنامە (دووبارە لە بابەتێکدا کە ئاماژەی پەنهانی تیایە بۆ پەیوەندییەکی ورووژێنەر لەنێوان هۆلۆکۆستی ئەرمەنەکان و هۆلۆکۆستی جووەکان کە هێشتا ڕووینەدابوو و دەبوا ڕووبدات) حوکمی ئەوەی داوە "ئەرمەنییە ئەمریکییەکان هانی جووەکانیان داوە بۆ زیادفرۆشتنی کتێبەکەی (ڤێرفڵ) لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا".

دیارە کاری زۆر ئەنجام دراوە لەبارەی "فێڵی گەورەی شوێنەونی"ی یەکەمین جینۆسایدی سەدەی بیستەمەوە. وینستۆن چێرچڵ بەردەوام بوو لەسەر دووپاتکردنەوەی ڕاستی و دروستیی ئەو کارەساتە. لە ساڵی ١٩٣٣دا، واتە لە هەمان ساڵدا کە ڤێرفڵ بە پانتایی ئەڵمانیادا گوتارەکانی پێشکەش دەکرد[٦٢]، وینستۆن چێرچڵ نووسیویێتی[٦٣]:

«گەلی ئەرمەن لە یەکەمین جەنگی جیهانیدا سەرگەردان و پەرتوبڵاو هاتە دەرەوە، لە زۆر ناوچەدا بە تەواوەتی لەناوبراون. لە ڕێگای بەکۆمەڵکوشتنەوە بووەتە تارماییەکی ڕابردوو، ئەوەش بە ناوی زیانە جەنگییەکانەوە، هەروەها لە ڕێگای ناچارکردنیان

---

٦٢ بڕوانە:
History of the Armenian genocide, Dadrian, P 410.

٦٣ بڕوانە:
Churchill, great war, dl 4, p 157.

بۆ کۆچپێکردن وەکو ڕێگایەکی زۆر ئاسان بۆ ڕاوکردنیان هەتا مەرگ (...). لە ئینگلاند و ویلایەتە یەکگرتووەکاندا ئاگاداری هەموو ڕووداوەکان بوون لە بارەی ئەرمەنەکان و ئەو بەڵایانەی بەسەریاندا دەهێنران (...). دەبوا هۆکارانی ئەو میحنەتە و دیکتاتۆرە خوێنڕێژەکان لە ڕێگای جەنگەوە، یان بەهۆی شۆڕشێکەوە لەبەرچاوان ون کرابان (واتە لەناوببرابان - وەرگێڕ). وڵاتە گەورەکان لە ساتەکانی سەرکەوتنیاندا[٦٤] دۆستی ئەرمەنەکان بوون[٦٥] و دەبوا مافەکانی ئەوانیشیان لەبەرچاو بگرتایە».

---

٦٤ وەرگێڕ: مەبەست سەرکەوتنی هاوپەیمانەکانە بەسەر بەرەی ئەڵمانی- نەمسایی- تورکیدا، لە یەکەمین جەنگی جیهانیدا.

٦٥ وەرگێڕ: بە کردەوە ئەو وڵاتە گەورانە لە پلەی یەکەمدا دۆستی بەرژەوەندییەکانی خۆیان بوون و گەلانی تری ژێردەستەیش بوون بە قوربانیی ئەو بەرژەوەندییانە لە چەشنی ئەرمەن و کورد و...هتد.

## ٧

بەڵام هەر دەبوا خیانەت لە ئەرمەنەکان بکرابایە (واتە لە لایەن وڵاتە گەورەکانەوە -هاوپەیمانەکان- کە سەرکەوتووی جەنگ بوون - وەرگێڕ).

ئەرشیفەکان چیرۆکێکی تاڵمان لە بارەی لاوازی و بێهەڵوێستی و بێدەسەڵاتی و بەڵێنە درۆینەکانەوە بۆ دەگێڕنەوە. ئەو ڕاستییە بۆ نموونە لە بڕگەی (١ -د)ی ڕێککەوتننامەی ئاشتی- سیڤەردا تۆمار کراوە، کە لەنێوان هاوپەیمانەکان و ئیمپراتۆریای عوسمانیدا لە ١٠ی ئۆگستوسی ١٩٢٠دا واژۆ کراوە. لەوێدا نووسراوە: «تورکیا دان بە ئەرمەنیادا دەنێ وەکو دەوڵەتێکی سەربەخۆ و ئەو نێوانگیرییەی سەرۆک (وۆدرۆ ویلسۆن) (Woodrow Wilson) یشی پەسەند کردووە لە بارەی دیاریکردنی سنووری نێوان هەردوو لا“.

هەروەها لە ماددەی (٦٤)ی هەمان ڕێککەوتننامەی ئاشتیدا نووسراوە: «ئەگەر گەلی کورد لە ماوەی ساڵێکدا لە ڕێگای ئەنجومەنی کارگێڕیی کۆمەڵەی گەلانەوە ڕایبگەیەنن کە زۆرینەی گەل لەو ناوچانەدا ئارەزووی سەربەخۆییان هەیە لە تورکیا و

ئەگەر ئەنجومەنیش پێدانی ئەو سەربەخۆییە پەسەند بکات، تورکیا دەبێت دان بە بڕیارێکی لەو چەشنەدا بنێ و دەبێت دەست لە هەموو ئەو ناوچانە هەڵبگرێت...».

چواردە خاڵە بەناوبانگەکەی (ویلسۆن) یەکەمین هەوڵی ویلایەتە یەکگرتووەکان نیشان دەدەن بۆ دامەزراندنی (سیستمێکی نوێی جیهانی)، کە خواست و مەرجی جێمتمانەی تێدایە. لە بڕگەی پێنجەمیدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە: «گونجاندنێکی ئازادانە، بابەتیانە و بێلایەنانەی تەواوی هەموو ئیدعا کۆلۆنیالییەکان (...) بەرژەوەندیی گەلانی پەیوەندیدار (واتە ئەوانەی لەژێر دەسەڵاتی حکومەتە کۆلۆنیالییەکاندان و داگیر کراون. - وەرگێڕ) دەبێت لە ڕووی بایەخەوە لە هەمان پلەی تای تەرازووی داواکارییە ڕەواکانی ئەو حکومەتانەدا بن...».

لە بڕگەی دوانزەهەمیشدا ئاماژەی ڕوون و ئاشکرا بۆ ئەرمەنەکان و کوردەکان دەکات و دەڵێت: «ناوچە تورکنشینەکانی ئمپراتۆریای ئێستای عوسمانی و مافی سەروەری (یان سەربەخۆیی) زەمانەتکراویان هەیە، بەڵام نەتەوەکانی تریش، کە هەنووکە لەژێر بەڕێوەبەرایەتیی تورکیدان، دەبێت دڵنیا بکرێن لەوەی کە گومانیان لە ئەمنیەتی ژیانیان نەبێت و هەل و دەرفەتی لەباریان هەبێت بۆ گەشەکردنێکی سەربەخۆ...».

دیاربوو (ویلسۆن) دەیزانی کۆمارێکی ئەرمەنی ناوچەیەکی فراوانی تورکیای ئێستا دەگرێتەوە، کە هەرێمەکانی (ئەرزڕۆم) و (وان)یشی دەگرتە خۆ. بەڵام هەر زوو تورکەکان و بۆڵشەویکەکان بەر لە کۆتایی دیسەمبەری ١٩٢٠ (واتە دوو مانگ دوای

واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی سیڤەر - وەرگێڕ) هەموو شتێکیان هەڵوەشاندەوە و لەکاریان خست. لە بەرامبەر ئەوەدا سەرۆک ویلسۆن چیتر ئەو بەدەسەڵاتە نەبوو[٦٦] بتوانێت (گەردەلولیکی بیابان)[٦٧] بۆ سەر ناوچەکە بەرپا بکات و لەشکرە پەیوەندیدارەکان تێکبشکێنێت و پشتگیری لەوە بکات کۆمەڵکوژییەکی نوێ لەناو ئەرمەنەکاندا ڕووبدات. کوردەکان، کە تا ئەوپەڕی دڕندایەتی بەشدار بوون لە جینۆسایدی ئەرمەنەکاندا، ئەوانیش ئەو کەڕەتە حوکمی مەرگیان بەسەردا سەپێندرا. (واتە لە پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ بێبەش کران - وەرگێڕ). گەرموگوڕیی بەریتانییەکان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی پارێزراوی خۆیان (واتە ژێر منداتی خۆیان - وەرگێڕ)، کە وەک بەربەستێک بێت لەنێوان تورکیا و ئێران و عێراقدا، هەر زوو خامۆش بووەوە دوای ئەوەی شانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا) بڕیاری دا ڕای گشتیی عەرەبی لە عێراقدا بۆ خۆی ڕابکێشێت، ئەویش لە ڕێگای بەستنەوەی ناوچە کوردییەکانەوە بە پاشکۆی عێراقەوە، هەروەها پاش ئەوەی ڕوون بووەوە یەکێتی سۆڤێتی تازە هەڵکەوتوو سوود لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی لەو چەشنە دەبینێت و یاریی پێ دەکات.

گۆشەگیری و دوورەپەرێزیی ئەمریکی هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی ئەرمەنەکان بۆ چارەنووسی خۆیان جێبهێڵرێن. تورکەکان لە سیلیسی (cilicie) و لە ناوچەی مەرعەش (marash) هێرشێکیان

٦٦ وەرگێڕ: چواردە بەندەکەی جارنامەی ویلسۆن بەر لە یەکەمین جەنگی جیهانیدا و لە ١٩١٣دا ڕاگەیەنرابوون.

٦٧ وەرگێڕ: ئاماژەیە بۆ ناوی شاڵاوە جەنگییەکانی هاوپەیمانەکان لە دژی عێراق بۆ ڕزگارکردنی کوەیت لە ١٩٩١دا.

کردە سەر لەشکری فەڕەنسی و وەدەریان نان و (٥٠٠٠٠) پەنجا هەزار ئەرمەنیی تریان قەتلوعام کرد، کە وایان دەزانی (واتە ئەرمەنەکان) لەژێر باڵی پارێزگاریی فەڕەنسییەکاندان. هەر لەو کاتانەدا بوو لە (یەریڤان)یش کوشتارێکیان لێ کردن. چێرچل پاشان لە میانەی باسکردنی پەیماننامەی لۆزاندا[٦٨] کە بۆ دواهەمین جار ئاشتیی نێوان تورکیا و زلهێزەکانی جێگیر کرد، نووسیویەتی: «مێژوو دەبێت بێهودە بەدوای وشەی ئەرمینیادا بگەڕێت».

بەڵام ئەوە زۆر گرنگە لە یاد نەکرێت تەنها یەک وڵات هەبوو (بەهۆی دەرئەنجامەکانی جەنگی باوکمانەوە) کە ئەڵتەرناتیڤێکی دیموکراتی و واقیعیی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوین هەڵبژارد؛ ئەویش ویلایەتە یەکگرتووەکان بوو. قسەی من تەنها لە بارەی (چواردە بنەما، یان پرەنسیپ)ەکەوە نییە، کە لە خۆیدا داکۆکییەکی بەهێزە لە پەرەپێدانێکی دیموکراسییانە. سەرۆک ویلسۆن لە وتارێکیدا لە بەردەم کۆنگرێس ڕایگەیاند کە «ناکرێت لەسەر مرۆڤ وەکو پاتاڵ سات و سەودا بکرێت، یان وەکو بەردەکانی ناو گەمەیەک بەپێی ئارەزوو لەم خانە و شوێنەوە بۆ ئەو خانە و شوێنێکی تر بگوازرێتەوە». دیپلۆماتە ئەمریکییەکان و نێردراوە ئایینییە مژدەدەرەکان، کە بە ئیمپراتۆریای عوسمانیدا بڵاو ببوونەوە، بە دەربڕین و وشەی زۆر جوان و ڕێکوپێک داکۆکییان لە عەرەبەکانی چوارچێوەی ئیمپراتۆریاکە دەکرد بۆ ئەوەی (وەک ئەوەی ئەو سەردەمە ناویان لێنابوو) لە ئوممەتێکی مۆدێرنی عەرەبیدا بەبێ تورکیا یەکبخرێن بۆ ئەوەی پەرە بە خۆیان بدەن و لە جیهاندا پێش

٦٨ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل: ١٥٧١.

بکەون. بەڵگەیەکی تری بەهێزی مەبەستەکانی ئەمریکا، پێکهێنانی (کۆمیتەی کینگ کرەین) (king crane commisie) بوو لە لایەن ویڵسۆنەوە کە بەرەو ڕۆژهەڵاتی ناوین ڕەوانە کرا تا ڕاستەوخۆ لە گەلانی ناوچەکە بکۆڵنەوە و بپرسن چییان دەوێت.

ئەوە هەرگیز هەڵەی ویڵسۆن نەبوو، کە لە لایەکەوە نەخۆشی و لە لایەکی ترەوە عەقڵیەتی گۆشەگیری و دوورەپەرێزیی گەلی ئەمریکی ئەو دەرەنجامەیان لێکەوتەوە، کە ویلایەتە یەکگرتووەکان لەسەر شانۆی نێودەوڵەتیدا پاشەکشە بکات. بە ڕەچاوکردنی ئەوەی کە ڕوویدا، ئەو پاشەکشێیە یەکێک لە گەورەترین تراجیدیاکانی ئەم سەردەمە مۆدێرنەمان بوو، چونکە ئەوە لە هەلومەرجێکدا ڕوویدا کە ئەمریکا هێشتا ڕۆڵێکی بێلایەنانەی لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا دەگێرا. ئێمەی ئەورووپی جڵەومان گرتە دەست. فەشەلیشمان هێنا. کاتێک پاش چارەکە سەدەیەکی تر ویلایەتە یەکگرتووەکان جارێکی تر پێی نایەوە ناوچەکە، ئەویش بەهۆی پترۆڵەوە، ڕاستەوخۆ بووە لایەنگرێکی بێمەرج و بەخێوکەری یەکەمی ئیسرائیل.

لۆرد برایس (lord Bryce)، کە ڕاپۆرتەکەی [٦٩] لە بارەی بەکۆمەڵکوشتنی ئەرمەنەکانەوە بووە مایەی ئاگادارکردنەوەی ڕای گشتی، لە ڕێگەی زنجیرەیەک گوتاردانەوە کە لە ساڵی ١٩٢٢دا لە سەرانسەری ئەمریکادا پێشکەشی کرد، ناڕەزایی لە بەرامبەر

---

٦٩ بڕوانە:
James Bryce, international relation eight lectures deliverd in the united states in august, 1921, London, macmillan, 1922, p 65– 71.

ڕاستی هەڵوێستەکانی هاوپەیمانەکان دەربڕی بەوەی (لە بەرامبەر تورکەکاندا - وەرگێڕ) هیچ پێداگرییان نەکرد و تەنازولیان کرد و داماڵینی چەکی لەشکری تورکیایان نەخستە ژێر چاودێرییەوە، لە دەرەنجامدا تورکەکان دەرفەتی ئەوەیان بۆ ڕەخسایەوە جارێکی تر "لووتبەرزی و لەخۆباییبوونە کۆنەکەیان" بەدەست بهێننەوە.

هەروەها لە ویستێکی نارۆشنەوە پێشنیازی ئەوەی کرد کە هاوپەیمانەکان لەو بیانووە سادەیەی (شەکەتیی دوای جەنگ) یان زیاتر بە دەستەوە بوو بۆ ڕەتکردنەوەی ڕێگرتن لەوەی ئەرمەنەکان قەرەبوویەکیان بدرێتێ. دەڵێت: "چۆن کار گەیشتە ئەوەی هاوپەیمانەکان بەو خوێنساردی و پشوودرێژییەوە مامەڵە لەگەڵ ڕژێمی تورکیدا بکەن -ئەو ڕژێمەی لە ١٩١٥دا یەک ملیۆن کریستیانی هاووڵاتیی خۆی قەتلوعام کرد- و بەرامبەر بەو هەموو تاوانانە ئەو هەڵوێستە سەروو ئاساییەیان هەبێت؟ ئەوە لوغز و مەتەڵەکەیە، هەرچەندە، وەک بۆ من ڕوونە، لە لای هەندێک لە ئێوەمانانیش لێکدانەوەی بۆ هەیە. بەڵام نهێنییەکە لەو جۆرە نهێنییانەیە کە (هیرۆدۆتس) لە بارەی هەندێک چیرۆکەوە بیستبوونی و کاهینە میسرییەکان بۆیان گێڕابووەوە، کەچی بە ناوی خۆیەوە ڕایگەیاندبوون، گوایە لە لایەن ئەوەوە (واتە لە لایەن هیرۆدۆتەوە) بەخێر ئاشکرا کراون"[٧٠]. ئەرمەنەکان وەکو برایس

[٧٠] وەرگێڕ: مەبەستەکە ئەوەیە کە ئەو نهێنییە لە لایەن نووسەرەوە ئاشکرا نەکراوە، چونکە پێشووتر بۆ خۆی ئاشکرا ىووە هەر وەکو چۆن (هیرۆدۆتس)ی مێژوونووسی بەناوبانگی یۆنانی کۆن ئەو چیرۆکانەی ئاشکرا نەکردبوو، چونکە پێشتر لە لایەن کاهینە میسرییەکانەوە ئاشکرا کراون و ئەو تەنها چیرۆکەکانی وەرگرتووە و گواستوویەتیەوە ناو کتێبەکانی خۆی، بەڵام وەک دۆزراوەیەکی تایبەت بە خۆی باسی کردوون.

دەڵێت: «لە یەکەمین جەنگی جیهانیدا لە هەموو گەلانی تر زیاتر تووشی ئازار و چەرمەسەری بوون و زۆر دلڕەقانە بۆ خۆیان و گیروگرفتەکانیان جێهێڵران».

ئەو نهێنییە چی بوو گوایە «برایس» بەوپەڕی بڕوابوون بە خۆی پەیی پێ بردبوو؟ ئایا هەر ئەو زمانە لووس و ڕازاوەیە بوو کە بۆ ڕاگەیاندنی ناپەیگیری و ڕاڕایی و دەستەپاچەیی هاوپەیمانەکانی پاش جەنگ بەکار هێنران؟ یان مەبەستی ئەوە بوو بەریتانیای مەزن و فەڕەنسا دەیانویست تورکیا بهێننە ڕیزی هاوپەیمانێتیی خۆیانەوە بە ڕەچاوکردنی مەترسییەکانی دەوڵەتی نوێی بەلشەفی، کە پێشبینیی ئەوەی لێ دەکرا لە کورتماوەدا هەڕەشە بۆ سەر کێڵگە نەوتییەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دروست بکات... لە ڕێگای هێڵی شەمەندەفەری قەوقازییەوە، لەشکری بەریتانیا وەک دەستپێشخەرییەک بۆ هێرش لە دژی بەلشەفیکەکان ئاڕاستە کرا (ئەوانەی هەر وەک چاودێرێکی ئەو سەردەمانە گوزارشتی لێ کردبوو، بۆنی کێڵگە نەوتییەکانی –باکۆ–یان کردبوو) بەریتانییەکان دەیانویست بەو جۆرە لە ماوەیەکی کورتدا گەرەنتییەک بۆ سەربەخۆیی جۆرجیا و ئازربایجان و دەوڵەتێکی لاوازی ئەرمەنی دابین بکەن، بەڵام کاتێک لە ١٩٢٠دا لەشکری شانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا) خۆی کێشایەوە، ئەو سێ گەلە خرانە سەر یەکێتیی سۆڤێت.

لە تورکمانستاندا کە شانشینی یەکگرتوو ئەوپەڕی بەرژەوەندیی لەوەدا بوو پێشگیری بکات لە دەستڕاگەیشتنی ئەڵمانیا بە سەرچاوەیەکی گەورەی بەروبوومی لۆکە، هێزە چەکدارەکانی

بەریتانیا لە دژی ڕووسەکان بە کردەوە جەنگیان بەرپا کرد و شەڕیان هەڵایساند، ئەویش بە هاوکارییەکی تەواوی لایەنگرە تورکەکانی ئەنوەر پاشا... ئەمە ئاڵوویرێکی نامۆ و ناوازەی هاوپەیمانێتی بوو لە بەرامبەر ڕووسیای تزاریدا، کە نوقمی قەیرانی شۆڕشی ١٩١٧ ببوو، پاش ئەوەی هاوپەیمانێکی بەریتانیا بوو.

## ٨

ئەرمەنەکان تەنها لە گۆشەیەکی بچووکی سەر زەمینەکانی باووباپیرانی خۆیاندا توانیبوویان خۆیان بپارێزن و بە زیندوویی دەربچن، ئەویش لە ناوچەی ئەلێکساندریتا (Alexandretta) و لە قەڵا گرتووخانەکەی (مووساداغ) (musa dag) بوو، کە هەنووکە وێرانەیە و بیست کیلۆمەترێک کەوتۆتە لای ڕۆژئاوای (ئانتیۆچی) (antiochie)یەوە، واتە ئەو شوێنەی کە ئەرمەنییە ئابلۆقەدراوەکان تیایدا ئەوپەڕی خۆڕاگرییان نیشان دا، هەر وەکو لە ڕۆمانەکەی (ڤێرفڵ) (Werfel)دا نووسراوە. ناوچەی ئەلێکساندرێتا کە دەکەوێتە ئەوپەڕی باکووری ڕۆژئاوای سوریاوە، کەوتە ژێر دەسەڵاتی فەڕەنسای کۆلۆنیالییەوە.

ئەویش بەو واتایە بوو لە ساڵی ١٩١٨دا هەزاران ئەرمەنی بتوانن بگەڕێنەوە سەر ماڵوحاڵە تالانکراو و وێرانکراوەکانیان.

بەڵام بۆ ئەوەی لە بەشی زۆری ئەو خیانەتە لەبیرکراوە تێبگەین (کە لە لایەن فەڕەنساوە بەرامبەر بە ئەرمەنەکان ئەنجام دراوە – وەرگێڕ)، پێویستە خوێنەر سەردانێکی گوندی (ئانجار) (aanjar) بکات، ئەو گوندە بچکۆلانە پڕ لە ئازار و خەمەی لوبنان کە ماڵەکانی بە گوڵێکی زۆر دەورە دراون.

دەستپێک لەگەڵ ڕێگای چوونە ژوورەوەی گوندەکەدا دەست پێ دەکات: بە بەردەمی دەرگای ماڵەکاندا کە شانیان بە شانی یەکترەوەیە، تا دەگاتە باخچەی قەشە (ئاشۆد کارکاشیان) (ashod karkashian) ڕووبارۆچکەیەک ڕیزە گوڵی سوور و پەمەیی کەروێشکە دەکەن و پێدەچێت گاڵتەیان بەو هەموو ئازارە بێپایانەی ئەو کۆمەڵە ئەرمەنییە بێت، کە ئەو گوندەیان لە ڕۆژهەڵاتی لوبنان لە ١٩٣٩دا لەسەر گۆماوەکانی مەلاریادا دروست کرد. دیارە شانازی بە خۆیانەوە دەکەن، کە ئێستا کاتێک پاسپۆرتی لوبنانییان لە باخەڵدا هەڵگرتووە، بەڵام ئەوان نهێنیگەلێکی زۆر قورسیشیان لە ناوەوەی خۆیاندا و لە ناخیاندا لە بارەی ڕابردووی ئەرمەنەکانەوە هەڵگرتووە. ئەو کۆمەڵە ئەرمەنییە لە سەدەیەکدا دوو جاران لەسەر خاک و زێدی باوباپیرانی خۆیان وەدەرنران، یەکەمجار لە ١٩١٥دا و جارێکی تریش لە ١٩٣٩دا. ئەوان بە حەق تاوانی هەردوو کۆچپێکردنەکە دەخەنە ئەستۆی تورکەکان، بەڵام لە هەمان کاتدا و بە هەمان ڕادە فەڕەنسییەکانیش تاوانبار دەکەن (بە تایبەتی بۆ کۆچپێکردنەکەی ساڵی ١٩٣٩ – وەرگێڕ)، تاڕادەیەکیش هیتلەر تاوانبار دەکەن، بەڵام بە تایبەتی و لە پلەی یەکەمدا فەڕەنسا بە تاوانبار دەزانن. (ڤیکتۆریا) (Victoria)ی خوشکی قەشە کارکاشیان لە ١٩٣٩دا تەمەنی تەنها دە ساڵ بوو، بەڵام زۆر بە چاکی ڕووداوەکانی ئەو دووەمین کارەساتەی لە یاد ماوە کە بەسەر خێزانەکەیدا هاتووە، کارەساتێک کە بە بەراورد لەگەڵ کۆمەڵکوژییەکانی ١٩١٥دا دەکرێت بە جینۆسایدێکی بچووک ناو ببرێت، ئەگەرچی بە هەمان ڕادەش ترسناک بوو، وتی:

”لەشکری فەڕەنسی بە درێژایی ڕێگا لەگەڵماندا بوون، بەڵام ئێمە بە بەرچاویانەوە دەمردین. براکەم (ڤارۆژان) (varoujan) ئەو کاتە تەمەنی تەنها دوو ساڵ بوو، بەڵام بینیم چۆن لە ئامێزی دایکمدا گیانی ئەدا. وەک زۆربەی ئێمە، ئەویش تووشی مەلاریا ببوو، دیار بوو فەڕەنسییەکان نەیاندەزانی دەبێت چی لە ئێمە بکەن. یەکەمجار ئێمەیان بۆ چل ڕۆژ برد بۆ (عەیباسید) (aybassid) لە سوریا. پاشان ئێمەیان لە کەشتییەکدا بار کرد و دوای حەوت ڕۆژ لە تەرابلوس لە (باکووری لوبنان) دایانگرتین.

ئەوجا ئێمەیان لە شەمەندەفەرێکی گواستنەوەی پاتاڵدا بار کرد بەرەو ڕایاک (rayak)، پاشان لە ڕایاکەوە هێنایانین بۆ ئانجار، کە تا ئێستاش هەر لێرە ماوینەتەوە“.

وەکو زۆربەی ئەرمەنەکانی گوندی ئانجار، قەشە کارکاشیان و خوشکەکەی لە (مووساداغ)ەوە کۆچیان پێ کرابوو، ئەو مووساداغەی ئێستاکانێ دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیاوە و لە کاتی جێبەجێکردنی جینۆسایدی ١٩١٥دا قەڵای پتەوی ئەرمەنەکان بوو، کە توانی بۆ ماوەی چل ڕۆژ خۆی لە بەردەم هەموو پێشهاتە کارەساتبارەکاندا ڕابگرێت. سەرەنجام ئەرمەنەکانی مووساداغ لە لایەن کەشتییە جەنگییە فەڕەنسی و بەریتانییەکانەوە گوازرانەوە بۆ وڵاتی میسر و پاش یەکەمین جەنگی جیهانیش لەژێر چاودێریی لەشکری فەڕەنسیدا گەڕاندیاننەوە بۆ زێدی خۆیان. بەو جۆرە لەوێدا لە بەشێکی مانداتی فەڕەنسی بەسەر سوریاوە ژیانیان گوزەراند تا لە ساڵی ١٩٣٩دا فەرمانڕەوایانی فەڕەنسی مووساداغ و گەورە شاری ئەلێکساندرێتا (واتە ئەسکەندەروونە)

یان بەخشییە تورکیا، ئەویش لە هەوڵێکی نەزۆکانەدا بۆ ڕاکێشانی تورکیا بۆ ڕیزی هاوپەیمانەکان لە دژی هیتلەر.

منداڵەکانی کارکاشیان[٧١] هەموویان لەدایکبووی دوای یەکەمین هۆلۆکۆستی ساڵی ١٩١٥ن، بەڵام بەشی زۆری دراوسێکانیان بێ دایک و باوک بوون. تەنانەت دوای ئەوەیش کە هێنران بۆ ئانجار، کە لەو کاتەدا لە قەڵەمڕەوی (لوبنانی گەورە) لەژێر ماندانی فەڕەنسیدا بوو، کۆتایی بە ئازارەکانیان نەهات. لەو بارەیەوە قەشە کارکاشیان دەڵێت: «ئەم شوێن و دەوروبەرە دارستانێکی سروشتی و مۆڵگەی مێشوولە بوو. فەڕەنسییەکان بیستوپێنج لیرەی لوبنانییان دا بە هەر کەسێک (خێزانێک) بۆ ئەوەی داروبەردی ئەو شوێنە ببڕنەوە و بشکێنن و خانوو بۆ خۆیان دروست بکەن، بەڵام بەشێکی زۆری خەڵکەکە تووشی مەلاریا بوون و بەو دەردەوە مردن». لە ماوەی یەکەمین و دووەمین ساڵی ئەو بەڵایەی بەسەریاندا هاتبوو، واتە لە ١٩٤٠دا کاتێک بەشی زۆری ئەورووپا نوقمی جەنگ ببوو، ئەرمەنەکانی ئانجار هەزار ژن و پیاویان بە نەخۆشی مەلاریا لێ فەوتا. کێلە قەبرە درزبردووەکان تاکو ئێستاش لە باکووری گوندەکەدا ماونەتەوە.

دیوارەکانی کەنیسەی پۆڵسی پیرۆز (سینت پۆڵس) لە ئانجار بە وێنەکانی تراجیدیای ئەرمەنەکان داپۆشرابوون. یەکێک لەو فۆتۆیانە کە لە ساڵی ١٩١٥دا گیراوە، ڕزگاربووەکانی مووساداغ نیشان دەدات کە لەوپەڕی بێزاری و بێتاقەتی و بێهیواییدان و لە

[٧١] وەرگێڕ: واتە ئەو نەوەیەی نازناوی کارکاشیانیان هەڵگرتووە و نووسەر چاوپێکەوتنی لەگەڵیاندا کردووە.

هەوڵی ئەوەدان سەر کەشتییەکی جەنگیی هاوپەیمانەکان بکەون.

لە فۆتۆیەکی تردا چەند ئەفسەرێکی فەڕەنسی دەبینرێن، کە لە کاتی گەڕانەوەیاندا لە شاری ئەسکەندەروونە سڵاو بۆ پێشوازیکارانیان دەکەن، کە پێکهاتبوون لە گەورە پیاوانی ئایینی لە ئەرمەنەکان و ژمارەیەک پیاوانی سەر بە (تیپی سەربازیی ئەرمەنی) ی سەر بە لەشکری فەڕەنسی. لە ساڵی ١٩٣٠دا مۆنۆمێنتێکیان بۆ یادی ئابلۆقەدانە بەناوبانگەکەی ١٩١٥ دروست کرد، کە پاشان لە لایەن تورکەکانەوە تێکدرا. کاتێکیش بۆ دووەمین جار بەر لە دەستپێکردنی دووەمین جەنگی جیهانی ناچار کران بەکۆمەڵ ئاوارە ببنەوە، ئەرمەنەکان ئێسکوپرووسکی مردووەکانی خۆیانیان لەگەڵ خۆیاندا برد، هەر وەک جۆن سێربییەکان ئەوەیان کرد[٧٢]. پاشماوەی ئێسکوپرووسکی هەژدە (شەهید)[٧٣]ی ساڵی ١٩١٥، کە لاشەکانیان لە لایەن تورکەکانەوە هیچ دەستکاری نەکرابوون تا ئەو کاتەی فەڕەنسییەکان لە ساڵی ١٩١٨دا ئەرمەنەکانیان هێنایەوە، لە ساڵی ١٩٣٩دا هەر لەگەڵ ئاوارەکاندا بار کران و لەگەڵ زیندووەکاندا هێنران بۆ ئانجار. ئێستا هەموویان لە تابووتێکی لە مەڕمەڕ دروستکراودا لە تەنیشت کەنیسەی پۆڵسی پیرۆزدا

---

٧٢ وەرگێڕ: سێرڤییەکان، یان سێربییەکان ئەو گەلەن کە بە زمانی سێربی وەک بەشێک لە کۆمەڵە زمانی (سلاڤی- باشوور) دەدوێن و نیشتەجێی بەشێکی ناوچەی بەڵکانن (بەڵقان). بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لەژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکان داگیرکراو بوون و دەردەسەری و چەرمەسەریی زۆریان بە دەستی عوسمانییەکانەوە دیوە و وەک نیمچە کۆیلە لە لایەن تورکەکانەوە ڕەفتاریان لەگەڵدا کراوە. ئەوە هۆیەکی سەرەکی- مێژوویی بووە بۆ ڕق و کینەی سیربییەکان کە بەرامبەر بە مسوڵمانەکان هەیانە.

٧٣ نووسەر وشەی شەهیدی خستووەتە کەوانەوە.

نێژراون. بە زمانی ئەرمەنی لەسەر ئەو مەڕمەڕە نووسراوە: «بۆ یادی هەتاهەتایی».

بەڵام یادەوەرییەکان بۆ دانیشتوانی ئانجار وردەوردە کز و هێمنتر بوونەتەوە. قەشە کارکاشیان دەڵێت: «دوای ئەوەی لە ئەلکساندرێتەوە هێنراینە ئێرە، لە دە ساڵی یەکەمدا ئەو شەش هەزار کەسەی بەر ئەم شوێنە کەوتن، دەیانویست بگەڕێنەوە. کەچی لە دوای دووەمین جەنگی جیهانیدا بەشێکی زۆر خەڵکەکەمان بەرەو ئەمریکای باشوور کۆچیان کرد. ئێستا چیتر نامانەوێت بگەڕێینەوە، بەڵام پار خۆم بە گەشت چوومەوە ئەوێ. بەڵێ، ئێستا کۆمەڵەیەکی زۆر بچووکی ئەرمەنی لەو پارچە سەرزەمینەی ئێستای تورکیادا لە دەوروبەری مووساداغدا ماونەتەوە. نزیکەی (٣٠) خێزانێک دەبن. تەنانەت کەنیسەی ئەرمەنەکانیشیان نوێ کردووەتەوە. تورکەکان ئێستا لەوێ لەگەڵ ئێمەدا نەرم و خۆشگۆن.

من وای تێدەگەم ئەوان دەزانن چی لەو سەرزەمینەدا ڕوویداوە، لەبەر ئەوە ڕێزمان لێدەگرن، چونکە چاک دەزانن کە لەسەر زێدی ئێمە دانیشتوون».

کاری ئابڕووبەرانەی فەڕەنسییەکان سەبارەت بە ڕادەستکردنی سەنجەقی (یان هەرێمی) ئەسکەندەروونە بە تورکەکان (کە مووسا داغ بەشێکی بوو)[٧٤]، یەکێکە لەو چیرۆکە خەمناکانەی

---

[٧٤] وەرگێڕ: سنجەق ناوی کۆنی هەرێمە کارگێڕییەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی بوو کە بە عەرەبی ناوی (ویلایەت)ی لێدەنرا. بۆ نموونە جاران کوردستانی باشوور بە سەنجەق یان ویلایەتی شارەزوور ناسرا بوو، کە ناوەندەکەی کەرکوک بوو. پاشان عێراقی ئێستا کرابوو بە سێ سەنجەقی (موسڵ، بەغداد، بەسرە).

دووەمین جەنگی جیهانی، کە زۆر بە دەگمەن باس دەکرێت و لە یاددا ماوەتەوە. فەڕەنسا لەوە تۆقی بوو تورکیا هەر وەک چۆن لە یەکەمین جەنگی جیهانیدا بەرەی ئەڵمانیای هەڵبژاردبوو، ئەمجارەش بچێتە پاڵ وڵاتانی میحوەرەوە[٧٥]. لەبەر ئەوە فەڕەنسا پەنای بردە بەر ڕیفراندۆمێک لە هەرێمی ئەلیکساندرێتە بۆ ئەوەی دانیشتوانەکەی لە ئەرمەنەکان و تورکەکان ناسنامەی خۆیان و ناوچەکە هەڵبژێرن. تورکەکان دەیان هەزار تورکیان بە سواری شەمەندەفەری بار و لۆریی گواستنەوە بۆ ئەو ناوچانەی سەر بەو (سنجق)ە بوون بۆ بەشداریکردن لەو ڕیفراندۆمە، کە بێگومان بەو جۆرە گەل بڕیاری دا بەشێک بن لە تورکیا. قەشە کارکاشیان گوتی: «ڕژێمی فەڕەنسی بڕیاری دابوو ویلایەتەکە تەسلیم بە تورکیا بکات. بێگومان ئەرمەنەکان درکیان بەوە کرد کە چیتر ناتوانن لەو ناوچەیەدا بمێننەوە، لەبەر ئەوە داوایان لە حکومەتی فەڕەنسی کرد بۆ شوێنێکی تر بیانگوازنەوە و نیشتەجێیان بکەن. نەیاندەویست هیچ سەروکاریان لەگەڵ تورکەکاندا هەبێت. بەو جۆرە چۆڵیان کرد. فەڕەنسییەکان تەنیا چاویان لە بەرژەوەندییەکی بچووکی هەلپەرستانەی خۆیان بوو. لەوەدا من فەڕەنسییەکان تاوانبار دەکەم».

بەو جۆرە سنجەقی ئالێکساندرێتە کرا بە هەرێمی (حەتای) (hatay)ی تورکی و شاری ئەلێکساندرێتەش گۆڕدرا بۆ

---

[٧٥] وەرگێڕ: لە دووەمین جەنگی جیهانیدا وڵاتانی هاوپەیمان (بەریتانیا، فەڕەنسا، ڕووسیا، ئەمریکا...هتد)، بەرامبەر بە وڵاتانی میحوەر (ئەڵمانیا، ئیتاڵیا، یابان...هتد) دەجەنگین.

ئیسکەندەروون. پۆپەی گاڵتەجاڕییەکەش لەوەدا بوو کە تورکیا تەنها لە دواهەمین ڕۆژەکانی جەنگدا خۆی لە دژی هیتلەر بە هاوپەیمانەکانەوە گرێ دا. ئەوەیش لەو کاتەدا بوو کە هیتلەر لە حەشارگە ژێرزەمینییەکەیدا لە بەرلین، نزیک بە خۆکوشتن ببووەوە و ڕایخی سێیەمیش ڕووی لە هەرەس بوو. بەڵێ، ئەلیکساندرێتە لەپێناوی هیچدا کرا بە قوربانی.

گیانی مردووەکان تا ئێستایش باڵەفڕییانە و کۆچیان نەکردووە (واتە ئەو کێشەیە هەروا بە زوویی کۆتایی پێ نەهات. لە کوردەواریدا دەڵێن؛ جاریٚ چلەی بەسەر نەچووە – وەرگێڕ). لە ١٩٩٨دا (مەسعود یەڵماز)ی سەرەکوەزیرانی تورکیا هەڕەشەی ناڕاستەوخۆی لە سوریا کرد، کە هاوپشتی گەریلا جەنگاوەرەکانی پارتی کرێکارانی کوردی (پ. ک. ک)ی ڕادیکاڵ بوو[٧٦] و لە بەری ئەوبەری سنوورەکانی تورکیاوە چالاکییەکانیان لە دژی تورکیا ئاڕاستە و پشتگیری دەکرد. ناوبراو بۆنەی فەرمیی یادکردنەوەی ساڵانەی ڕادەستکردنی ئەلێکساندرێتەی لە لایەن فەڕەنسییەکانەوە بۆ تورکیا بە هەل قۆستەوە تا ڕایبگەیەنێت کە «ئەوانەی چاویان بڕیوەتە خاکی تورکییەوە کوێرن، تەنانەت یەک سانتیمەتر چوارگۆشەی ئەم خاکەیان چنگ ناکەوێت».

[٧٦] وەرگێڕ: نووسەر پارتی کرێکارانی کوردستان (pkk)ی بە پارتێکی کۆمۆنیستی ناو بردووە، بەڵام ئەو پارتە لە ڕووی میتۆدی سیاسی و جیهانبینییەوە بە هیچ پێوەرێک نە کۆمۆنیستی و نە سۆسیالیستییە، بەڵکو ئەو پارتە لە واقیعدا لە بیر وئایدیا و پراکتیکە سیاسی و حیزبییەکانیدا و لە ڕووی دروشم و ئامانجە دوور و نزیکەکانیەوە پارتێکی ناسیۆنالیستیی ڕادیکاڵییە، کە لەم ساڵانەی دواییدا ڕووی لەوەیە ببێتە پارتێکی ناسیۆنالیستیی لیبراڵی.

بـەڵام ئەلێکساندرێتە بەشـە خـاک و سـەرزەمـین و زێدی ئەرمەنەکان بـووە[٧٧]. زۆر ڕوون و ئاشکرایە کە ڕێککەوتننامەی سیڤەر، جگە لە هەندێک وشـەی مـردووی سەر کاغەز، هیچیتر نەبووە.

جیهان ژمارەیەکی زۆر جینۆسایدی بچووک و گـەورەی بە خۆیەوە بینیوە، کە هەندێکیان بەهۆی زۆریی شایەتحاڵەکان و بەڵگەکانەوە بۆ ئێمەومانان ئاشکرا بوون، بەڵام بۆ هەندێکی تریان هەر وەکو کوێر واین و ئاگادارییەکمان لە بارەیانەوە نییە، لە چەشنی ئەو منداڵە ئەرمەنییە دەربازبووانەی جینۆسایدی ئەرمەنەکان کە بەهۆی چڵکاوەکانی خۆشۆرگەی خانەی هەتیوانەوە هێزی بینایی چاویان لەدەست دابوو. ئەوانە لە ساڵی ١٩١٦دا هێنرابوونە ئەوێ.

(مارک لیڤینی) (mark levene) لە توێی کتێبێکدا[٧٨] ڕێپۆرتاژێکی ورد و دوورودرێـژی لە بـارەی ئـەو گەلکوژییانەوە پێشکەش کردووە کە ناوبانگی کەمتریان هەیە (یان هەر کەس باسیان ناکات

---

[٧٧] وەرگێڕ: واتە سوریا و تورکیا شەڕی سارد و ناکۆکییان لەسەر خاک و سەرزەمینێکە، کە لە ڕووی مێژووییەوە –نە هی عەرەبە و نە هی تورکە– بەڵکو لە بناغەدا هی ئەرمەنە. تەنانەت هەندێک کوردی دەمارگیر و بیرتەسکی خۆیشمان هەن لە نەخشەی کوردستاندا ناوچەی ئەلیکساندرێتەشی (واتە ئەسکەندەروونە) دەخەنە سەر و بە خەیاڵێکی سەقەتەوە پێوەی دەلکێنن و سنووری کوردستان بە تۆپزی و بە پێلەقە بەبێ هەستکردن بە لێپرسراوێتی مێژوویی و ئەخلاقی دەگەیەننە سەر کەنارەکانی دەریای ناوەڕاست.

[٧٨] See: levens “A moving target, the usual auspects and (maybe) a smoking gun: the problem of pinning blame in modern genocide”, in (patterns of from: R. S. Stafford: the 4 no, 33, prejudice) dl, tragedy of the Assyrians- londen, allen and unwin 1935, p 167- 177).

و لەبیر چوونەتەوە – وەرگێڕ) لە چەشنی جاڕی بەرپاکردنی شاڵاوی لەناوبردنی بەکۆمەڵی ئاشوورییەکان (ئەوانەی ژێر دەستی عێراق – وەرگێڕ)، کە لە ساڵی ١٩٣٣دا لە لایەن لەشکری نەوزادی عێراقەوە ڕاگەیەنرا. (ئەو خوێنەرانەی ئاگاداری ئەو کتێبەن با دەستیان بڵند بکەنەوە) [٧٩]. لە نزیکەی شاری دهۆکەوە سەربازەکان تێکڕای دانیشتوانی گوندی (سوممێل)یان بەکۆمەڵ لەناو برد. ئەو جووتە ئافرەتەی بە زیندوویی ڕزگاریان بوو، پاشان بوون بە نێچیری (گرووپەکانی دەستدرێژی) (مجموعات الاغتصاب).

کوردەکان کە ڕەگەزی زۆرینە و باڵادەستی ناوچەکەیان پێکدەهێنا، بەشدارییان لەو کۆمەڵکوژییەدا کرد، بە هەمان شێوەی هەژدە ساڵ بەر لەو کارەساتە، کاتێک نزیکەی هەمان ئەو کوردانەی ئەو سنوورانەی تورکیا بوون، کە ئەرمەنەکانیان دەڕفاندن و دەیانکوشتن.

هەموو ئەوانەش لە سایەی دەسەڵاتی بەریتانیا لە عێراقدا ڕوویان دەدا. پشکنەری کارگێڕی- لۆکاڵی لە عێراقدا کۆلۆنێل (ستافورد) (R. S. stafoord) لەو بارەیەوە ڕاپۆرتێکی ئاڕاستەی لەندەن کردووە و ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەفسەرە عێراقییەکان بڕیاریان داوە ئاشوورییەکان بە کۆمەڵ لەناو بەرن بە نیەتی ئاشکرای ئەوەی ”ئەو گەلە بە یەکجارەکی نەهێڵن“، ئەم ئاشووریانە لە سەرەتاوە لە تورکیاوە ئاوارە بوون و ڕاوەدوو نراون. کاتێک

[٧٩] وەرگێڕ: مەبەستی نووسەر ئەوەیە کە ئەو کەسانە زۆر کەم و دەگمەنن. مەبەستی دووەمیشی ئەوەیە، کارەساتەکە کەم کەس پێی زانیوە، یان تەنانەت هیچ کەسێک باسی ناکات و لەبیر براونەتەوە.

کە گوندەکەیان بەر شاڵاوەکانی جینۆساید کەوتووە (لە تورکیای عوسمانیدا – وەرگێڕ). یەکەمجار پەنایان بردووەتە بەر ئێران[80]، پاشان لە لایەن بەریتانییەکانەوە هێنرانە ناوچەیەکی نزیک شاری موسڵ کە دواتر دەبێتە بەشێک لەو دەوڵەتەی ناوی نراوە عێراق[81].

٨٠ وەرگێڕ: لە ناوچەکانی ورمێ لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێراندا نیشتەجێ ببوون.

٨١ وەرگێڕ: تورکیای ئەو سەردەمە دەستێکی باڵای هەبوو بۆ ئەوەی ئاشوورییە دەربەدەرکراوەکان تەنانەت لە ئێرانیشدا (لە ناوچە کوردییەکانی ورمێدا) نەحەوێنەوە و بەردەوام هەڕەشەی هەبووە بۆ سەریان، ئەوە سەرەڕای هاندانی هەندێک کوردی کورتبینی ئەو ناوچانە لە دژیان. یەکێک لە هەڵە گەورە مێژووییەکانی سمکۆی شکاک کوشتنی (مارشەمعون)ی سەرۆکی ئایینی و دنیایی ئاشوورییەکان بوو لە ورمێ. جیاوازیی ئایینی و وروژاندنی دەمارگیریی ئایینی، هەمیشە ئەو ڕێگا ئاسانە بووە بۆ هاندان و بەکارهێنانی کوردەکان لە دژی ئەرمەنی و ئاشوورییەکان. ئەوە سەرەڕای وەبەرنانی تەماحی تالانی و مسۆگەرکردنی بەهەشت بە هەموو حۆرییەکانەوە. ئینگلیزیش ئەگەرچی بە گواستنەوەی ئاشوورییەکان بۆ ناوچە کوردییەکانی کوردستانی ئێستای ژێر دەسەڵاتی عێراق بووە هۆکاری ئەوەی بە شێوەیەکی ڕێژەیی پاشماوەی ئاشوورییەکان لە ئەگەری قڕکردنی تری بەکۆمەڵ دوور بخاتەوە، بەڵام لەو هەڵوێستەیاندا مەبەستی ڕاستەوخۆ و سەرەکیی ئینگلیز هەرگیز خەمخۆری نەبووە بۆ ئاشوورییە هاودینەکانی خۆیان بە بەڵگەی ئەوەی ملیۆنونیوێک ئەرمەنییان بە بەرچاویانەوە لە تورکیای عوسمانیدا لەناو برد بێ ئەوەی نقەیەکیان لێ بێت. هەر وەک چۆن لە بەرامبەر پرۆسەی قڕکردنی بەکۆمەڵی بەشێک لە ئاشوورییەکان لە لایەن لەشکر و حکومەتی پادشایی عێراقەوە لە ١٩٣٣ بە تایبەتی لە ناوچەی (سومێڵ) نەهاتە وەڵام و بێدەنگەیان لێ کرد، بەڵکو ئینگلیزەکان لەو هەڵوێستەیاندا بۆ گواستنەوەی ئاشوورییەکان لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێرانەوە بۆ کوردستانی ژێر دەسەڵاتی منداتی بەریتانی ئەوە بووە بیانکەن بە مورتەزەقەیەکی دڕ و هەرزانی بێ وڵات و خاک، کە ئامادە بوون بە بەڵێنێکی بێبناغەی ئینگلیزەکان بۆ دابینکردن و پێبەخشینی سەر زەمینێک و جێگای نیشتەجێبوونێکی تازە خۆیان بە کوشت بدەن. بەو جۆرە دڕترین مورتەزەقەی ناو لەشکری ئینگلیزی لە عێراقدا و لە دژی شۆڕشەکانی شێخ مەحموود سیخەکانی هیند و ئاشوورییەکان بوون کە لە ڕێگای

ڕووبەڕووبوونەوەی زۆر لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا ڕوویداوە و (لیڤینی) زۆر بە وردی باسی کردوون. هەر لە ساڵی ١٩٣٣وە تا دەگاتە کوشتنی بەشێک لە ئاشوورییەکان لە میانەی شاڵاوەکانی ئەنفالی ١٩٨٨ی سەددام (بڕوانە ئەو کتێبەی وەرگێڕ کە بە ناونیشانی -توونی مەرگ-ەوە لە ١٩٩٥دا چاپی یەکەمی بڵاو کراوەتەوە. لە دواهەمین پاشکۆی ئەو کتێبەماندا لیستی ناوی بەشێک لەو ئاشووریانەمان بڵاو کردووەتەوە کە لە دەرەنجامی شاڵاوەکانی ئەنفالی هەشتدا بێسەروشوێن کراون - وەرگێڕ)، کەچی تەنانەت لە دوای یەکەمین کۆمەڵکوژیشەوە لە ١٩٣٣دا بەریتانییەکان نەیانهێشت بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لە لایەن (کۆمەڵەی گەلان) ەوە لەو بارەیەوە ئەنجام بدرێت، چونکە کارێکی لەو چەشنە ئەگەری ئەوەی لێ دەکەوێتەوە ڕژێمەکەی شای عێراق هەرەس بهێنێت، کە تازە دەسەڵاتدار بوو، بۆ ئەوەی دوای ئەو یەکەمین شەپۆلی کوشتنانە بتوانێت بەبێ قڕە و دەستبەجێ بۆمبەکانیان پێشکەش بە هێزە ئاسمانییە تازە دامەزراوەکەی عێراق بکات بۆ تەواوکردنی شاڵاوی دژە ئاشوورییەکان.[82]. هەروەها بەریتانیا

---

قەسری شیرین و خانەقینەوە گوازرابوونەوە بۆ بەغدا و لەوێشەوە بۆ ناوچە کوردییەکانی دەوروبەری موسڵ. لەو دەورانەدا ئاشوورییەکان دەیانتوانی تا (٣٠) سی هەزار شەڕکەر چەکدار بکەن کە ئینگلیز بەپێی پێویست بە هەموو لایەکدا ڕەوانەی دەکردن و بۆ سەرکوتکردنی نەیارەکانی بەکاری دەهێنان.

٨٢ وەرگێڕ: پێدەچێت بەریتانیا سەودایەکی چەکفرۆشی لەو کاتەدا لەگەڵ عێراقدا ئەنجام دابیت کە بەپێی عورفی نێودەوڵەتی دەبوا بۆ بەرگریکردن لە وڵاتەکە بەکار بهێنرێت، ئەوە لە کاتێکدا بووە کە لەشکری عێراقی پادشایی خەریکی قەتلوعامی ئاشوورییەکان بووە و دەبوا بەریتانیا لانی کەم ئەو سەفقەی چەکە ڕابگرێ و بۆمبەکانی بە عێراق نەفرۆشتایە.

هۆشداری دابوو کە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونێکی ئاشکرای ئەو دۆزە ئەگەری ئەوەی هەیە ببێتە مایەی ورووژاندنێکی گشتی و تەقینەوەی هەستی دژەبێگانە[83]، واتە ئەو شتەی کە پاش حەفتا ساڵی تر ڕوویدا[84].

٨٣ وەرگێڕ: لەو ڕستەیەوە بەرامبەر بە دەستەواژەی (هەستی دژەبێگانە) ئەوە تێدەگەین کە لە لایەکەوە (دژەئاشووری) بگرێتەوە کە ئەو دەمانە بێگانە بوون و چەند ساڵێک ی‌وو هێنرابوونە عێراقەوە، لە لایەکی تریشەوە (دژەئینگلیز) دەگرێتەوە کە بێگانەی سەرەکی و داگیرکەر بوون لەو وڵاتە دەستکردەی بە ناوی عێراقەوە بەسەر گەلانی ناوچەکەدا سەپێنرابوو.

٨٤ وەرگێڕ: دیارە مەبەستی جەنگی ٢٠٠٣ی هاوپەیمانانە لە دژی عێراق کە لە پلەی یەکەمدا ئەمریکا و بەریتانیای گرتەوە، بەڵام پێموایە ئەو جەنگە نەبووە مایەی ورووژاندن و تەقینەوەی هەستی دژە بێگانە لەناو گەلانی عێراقدا (تەنها ڕژێم و دارودەستەکەی نەبێت)، بە پێچەوانەوە (هەستی بێگانەپەرستی) لە ڕقی ڕژێمی دیکتاتۆریدا زۆر پەرەی سەند تا کار گەیشتە ئەو ڕادەیەی لە ٢٠٠٣دا بە چەپڵەڕێزان پێشوازی لە لەشکری بێگانەی ئەمریکی و بەریتانی بکرێت و کلیلی چارەنووسی عێراقیان بە مەمنونییەوە بدرێتە دەست.

## ٩

هەر باسێک لە بارەی کۆمەڵکوژییەوە لە ڕۆژنامەی (دە ئیندیپێندینت) (the independent) کرابێت ئەوە دەسەلمێنێت ئەو بابەتە تا چەندە بە لای خەڵک و خوێنەرانەوە زیندووە. پاش بڵاوکردنەوەی وتارەکەم بە ناونیشانی (یەکەمین هۆڵۆکۆست)، بەڕێوەبەری (ئەنجومەنی نیشتیمانی)ی لێتلاند (letland) لە شانشینی یەکگرتوودا (بەریتانیا) نامەیەکی بۆ ناردووم[٨٥] بۆ ئەوەی وەبیرمی بێنێتەوە کە لە ساڵانی نێوان ١٩٣٠ و ١٩٣٣دا نزیکەی (١١) یانزە ملیۆن کەس «لە ڕێگای برسیکردنەوە» لە ئۆکرانیا لەناو چوون[٨٦]. نووسیویەتی: «بۆ ئەوانە ڕۆژێکی تایبەتی بۆ یادکردنەوە لەئارادا نییە». ئەی چی دەڵێیت لە بارەی ئەو

---

٨٥ نامە بۆ نووسەر لە لایەن (A. V. Ozolin)ەوە لە ٢ی شوباتی ساڵی ٢٠٠٠دا.

٨٦ وەرگێڕ: ئەمە ئەو پرۆسەی جینۆسایدەیە کە لە سەردەمی ڕژێمی ستالیندا ئەنجام دراوە و ناوی (هۆڵۆدۆمۆر)ی لێنراوە، کە دوای هەرەسهێنانی یەکێتیی سۆڤێت نهێنییەکانی ئاشکرا بووە، بەڵام تاکو ئێستاش ڕووسیا ئامادە نییە دان بە ڕوودانی ئەو تاوانانەدا بنێت و بە جینۆساید بیناسێنێت. ئێمە لە ٢٠٠٩دا لە دوو بەشدا وتارێکی درێژمان بۆ یەکەمین جار بە زمانی کوردی لەو بارەیەوە بڵاو کردەوە بە ناونیشانی (لە هۆڵۆدۆمۆرەوە بۆ هۆڵۆکۆست بۆ ئەنفال). بڕوانە؛ (هەفتەنامەی هەواڵ، ژمارە: (٣٢٢)ی ٤/ ٤/ ٢٠٠٩، ژمارە: ٣٢٣ی ١١/ ٤/ ٢٠٠٩).

چەند ملیۆن مسوڵمانەی لە سەدەی نۆزدەهەمدا لەناوبران، کە لە ناوچەکانی بەڵقان و لە ڕووسیاوە وڵاتبەدەر کرابوون «وەک بەشێک لە ئەندامە لەبیرکراوەکانی خودی ئەورووپا» [٨٧] هەر وەک چۆن مێژوونووسێک بەو جۆرە وەسفی کردوون... خوێنەرانێکی تر فشارم بۆ دێنن توێژینەوەیەک ئەنجام بدەم لە بارەی هۆلۆکۆستی کۆنگۆییەکانەوە، کە لە دەورانی فەرمانڕەوایی شا لیۆپۆلد (leopold)ی دووەم لە سەدەی نۆزدەهەمدا ڕوویداوە و لە ئەنجامدا چەند ملیۆن کەسێک گیانیان لەدەست داوە. (لە ڕێگای ڕەفتارکردنی خراپەوە لەگەڵیاندا، یان شەکەت و ماندووکردنی تاقەتپرووکێن، یان بەهۆی برسێتی و نەخۆشییەوە)، ئەویش لەو کەمپانەی کارکردندا کە سووک و ئاسان کاری کۆیلایەتییان پێ ئەنجام دەدان. ئەی چی دەکەیت لە هەمبەر ئەو ئیسپانیانەی لەبەر هۆگەلێکی ڕاستەقینە بڕوایان وایە کە کوشتنە بەکۆمەڵەکانی سی هەزار کەس لە خەڵکی ئۆپۆزیسیۆن (بەرهەڵستکار)ی سیاسی و سەربازی لەسەر دەستی (فرانکۆ)، ئەوانەی تاکو ئێستاش لە (٦٠٠) شەش سەد گۆڕی بەکۆمەڵی پەرتوبڵاو بە ئیسپانیادا نێژراون، ئایا شێوەیەک لە شێوەکانی جینۆساید بووە؟ ”تێبینی: ئەو کوشتارە بەکۆمەڵانە لە ساڵی ١٩٣٩دا ڕوویانداوە، ئەویش پاش سەرکەوتنی هێزە فاشییەکان بە فەرماندەیی جەنەڕاڵ فرانکۆ بەسەر هێزە میللی و دیموکراتیخوازەکانی ئیسپانیادا کە سێ (٣) ساڵ بوو حکومەتیان بەڕێوە دەبرد. ئاشکرایە هۆی سەرەکیی شکستی شۆڕشگێڕەکان

87 Mazower in (the London frview of books), op cit.

ئەوە بووە یەکێتیی سۆڤێت بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی پشتی لە شۆڕشگێڕەکان کرد و پەیماننامەیەکی دۆستایەتی و ستراتیژیی لەگەڵ ئەڵمانیای نازیدا واژۆ کرد، کە بەو جۆرە دەرگای بۆ پڕچەککردنی فاشییەکانی ئیسپانیا لە لایەن نازییەکانی ئەڵمانیاوە ئاوەڵا کرد و شۆڕشگێڕەکانی بۆ چارەنووسی خۆیان جێهێڵا کە بە قەتلوعامی سی هەزار کەس تەواو بوو – وەرگێڕ".

مێژوونووس (نۆرمان داڤیس) (Norman davis) لە ١٩٨٨ نامەیەکی بۆ نووسیوم[٨٨] بۆ ئەوەی وەبیرم بێنێتەوە ئەو پرسیارەی هیتلەر لە بارەی ئەرمەنەکانەوە کردوویەتی، واتە «کێ هەیە تا ئەمڕۆکانە قسەیەک لەبارەی لەناوبردنی ئەرمەنەکانەوە بکات؟»[٨٩] بۆ یەکەمین جار لە لایەن (لویس لۆشنەر)ی سەرۆکی بیرۆی (یەکێتیی ڕاگەیاندن) لە بەرلین و لە ئۆگۆستۆسی ١٩٣٩دا تۆمار کراوە. داڤیس نامەکەی بەم وشانە کۆتایی پێ دێنێت، کە «تۆ خەریک بوو تووشی هەڵەی ئەوە ببیت ڕستەی (کێ هەیە ئەمڕۆکانە لە لەناوبردنی بەکۆمەڵی پۆڵۆنییەکان بپرسێتەوە؟) بخەیتە سەر بابەتەکە».

[٨٨] نامەی نۆرمان داڤیس (Norman davies) لە ١٦ی ئەپریلی ١٩٨٨ بۆ نووسەر.

[٨٩] وەرگێڕ: واتە لەبیر چوونەوە و کەس باسی ناکات. بەو جۆرە هیتلەر ویستوویەتی ئامادەکاریی دەروونی بکات بۆ ئەنجامدانی تاوانەکانی جەنگ و کۆمەڵکوژییەکانی دوای ئەو مێژووە. هەروەها ئەوە نیشان دەدات کە زۆر چاک ئاگاداری تاوانی کۆمەڵکوژیی ئەرمەنەکان بووە و سوودی تەواویان لەو تاقیکردنەوە تاوانکارییە بینیوە و تورکە ڕەگەزپەرستەکان لەو بوارەدا سەرمەشقی هیتلەرییە نازییەکان بوون.

بەڵام بەڵێ، هەر بەدوای جەنگی دووەمی جیهانیدا کیتابێک بەبێ ناوی نووسەرەکەی بڵاو کرایەوە[٩٠]، کە بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو لە لایەن (تۆ بڵێی کێ؟) شاعیری بەناوبانگ (تی. ئێس. ئیلیوت)ەوە پێشەکی بۆ نووسراوە[٩١]، لەوێدا باس لە ئازارەکانی ئەو چەندین ملیۆن پۆڵەندییانە کراوە، کە دوای داگیرکردنی پۆڵۆنیا لە لایەن ئەڵمانیاوە لە ١٩٣٩دا بەکۆمەڵ گواستراونەتەوە و بەهۆی برسێتی، یان لە ڕێگای ترەوە لەناوچوون. لەو کتێبەدا بڕگەیەکی تێدایە هەمیشە هەست و سۆزم دەورووژێنێت، کە باس لە هیوایەکی ناخی دایکێکی پۆڵۆنی دەکات بۆ ئەوەی شەمەندەفەری گواستنەوەی خەڵکەکە بە شەو بەڕێ بکەوێت نەک ڕۆژ: «چونکە شەمەندەفەرەکە بە دەوری گردۆڵکەیەکدا پێچی کردۆتەوە، کە نزیک کێڵگە جێهێڵراوەکەی ئەوان بووە و ئاواتی ئەوەی خواستووە منداڵەکانی ئەو دیمەنە نەبیننەوە، چونکە ئەگەر وانەبێت دەبێت منداڵەکانی ئەو ئازارانە سەرلەنوێ بچێژنەوە. بە داخێکی گرانەوە شەمەندەفەرەکە بە ڕۆژی ڕووناک بەڕێ کەوتووە. کاتێک کە کێڵگەکەیان بەرچاو کەوتووە، دراوسێکان و کەسە نزیکەکانی خۆیان بەسەر گردۆڵکەکەوە بینیوە ڕاوەستاون و قەشەی گوندەکەش مەسیحێکی لەخاچدراوی بە دەستەوە بووە... کاتێک کولخانەی ماڵەکان، بێستانەکان و پەڵە زەوییە کێڵراوەکان

---

٩٠ بڕوانە:
(the dark side of the moon, London, faberm 1946).
نووسەرەکەی نەزانراوە کێیە.

٩١ وەرگێڕ: مەبەست نووسەری قەسیدەی بەناوبانگی (وێرانە خاک –الارض الخراب)ە.

بە تەواوی دەرکەوتن، (تۆماس)ی کوڕی بە دڵێکی کەسەرەوە و بە دەنگێکی خەمبارەوە هاواری کردووە: «دایکە... دایکە... ئەوە بێستانەکەمانە... ئەوە جۆگەلەکەمانە... ئەوە مانگاکەیە دەلەوەڕێت... ئاخر دە دایە بۆ دەبێت ئێمە بڕۆین؟».

ئەو بەڕێکەوتنە بە ڕۆژ، بێتاوانیی تۆماس، خۆشەویستییەکەی بۆ مانگاکەیان، عەزابی دایکەکە کە سات بەدوای سات ڕوونتر بۆی دەردەکەوێت کە شەمەندەفەرەکە بە لای گوند وماڵەکەیاندا تێدەپەڕێت، ئەوجا ئەو پرسیارە قورس و بێ وەڵامەی منداڵەکە، هەموو ئەوانە سەدای دەنگی ملیۆنان خەڵکی ترە، کە بە هەمان هێڵی شەمەندەفەردا تێپەڕ دەکرێن، کاتێک کە هۆلۆکۆستی جووەکان لە مانگان و ساڵانی دوای ئەوەدا ئەنجام دەدرێت. ئەوە بە هەمان شێوە سەدای دەنگی یەکەمین هۆلۆکۆستی ئەرمەنەکانیشە کە بیستوچوار ساڵ لەوەوبەر ڕوویدابوو. (ڕافائیل لیمکین)، کە جوویەکی لەدایکبووی پۆلۆنیایە، بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ١٩٤٤دا وشەی (جینۆساید)ی بۆ کۆمەڵکوژیی ئەرمەنەکان بەکار هێناوە. (سەرنج بدە ئەوەی کە یەکەمین جار بۆ کۆمەڵکوژیی ئەرمەنەکان بەکار هێنراوە، نەک بۆ کۆمەڵکوژیی جووەکان، کە پتر بە تەواوبوونی جەنگ لە ١٩٤٥دا دوورنما و قەبارە ترسناکەکانی دەرکەوت. – وەرگێڕ)، ئەوەیش زاراوەیەک بوو کە یارمەتیی ئەوەی دەدا بناغەیەکی مەعنەوی و قەزایی بۆ کولتوورێکی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ بگەیەنێت.

کەوابوو جینۆسایدێک بەو هەموو بەڵگانەوە، بەو هەموو چیرۆکانەی شایەتحاڵەکانەوە، لەگەڵ ئەو هەموو ڕاپۆرتانەی

دیپلۆماتەکان و تەلەگرافەکانەوە، سەرەڕای پاشماوەکانی ئێسکوپرووسکی ملیۆن و نیوێک قوربانی، چۆن دەتوانرێت نکوڵی لێ بکرێت؟ چۆن دەتوانرێت لە ئاستی تاوانێکی لەو چەشنەی بەکۆمەڵکوشتنی ئەرمەنەکاندا خۆ لە گێلی بدرێت و پەردەپۆش بکرێت؟ یان هەر وەکو هیتلەر پێشنیاری کردبوو، لە بیر بچێتەوە؟ یان بڵێیت یەکەمین هۆلۆکۆست لەم جیهانەدا –ئای کە گاڵتەجاڕییەکی ئازاربەخشە– هەر بە نیوەناچڵییەوە دانی پێدا بنرێت، بەڵام ئاماژەیەک بێت بۆ شوێنانێکی تری کەمتر بەناوبانگی سەر لیستی دڕندایەتی مرۆیی لەسەر نەخشەی سەدەی بیستەمی تاواندا، کە بووە مایەی بەرهەمهێنانی ئەو قەبارە گەورە و بەرفراوانەی بەربەریزم وەک مزگێنیدەرێکی شووم بۆ دڕندایەتییەکانی سەدەی بیستویەک؟

بەداخەوە ئەگەری هەموو ئەوانە لە ئارادایە. کاتێک من بۆ یەکەمین جار لە ١٩٩٣دا وتارم لە بارەی کوشتاری ئەرمەنەکانەوە نووسی، تورکەکان وتیان هەموو ئەوانە هەڵبەستراو و درۆن، هەر وەکو ئەو هەموو کتێب و لێکۆڵینەوە لە ئەژمار نەهاتووانەی تر کە لەو بارەیەوە نووسراون. خوێنەرە تورکەکان بۆ سەرنووسەرەکەمیان نووسیوە و داوایان لێ کردووە کە لە (the independent) دەرم بکات.

نووسیویانە ئەگەر هاووڵاتیی ئەرمەنیش لەناوچووبن (ئەو وشەی –ئەگەر–ە بۆ من زۆر مایەی تێڕامانە)، ئەوە ئیتر دەرئەنجامی ئەو پشێوییە بووە کە لە کاتی یەکەمین جەنگی جیهانیدا بەسەر ئیمپراتۆریای عوسمانیدا زاڵ ببوو. ئەوە پشێوییەکی کۆمەڵایەتیی

ئەوتۆ بوو کە خەڵکێکی بێئەژماری تورکیشی تیا لەناوچوون، لە کاتێکدا میلیشیا و بەکرێگیراوە ئەرمەنەکان بە ئەنقەست لایەنی ڕووسیای قەیسەریان لە دژی تورکیا هەڵبژاردبوو. "ئەوە تاکو ئێستاش پاساوی سەرەکیی تورکە شۆڤێنییەکانە بۆ ئەو کارەساتەی بەسەر ئەرمەنەکاندا هێنرا. لە کارەساتی ئەنفالەکانی لەمەڕ خۆیشماندا لە ١٩٨٧ و ١٩٨٨دا شۆڤێنیزمی عەرەبی لە عێراقدا پاساوێکی هەر لەو چەشنەی بەکار هێنا بۆ جێبەجێکردنی جینۆساید، گوایە تێکڕای خەڵکی گوندنشینی کوردستان لایەنی ئێرانیان لە دژی عێراق هەڵبژاردووە. – وەرگێڕ".

بەو جۆرە هەموو بەڵگەنامەکانی کۆمیسیۆنە ئەوروپییەکان کە لێکۆڵینەوەیان لە بارەی کۆمەڵکوژییەکانەوە کردبوو، ڕیپۆرتاژە زیندووەکانی دەستی یەکەمی ڕۆژنامەوانە ڕۆژئاواییەکان لە بارەی کوشتاری بەکۆمەڵی ئەرمەنەکانی شاری (سمیرنا) (کە ئێستا شاری بەناوبانگی -ئیزمیر-ی گەشتیارییە و ئەو گەشتیارە بەریتانیانەی لەوێدا خۆیان بە بەر هەتاو دەدەن، بێئاگان لەوەی چ کوشتار و خوێنڕێژییەک لەسەر ئەو کەنار ئاوە و دەوروبەریدا ڕوویداوە)، هەروەها ئەو تۆمەتانەی (مۆرگێنتهاو) و (چێرچڵ) خستیانە ئەستۆی تاوانکارانی کۆمەڵکوژییەکان، هەموو ئەوانە (لە لایەن تورکەکانەوە لە کۆن و لە ئێستاشدا – وەرگێڕ) بە پڕوپاگەندە لە دژی تورکیا لێکدرانەوە.

(گولەر کۆکنار) (guller kelner)ی سەرۆکی کۆبوونەوەی یەکێتییەکانی تورکیا- ئەمریکا، نامەیەکی ئاڕاستەی سیمۆن کێلنەری سەرنووسەرەکەم کردووە کە تیایدا ئاماژە بۆ ئەوە

دەکات گوایە ئەرمەنەکان "بە گشتی چوونە پاڵ دوژمنەوە تا بۆ ئەوان بجەنگێن... ببوونە تابووری پێنجەم و جەنگێکی ناوخۆیان لە دژی مسوڵمانەکانی دەوڵەتی عوسمانی دەست پێ کرد..."[٩٢].

لە لایەکی تـرەوە خانم (سۆنا چاکیر) (suna cakir) بۆ خۆمی نووسیوە: ئـەوەی پێی دەڵێن جینۆسایدی ئەرمەنەکان درۆودەلەسە و هەڵبەستراوێکی بێ پەردەیە...[٩٣] کە لە خەیاڵێکی نیەتخراپەوە سەرچاوەیان گرتووە. (ئایگن تات) (aygen tat) یش لە واشنتۆنەوە ئیمێڵێکی بۆ ڕۆژنامەکەم ناردووە بۆ ئەوەی ڕاییگەیەنێت، ئەو وتارەی من لە بارەی جینۆسایدی ئەرمەنەکانەوە نووسیومە، هەڕەشەیە. دواهەمین بڕگەی نامەکەی (تات) دەپرسێت: "بۆچی دەبێت تورکیا و تورکەکان بچنە ژێر باری خەتای ئەو ڕووداوانــەوە کە لە ١٩١٥دا ڕوویـانـداوە؟"[٩٤]. (ئیبراهیم تانسەل) (ibrahim tansel) دەڵێت: "گوێ بدەرە ئەو قسە سەرنجڕاکێشە کە ئـەوەی ناو نـراوە جینۆسایدی ئەرمەنەکان بەشێک بووە لە وەڵامی گوندنشینەکان (ئیبراهیم دەقاودەق بەم جۆرەی نووسیوە). جا بۆ ئەوەی پێشگیری بکرێت لە خوێنڕشتنی زیاتری ئەرمەنەکان، لە ئەنادۆڵەوە ڕاگواستراونەتەوە بۆ لوبنان". ئەو شەپۆلە لە کـاردانـەوە مایەی نیگەرانین، چونکە تاوانکارانی جینۆسایدی ئەرمەنەکان وەک قوربانی نیشان دراون و قوربانییەکانیش کراون بە تاوانکار و درۆزن.

٩٢ ئیمێڵێک لە گولەر کۆکنارەوە بۆ سەرنووسەر، لە ٥ی شوباتی ٢٠٠٠دا.
٩٣ نامەی سونار چاکیر بۆ نووسەر لە ١٥ی ئەپریلی ١٩٩٢دا.
٩٤ ئیمێڵێک لە (ئایگن تات)ەوە بۆ نووسەر، لە ٣ی شووباتی ٢٠٠٠دا.

هەر نامەیەکی تازە کە بۆم نێردراوە، نکوڵییەکی تری خستووەتە سەر کێوی کەڵەکەبووی نکوڵییەکانی پێشووتر. ژمارەیەک لەو نامانە بە ڕوون و ئاشکرا پێیانەوە دیارە کە "نامەی زنجیرەیی"ن و بە هەر کەسێکیان گەیشتبێت، ئەویش بۆ زینجیرە کەسێکی تری ناردووە و پاشان هەموویان بە هەمان میتۆد و ناوەڕۆکەوە ڕەوانــەی لای منیان کــردووە. (ئێس زۆربــا) (S. Zorba)ی دانیشتووی (ڕۆچیستەر)ی سەر بە شاری نیویۆرک، قسە لە بارەی "قوربانییە شوومە بەدبەختەکانی ڕووداوە شوومەکانی پێش سەد ساڵ لەمەوبەر"ەوە[٩٥] دەکات تا ئەوەی دوای چەند ڕستەیەکی تر دەگاتە ناولێنانی کۆمەڵکوژییەکان بە «جینۆسایدی هەڵبەستراو». ئیمێڵێکی تر بە «ڕقهەڵگر» تۆمەتبارم دەکات و پاش ناوزەدکردنم بە «بێئاگا و نەزان و لەخۆبایی»، بە شێوەیەکی زۆر بێپەردە دەڵێت: «لەوانەیە جینۆسایدێک ڕوویدابێت، بەڵام ئەوە هەرگیز ئەرک و کاری تۆ نییە دەستی تێوەردەیت و لە بارەیەوە حوکم بدەیت. ئەوە ئەرکی مێژوونووسانە بکەونە دوای ڕاستییەکان». ئەمە ئەو بڕگە نەشازەی گۆرانییەکی سـواوە کە بە بەردەوامی دووبارە دەکرێتەوە و تەنانەت لە لایـەن سیاسەتکارانی ئیسرائیلیشەوە (ئەگەرچی بڕوانەکردە نییە)، بە نەغمەیەکی تایبەتی دەوترێتەوە. بەڵام ئەوەیان قسەی زیاتر هەڵدەگرێت. (یان کوردگوتەنی: ئەو هەویرە ئاوی زیاتر دەکێشێت. – وەرگێڕ).

---

٩٥ نامە لە زۆربا (zorba)وە بۆ سەرنووسەر، ١ی شوباتی ٢٠٠١.

نابێت وا تێبگەین ئەو هەموو تێبینییانە هەر لە خۆیانەوە پەیدا بوون و بۆ خۆیان لەسەر پێی خۆیان ڕاوەستاون. ئەوانە لە لایەن دیپلۆماتە تورکەکانەوە پشتگیری و ئاڕاستە کراون.

(کورکماز هاکتانیر) (Korkmaz haktanir)ی باڵیۆزی تورکی لە لەندەن لە نامەیەکدا بۆ (the independent) شکاتی ئەوەی کردووە کە "ئەندامێکی زۆری بنەماڵەکەم و کۆمەڵگاکەشیان ئازارێکی زۆریان پێ گەیشتووە و لەسەر دەستی تیرۆریستە ئەرمەنەکاندا گیانیان لەدەست داوە"[٩٦]. بۆ ئەو مەبەستە دوو فۆتۆی ڕەوانە کردووە کە لاشەی ئافرەتێک نیشان دەدەن، کە زۆر دڕندانە ئەتک کراون لە لایەن ئەرمەنەکانەوە (بە گوتەی نووسەری نامەکە) لە گوندەکانی (سوباتان) (subatan) و (میرسینی دەرە) (merseni dere) لە ١٩١٥دا کوژراون. وای لێکداوەتەوە گوایە (فیسک) (fisk)[٩٧] «بێویژدانانە قەتماغەی برینە کۆنەکانی هەڵداوەتەوە»، ئەویش هەرچۆنێک لێکی بدەیتەوە، دانپێدانانێکە کە برینی ڕاستەقینەی ئاشکرا لە ئارادا هەبووە.

هاوپیشەکەی (هاکتانیر) لە ئیسرائیل (بارلاس ئۆزەنیر) (barlas ozener) شتێکی کردووە زۆر لەوەی سەرەوە سەرنجڕاکێشترە، بە تایبەتی ئەگەر بیر لەوە بکەینەوە ناوبراو لە چ جۆرە وڵاتێکدا کار دەکات. لە نامەیەکدا بۆ گۆڤاری ئۆرشەلیم پۆست (Jerusalem post magazine) نووسەری بابەتێک خەتابار دەکات کە لە بارەی "جینۆسایدی گومانلێکراو"ی ئەرمەنەکانەوە نووسراوە

٩٦ نامە لە (کورکماز هاکتانیر)ەوە بۆ سەرنووسەر، ٢١ی مارتی ٢٠٠١.
٩٧ مەبەست لە (ڕۆبەرت فیسک)ی نووسەری ئەم کتێبەیە.

لە هەوڵێکدا بۆ نووسینەوەی سەرلەنوێی مێژوو نووسیویەتی: "ئەفسانەی (هۆلۆکۆستی ئەرمەنەکان)، دەستبەجێ لە یەکەمین جەنگی جیهانیدا داهێنرا، بە هیوای ئەوەی ئەرمەنەکان لە بەرامبەر ئازارەکانیان پاداشتێک و پارچەیەک لە لاشەی ئیمپراتۆریای داڕووخاوی عوسمانییەکانیان بەر بکەوێت"[٩٨]. چ پەیوەندییەک هەیە لەنێوان بەهەندوەرگرتنی چارەنووسی ڕزگاربووانی هۆلۆکۆستی جووەکان لەگەڵ ئەو نکوڵیکردنە پۆلاینیەی جینۆسایدی ئەرمەنەکان کە لەخۆباییبوون دەورووژێنێت؟ بە گوتەی ئۆزەنیر، خانمی ڕۆژنامەوان (مارلین هێنری) «پێنووسەکەی بۆ ئەوە بەکار هێناوە، هێرش بکاتە سەر کنێستی نوێ و حکومەتی نوێی ئیسرائیلی و پەیوەندییەکانی تورکیا- ئیسرائیل».

بەڵام هیچ پێویستی نەدەکرد دیبلۆماتە تورکەکان نیگەرانی ئەوە ببن کە ئیسرائیل لەو بارەیەوە بۆیان ببێتە مایەی سەرئێشە. کاتێک لە ساڵی ١٩٨٢دا کۆنگرەی هۆلۆکۆست لە (تەلئەبیب) ڕێک خرا، حکومەتی تورکی ناڕەزایەتیی خۆی دەربڕی لە دژی پێشکەشکردنی بابەتێک لە بارەی کوشتاری ئەرمەنەکانەوە، لە ئەنجامدا بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو، بەڵام بە ڕاستی ڕوویدا، (ئێلی ڤیسڵ) (elie wiesel)ی ڕزگاربووی کامپی (ئاشڤیتز)ی نازییەکان خۆی لە ئەندامێتی کۆنگرەکە کێشایەوە، ئەویش پاش ئەوەی وەزیری ناوخۆی ئیسرائیل ڕایگەیاند، وروژاندنی ئەو

---

٩٨ نامە لە (ئۆزەنیر)ەوە بۆ گۆڤاری ئورشەلیم پۆست، ١٨ی حوزەیرانی ١٩٩٩. بابەتی ناوبراو لەژێر ناونیشانی (A genocide denid)دا لە لایەن مارلین هێنری (marilyn henry)ەوە نووسرا بوو، لە ٢٨ی ئایاری ١٩٩٩دا بڵاو کراوەتەوە.

بابەتە زیان بە پەیوەندییەکانی ئیسرائیل- تورکیا دەگەیەنێت. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا کۆنگرەکە هەر بەردەوام بوو و چەندین وتاری تیادا لە بارەی جینۆسایدی ئەرمەنەکانەوە پێشکەش کرا. تەنانەت دوای هەوڵە نەزۆکەکانی (شیمۆن پێریز) و داواکردنی لە بەناوبانگترین زانا و شارەزای ئیسرائیلی لە بواری کۆمەڵکوژیدا (ئیسرائیل چارنی) (Israel charney) بۆ ئەوەی دۆسێی بەکۆمەڵکوشتنی ئەرمەنەکان نەکەنەوە، کۆنگرە هەر لە کار نەکەوت.

(پێریز) زیادەڕەویی زۆر زیاتریش دەکات و تا قورقوڕاگەی نوقمی زۆنگاوی بێئاکاریانەی (هۆلۆکۆست نکوڵی) دەبێت. لە ئەپریلی ساڵی ٢٠٠١دا و دەستبەجێ لە میانی سەردانێکی فەرمیدا بۆ (ئانکارا) وەک وەزیری کاروباری دەرەکیی ئیسرائیل (جاڕ) ێک لەو بارەیەوە دەدات. لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانیدا لەگەڵ پەیامنێری ئاژانسی ئانادۆڵیادا پێریز دەڵێت[٩٩]:

«ئێمە دژی ئەو هەوڵانەین کە بەراورد لەنێوان هۆلۆکۆست و ئەرمەنەکاندا دەکەن. هیچ بەڵگەیەک نییە ئەوە بسەلمێنێت (یان دەربخات)، کە هیچ پەیوەندییەکی بە هۆلۆکۆستەوە هەبێت[١٠٠]. ئەوەی تووشی ئەرمەنەکان بوو، تراژیدیا بوو، بەڵام کۆمەڵکوژی نەبووە». ئەگەر بشێ ئەو (ڕاوبۆچوون)ەی ئەرمەنەکانیش لەبەرچاو بگیرێت، دەبێت هەر وەک (پێریز) دەڵێت: «زۆر بە وردی

---

٩٩ لە (the Turkish daily news)دا بڵاو کراوەتەوە، ١٠ی ئەپریلی ٢٠٠١.

١٠٠ وەرگێڕ: لێرەدا مەبەست لە (هۆلۆکۆست) واتا گشتییەکەیەتی، واتە بەکۆمەڵکوشتنی کۆمەڵەیەکی مرۆیی بەهۆی جیاوازیی ئیتنیکی- نەژادی- ئایینی- سیاسی، یان بەشێکی ئەو کۆمەڵە مرۆیە. ئەوەیش جینۆسایدە، بەڵام لە ڕستەی یەکەمی قسەکەی (پێریز)دا مەبەستی ئەو تەنها هۆلۆکۆستی جووەکانە.

و بایەخەوە (لێکۆڵینەوە – وەرگێڕ) ئەنجام بدرێت، بە جۆرێک کە ڕاستییە مێژووییەکان نەشێوێنرێن». ئەو تێبینییە گێرەشێوێنانەی پێرێز (کە ڕاستەوخۆ پێچەوانەی هەموو ڕاستییەکانن، کە دەبێت پێرێز بە دڵنیاییەوە ئاگاداریان بووبێت، پێچەوانەی ڕوونکردنەوەکانی شایەتحاڵەکان و پەیوەندیی ڕاستەوخۆی نێوان جینۆسایدەکەی ساڵی ١٩١٥ و لەناوبردنی بەکۆمەڵی جووەکانی ئەورووپان)، بوونە مایەی وروژاندنی کاردانەوەیەکی بەهێز لە لایەن (ئیسرائیل چارنی)یەوە، کە لە سەدا سەد گەورەترین زانای متمانەپێکراوی ئیسرائیلە لە بواری کۆمەڵکوژیدا.

چارلی لە نامەیەکی تایبەتییدا بۆ شیمۆن پێرێز، نووسیویەتی[١٠١]:

«من وای دەبینم تۆ ئەو سنوورە مەعنەویانەت بەزاندووە کە هیچ جوویەک ڕێگا بە خۆی نادات بیبەزێنێت... دەشێ تۆ بەهۆی ئەوەی چاکتر دەزانن بەرژەوەندی و پێداویستیی دەوڵەتی ئیسرائیل لە چیدایە، ناچار بووبن لەژێر باری لێپرسراوێتیدا ئەو بابەتە لە تورکیادا بەو جۆرە باس بکەن، بەڵام وەک جوویەک و هاووڵاتییەکی ئیسرائیلی من شەرم لە خۆم دەکەم بۆ ئەو ئاستەی کە تۆ بۆی دابەزیویت، تا ئەو ڕادەیەی کە بە ئەنقەست نکوڵیکردن لە جینۆسایدی ئەرمەنەکان ڕابگەیەنیت، ئەویش لە هەمان ئاستی ئەوەدایە نکوڵیت لە هۆلۆکۆستی جووەکان کردبێت».

هەروەها چارنی ئەوە بە بیری پێرێز دێنێتەوە، کە لە کۆنگرەیەکی ساڵی ٢٠٠١دا کە تایبەت بوو بە هۆلۆکۆستی جووەکان و لە فیلادلفیا (ئەمریکا) ڕێک خرابوو، ژمارەیەکی

---

١٠١ نامە لە چارنییەوە بۆ شیمۆن پێرێز (peres)، ١١ی ئەپریل، ٢٠٠١.

زۆری لێکۆڵیارەکان کە لەناویاندا مێژووناسی ئیسرائیلی هەبووە، بەیاننامەیەکی گشتییان واژۆ کردووە و تیایدا ئاماژەی ئاشکرا و ڕوون بۆ ئەوە کراوە کە بەکۆمەڵکوشتنی ئەرمەنەکان ڕاستییەکە حاشا هەڵناگرێت، ئەوەیش لە بەیاننامەکەدا جێگیر کراوە کە لە کۆبوونەوەیەکی ساڵی ١٩٩٧ی یەکێتیی زانایانی جینۆساید بڕیارێک دراوە و ڕاگەیەنراوە کە ئەرمەنەکان قوربانیی جینۆسایدێکی تەواوکار بوون[١٠٢]. هەروەها چارنی کۆڵی لەو هەڵوێستەی خۆی نەدا[١٠٣] کاتێک کە کتێبە دوو بەرگییە زۆر نایابەکەی بە ناونیشانی (ئینسکلۆپیدیای جینۆساید) بڵاو کـردەوە، کە تیایدا چلوپێنج لاپەڕەی تەرخان کردووە بۆ شایەتحاڵە ڕاستەقینەکان و ڕاپۆرتە دیبلۆماسی و ڕۆژنامەوانییەکانی سەروبەندی بەکۆمەڵکوشتنی ئەرمەنەکان، بە تایبەتی هەواڵە ڕیپۆرتاجییەکانی (the new York times)، هەروەها (بە شێوەیەکی زۆر دەگمەنانە) چەندین دەقی دووروودرێژی بڵاو کردووەتەوە، کە لە سەرچاوە تورکییە

١٠٢ وەرگێڕ: واتە هەموو توخمەکانی تاوانی جینۆسایدی تیابووە، کە بریتین لە:
١/ نییەتی پێشوەخت بۆ لەناوبردنی بەکۆمەڵ لەسەر بناغەی جیاوازیی ئیتنیکی-نەژادی، یان ئایینی و سیاسی.
٢/ نەخشەدانان بۆ لەناوبردنی بەکۆمەڵ.
٣/ بڕیاردان لەسەر جێبەجێکردنی نەخشە و پلانی لەناوبردنی بەکۆمەڵ.
٤/ جێبەجێکردنی پلانی لەناوبردنی بەکۆمەڵ بەپێی میکانیزمێکی گشتی، کە بەم جۆرەی خوارەوەیە:
٤-١/ دەستنیشانکردنی ئامانج، واتە دەستنیشانکردن و جیاکردنەوەی ئەوانەی بەپێی نەخشە گشتییەکە دەبێت لەناوببرێن.
٤- ٢/ کۆکردنەوەی ئەوانەی بەپێی نەخشە گشتییەکە، دەبێت لەناو ببرێن.
٤- ٣/ لەناوبردنی بەکۆمەڵی قوربانییەکان.
١٠٣ بڕوانە:
Charny, encyclopedia of genocide, dl. 1, p61- 105.

ئەسڵییەکانەوە وەریگرتوون. یەکێک لەو سەرچاوە هەرە نایابانە (ئەحمەد ڕەفیق)ی مێژوناسی پایەبەرزی تورکییە کە کاری لەگەڵ فەرماندەیی گشتیی دەزگای هەواڵگریی عوسمانیدا کرد و بە جۆرێکی یەکلاکەرەوە ڕوونی کردووەتەوە کە ئامانجی ئیتیحاد -واتە کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی- بریتی بوو لە پاکتاو و لەناوبردنی ئەرمەنەکان[١٠٤].

چارنی ئاماژەی ڕاست و دروستی بۆ ئەوە کردووە، کە نکوڵیکردنەکە (ی پێریز) لەسەر پایەی ئارەزوویەک دامەزرابوو بۆ یارمەتیدانێکی پێشوەختی پەیوەندییە ئیسرائیلی- تورکییەکان، ئەو پەیوەندییانەی کە خودی تورکیا خستنیە مەترسییەوە کاتێک لە ١٩٨٢دا خۆی هەڵقورتاندە کاروبارەکانی کۆنگرەی (چارنی)یەوە لە بارەی جینۆسایدەوە. بەپێی گوتەی (ئێلی ڤیسڵ) بۆ ڕەواندنەوەی لێکحاڵینەبوون «لە ڕێگای کارمەندێکی ئیسرائیلییەوە ئەوەی پێ ڕاگەیاندووە، کە تورکەکان ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە[١٠٥]، کە گرفتێکی پڕ لە مەترسی سەر هەڵ دەدات، ئەگەر بێتو ئەرمەنەکان بەشداری لەو کۆنگرەیەدا بکەن».

---

١٠٤ هەمان سەرچاوە، ibid, p 94.

١٠٥ لە کۆنووس (محضر)ی کۆنگرەکەی (ئیسرائیل چارنی)ەوە وەرگیراوە، کە لەژێر ناونیشانی (ئەرمەنەکان، تورک و جوو) (the Armenian, the Turks and the Jews)دا لە لایەن ئەنستیتوتی ئورشەلیم بۆ هۆلۆکۆست و جینۆساید لە ١٩٨٣دا چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

## ١٠

ئایا دەیانەوێت (لە ڕێگای نکوڵیکردن لە جینۆسایدی ئەرمەنەکانەوە – وەرگێڕ) ئەوە بڵێن، ئەرمەنەکان نە دادپەروەری، نە دانپێدانان بە تاوانێکی گەورەی لەو چەشنەی کە دەرهەقیان کراوە، نە قەرەبووکردنەوەی زەرەروزیانەکانیان، نە گێڕانەوەی موڵک وماڵیان، نە تەنانەت داوای لێبوردنێکیش نایانگرێتەوە؟ ئەی پاشماوەی ئێسکوپرووسکی ئەو ملیۆن و نیوە لە قوربانییەکان، کە تورکەکان تاکو ئێستاش دان بە بوونیاندا نانێن؟ چما تورکیا ئەوەندە نیگەرانە و لە ڕابردووی خۆی دەترسێت کە نەوێرێت هیچ نەبێت وەکو ئەڵمانیا بکات، کە بەرامبەر بە جووەکان کردی –بۆ ئاسوودەیی ویژدانی خۆی لە ڕێگای نیشاندانی پەشیمانی و پەسەندکردنی تۆمەتەکە و دانپێدانان و قەرەبووکردنەوە؟ هەر وەکو (جۆناتان ئێریک لویس) (Jonathan eric lewuis)ی سەر بە ئەنیستیتوتی (ڕێمارکۆ) (remarque)ی دانیشتگای نیویۆرک وتوویەتی[١٠٦]: «چۆن دەبێت تەفروتوناکردنی ئەو بەشە

---

[١٠٦] Jonathan eric lewis, (genocide and the modern world), published in (Armenian mirror spectator) April, 2001.

هەرە گرنگەی چینی بازرگانانی ئیمپراتۆریای عوسمانی لە دۆزی ناوەندیی مێژووی مۆدێرنی تورکیا جیا بکرێتەوە؟ هەموو زێد و زەوی و خانوو و موڵک و ماڵی ئەرمەنەکان، ئێستاکانێ نەوەی ئەوانە (واتە نەوەی ئەو تورکە عوسمانیانە) بەروبوومەکەی دەخۆن، کە لە ڕابردوودا تاوانەکەیان ئەنجام داوە. ترس لەوەی کە دەبێت قەرەبووی زیانەکان بدرێتەوە، تەنها یەکێکە لەو هۆکار و بیانوانەی ڕژێمی تورکی وا لێدەکات نکوڵی بکات لە تاوانی بەکۆمەڵکوشتنی ئەرمەنەکان و دانپێدانانی».

ئەو نکوڵیکردنە جارێ هەر وا بەردەوامە. کاتێک پاپا یوحەننا پۆڵسی دووەم (لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا – وەرگێڕ) جورئەتی ئەوەی کرد ئاماژەیەک بۆ «جینۆسایدی ئەرمەنەکان» بکات، وەک دەستپێکی ڕووداوگەلێکی ترسناک کە بەدوایدا هاتن، ڕۆژنامەی (میللییەت)ی تورکی بە شێوەیەکی گاڵتەجاڕانە بە مانشێتێکی پان لە لاپەڕەی یەکەمدا نووسیبووی: «پاپا تووشی خڵەفان بووە»[107]. دکتۆر (سەلاحی سۆنیەل) (salahi sonyel)، کە زۆر ناڕەوایانە وتبووی گوایە ئەو گوتەیەی هیتلەر لە بارەی ئەرمەنەکانەوە گوتوویەتی هەڵبەستراو بووە، هەوڵی ئەوەی دا کێشەکە لە تاوانی نازییەکان (سەبارەت بە جینۆسایدکردنی جووەکان – وەرگێڕ) جیا بکاتەوە[108]، ئەویش لە ڕێگای ئاماژەپێکردنێکی ڕاستەوخۆوە بۆ ئەوەی گوایە قسەکانی

[107] ڕۆژنامەی (میللەت)، ڕۆژی ١١ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٠.

[108] Dr. salahi R. sonyel, (turco- Armenian relations in context of the jewish holocaust), ankara, turk tarih kurumu basi evi, 1990.

هیتلەر لە بارەی پۆڵۆنیاوە بووە، نەک لە بارەی جووەکانەوە. ئەوە بە هەنجەت و بیانوویەکی قەناعەتبەخش دەچێت، بەڵام تەنها تا ئەو کاتەی لەو ڕاستییە تێدەگەین، کە لە ساڵی ١٩٣٩دا یەک لەسەر سێی گەلی پۆڵۆنی لە جوو پێکهاتبوون، واتە هەمان ئەو بەشەی کە هیتلەر نیازی لەناوبردنی هەبوو. ئەمە هەمان ئەو (سۆنیەل)ەیە کە یەکێک لە لێکۆڵینەوەکانی خۆی وەک وتارێک نارد بۆ من لەژێر ناونیشانی «چۆن پڕوپاگەندەی ئەرمەنەکان لە دژی خەلیفەی عوسمانیدا ویستی کاریگەری بکاتە سەر کریستیانە خۆشباوەڕەکانی ڕۆژئاوا؟» جیاوازیی ڕاستەقینەی هۆلۆکۆستی ئەرمەنەکان و هۆلۆکۆستی جووەکان بێگومان هەر ئەوەیە ئەڵمانیا دانی بە بەرپرسیارێتیی خۆیدا ناوە، کەچی ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی تورک ئەوەیان هەڵبژاردووە نکوڵی لە ڕوودانی جینۆسایدی ئەرمەنەکان بکەن.

لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا لۆبییە بەهێزەکانی تورک هێرش دەکەنە سەر هەر ڕۆژنامەوان و ئاکادیمیستێک کە پێشنیاری ئەوە بکەن بەکۆمەڵکوشتنی ئەرمەنەکان ڕاستییەک بووە. (دیارە ئەوەش زەمینەی بۆ ڕەخساوە بەو جۆرە بێت، لانی کەم تا ئێستا - وەرگێڕ)، چونکە تورکیا -کە چیتر پیاوە نەخۆشەکەی ئەورووپا نییە- ئێستا ڕێک و ڕاست لە لایەن هەمان زلهێزە ڕۆژئاواییەکانەوە دەستی سۆز و نەرمونیانیی بەسەردا دەهێنرێت، کە هەر بۆ خۆیان بوون لە سەدەی ڕابردوودا[١٠٩] زۆر بە

١٠٩ وەرگێڕ: لە میانەی یەکەمین جەنگی جیهانیدا و کاتێک کە تورکیا لە بەرەی ئەڵمانیادابوو.

توندی ئیدانەی کردەوە دڕندەییەکانی تورکیایان کرد، بەڵام ئێستا ئەندامیکی بەڕێزی پەیمانی ناتۆیە -واتە هاوپەیمانانە، بۆ نموونە لە بۆردوومانکردنی ساڵی ١٩٩٩ی سێربیا- و نزیکترین هاوپەیمانە لە ئیسرائیل و کارخانەیەکی دڵسۆزی چەکی ئەمریکی و فەڕەنسییە لە ناوچەکەدا. ئێمە هەر وەکو چۆن لە ئاستی دەستپێکردنی ڕاوەدوونان و لەناوبردنی بەکۆمەڵی کوردەکاندا بێدەنگ بووین، تا ئێستایش ئەوەمان بە چاک زانیوە و هەڵمان بژاردووە کە یەکەمین هۆڵۆکۆستی سەدەی بیستەم پشتگوێ بخرێت.

پەتای ئەو نکوڵیکردنە ئابڕووبەرانەیە ئێستا تەنانەت جۆرنالیستەکانیشی گرتۆتەوە. کاتێک لە سێپتەمبەری ٢٠٠١دا پاپا سەردانی ئەرمینیای کرد، یەکێتیی ڕاگەیاندنکاران بە ئاشکرا ناچار بوو بە ئابوونەدەرەکانی خۆی بڵێت کەوا «تورکیا سوورە لەسەر ئەوەی نکوڵی لەو تۆمەتە هەڵبەستراوانەی ئەرمەنەکان بکات کە دەیدەنە پاڵ لەشکری عوسمانی- تورکییەوە، گوایە جینۆسایدی ئەنجام داوە، وشەیەک کە تەنها لەدوای دووەمین جەنگی جیهانییەوە هاتە ئاراوە و بەکار هێنراوە»[١١٠].

ئەگەر بە تەواوەتییش چاو لە وشەی نایابی «سوورە لەسەر» بپۆشین (تۆ بڵێی ئەگەر تورکەکان زۆر سووربن لەسەر ئەو -سووربوون-ەیان، مانای ئەوەی نەبێت کە لەسەر هەقن؟ دەشێت وابێ!)، بەڵام بەکارهێنانی وشەی (تۆمەتە هەڵبەستراوەکان) شایەتی

---

110 International herald tribune (pope prays for Armenian), 27 september, 2001.

پاپا دوعا بۆ ئەرمەنەکان دەکات.

لەسەر نموونەیەکی هەرە ئاست نزمی ڕۆژنامەوانی دەدات... ئەو ئاماژەیەش بۆ پێناسەکەی (لێمکین)، کە بۆ جینۆساید کردوویەتی (هەر بەو بۆنەیەوە بۆ وەبیرهێنانەوە دەڵێم؛ ئەو پێناسەیەی کە یەکەمجار بۆ چەمکی کۆمەڵکوژی، یان جینۆساید کراوە، دەگەڕێتەوە بۆ گەرمەی جەنگ، نەک بۆ دوای دووەمین جەنگی جیهانی)، ئەوە دووپات دەکاتەوە باس لە بارەی ئەرمەنەکانەوە نەبووە. هەروەها (bbc)یش کە هەواڵی سەردانەکەی پاپای بڵاو کردەوە، بنەما و پرنسیپە پەسەندکراوەکانی بە شێوازێکی زۆر تایبەتی (واتە بە شێوەیەکی چەواشەکارانە - وەرگێڕ) بۆ گوێگرەکانی خۆی ڕوون کردەوە، کاتێک ڕایگەیاند: "پتر لە ملیۆنێک ئەرمەنی لە کاتی هەرەسهێنانی ئیمپراتۆریای عوسمانیدا لەناوچوون"[١١١]. تۆ لێرەدا بە تەواوەتی سەرنج بدەرە وشەی «لەناوچوون»، کە لەبری وشەی «لەناوبران، یان کوژران، یان قڕکران» بەکار هێنراوە و تێفکرە چۆن ئەو کارەساتە بەو شێوازە پەنهانە لە کاتی هەرەسهێنانی ئیمپراتۆریای عوسمانیدا ڕوویداوە -ئەوەی کە لە هەموو حاڵێکدا ناڕاستە، چونکە ئەو ئیمپراتۆریایە تا ماوەیەکیش پاش یەکەمین جەنگی جیهانی لە ژیاندا بەردەوام بوو، لە حاڵێکدا لەناوبردنی ئەرمەنەکان لە ١٩١٥دا ئەنجام دراوە.

بەڵام لەوەیش سەیرتر هەڵوێستی (the new York times) بوو، کە بەوپەڕی بێحەیاییەوە ڕەفتاری کرد، ئەو ڕۆژنامەیەی لە کاتی خۆیدا (واتە لە سەردەمی ڕوودانی تاوانەکاندا - وەرگێڕ)

---

111. BBC world service radionews, 26 sept, 2001.

ئەوەندە بوێر بوو تا ڕادەی ئاشکراکردنی بێپەردەی ڕاستییەکان لە بارەی جینۆسایدی ئەرمەنەکانەوە لە ١٩١٥دا. ئەوەیش پێشڕیزییەکی (سەبقێکی) ڕۆژنامەوانیی جیهانی بوو بۆ ئەو سەردەمە. بوێری و ئازایەتیی ئەو سەردەمە ئێستا پێچەوانە بووەتەوە و بووە بە ترسنۆکی.

وەک نموونە، بڕگەی یەکەمی وتاری سەرەکیی ڕۆژی ٢٦ی مارتی ١٩٩٨ی ڕۆژنامەکە لێرەدا دەنووسینەوە لە لایەن (ستیڤن کینزەر) (Stephen kinzer)ەوە لە بارەی ئەو حەفتا هەزار ئەرمەنییەوە نووسراوە کە لە تورکیای ئێستادا ماون و دەژین:

”لە بەشی هەرە زۆری ماوەی فەرمانڕەوایی عوسمانییەکاندا پەیوەندییەکانی نێوان تورکەکان و ئەرمەنەکان زۆر باش بووە، بەڵام بەهۆی ئەو کوشتارەی ئەرمەنەکانەوە کە لە بەهاری ساڵی ١٩١٥دا و لە لایەن هێزە نیمچە چەکدارەکانی پێشووی عوسمانییەوە لە ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵیا ڕوویداوە، برینێکی قووڵ کەوتۆتە نیوانیانەوە. تاوەکو ئێستایش مشتومڕی گەرموگوڕ و توند لە بارەی وردەکارییەکانی ڕووداوەکەوە لە ئارادایە، بەڵام ئەوەیان لە هەمووی ڕوونترە کە ژمارەیەکی زۆر ئەرمەنی مردوون، یان لە دواوە لە گیانەڵڵادا بۆ مردن بەجێماون لە کاتی ڕاگواستنە زۆرەملێکاندا، ئەویش لە هەڵچوونێکی گشتیدا، کە لە ئێستادا ناوی (پاکتاوی ڕەگەزی)ی (التطهير العرقی) لێنراوە“.

من ناڕەزایی جددیم لە دژی سەرتاپای ئەو بڕگەیە هەیە. بەر لە هەر شتێک ژمارەی ملیۆن و نیو، یان تەنانەت ملیۆنێکیش بێت لە قوربانیانی ئەرمەنی، بە تەواوەتی سڕدراوەتەوە. ئەوە قەبارەی

ئەو ئامارە یەکلاکەرەوەیە وەک قوربانیی یەکەمین هۆلۆکۆستی سەدەی ڕابردوو ناساندنی. ئێمە دەبێت ئەوەی کینزەر ناوی لێ ناوە "ژمارەیەکی زۆر مردوو" هەر وەک خۆی (واتە مەبەستەکەی خۆی – وەرگێڕ) پەسەند بکەین، واتـە ئـەوەی کە (the new York times) لە دەرەوەی هێڵی سووری تورکیدا دەهێڵێتەوە لە ئەنجامدا جینۆساید تا ئاستی (پاکتاوی ڕەگـەزی) بچووک کراوەتەوە، دەستەواژەیەک کە پتر لە کاتی جەنگی سێربییەکاندا لە دژی مسوڵمانەکانی بۆسنە و ئەلبانییەکانی کۆسۆڤۆ ناوبانگی دەرکرد، ئەوەیش بە بەراورد لەگەڵ کوشتارەکانی ساڵی ١٩١٥دا وەکو قەبارە لە ئاستێکی زۆر بەرتەسکدا ڕوویداوە. پێویستە ئەو ڕاستییەش بزانرێت ئەوەی لە وڵاتانی بەلقان ڕوویاندا، بە ڕاستی هەڵچوون و پشێوییەکی گشتی "پاکتاوی ڕەگـەزی" بـووە، واتە کردارێکی کتوپڕی خۆبەخۆ (عەفەوی) بووە، (لەناو گەرمەی جەنگدا – وەرگێڕ)، نەک کۆمەڵکوژییەکی پێشوەخت نەخشەبۆکێشراو، کە نییەتێکی پێشوەختەی لە پشتەوە بووبێت. ئەوجا کەمێک سەرنج بدەرە دەستەواژەی "هێزە نیمچە چەکدارەکانی عوسمانی"، کە لە شوێنی دەستەواژە ترسناک و ڕاستەقینەکەی (هێزە چەکدارەکانی عوسمانی)دا دانـراوە[١١٢]، یان ڕاستتر لە شوێنی (هێزە چەکدارە

١١٢ وەرگێڕ: لە دەقە ئەسڵییەکەدا (هێزە چەکدارە لایەنگرەکانی عوسمانی) بەکار هێنراوە، بەڵام ئێمە بە چاکترمان زانی (هێزە نیمچە چەکدارەکانی عوسمانی) بەکار بهێنین، چونکە (هێزە چەکدارە لایەنگرەکان) ئەشێت لای خوێنەری کورد جۆرە تێکەڵییەک دروست بکات و ڕوون نەبێت مەبەست چ هێزێکە کە دەشێت هێزێکی دەرەکی و هی دەوڵەتانی تر بێت، لە حاڵێکدا مەبەستە ڕاستەقینەکە بریتییە لە (هێزە نیمچە نیزامییەکانی عوسمانی)، کە جاش، مورتەزەقە، هێزێکی چەکداریی

تورکییە- عوسمانییەکان) دانراوە، کە دەبوا کینزەر لە بارەی ئەوەوە بینووسیبا. ئەوجا ئەوەمان پێ ڕاگەیەنراوە کە تا ئێستایش «مشتومڕی گەرموگوڕ و توند» لە بارەی ئەو کێشەیەوە دەکرێت. ئەمە چ دادپەروەرییەکی ترسناکی (the new York times)ە کە لە لایەکەوە بیرمان دەخاتەوە کەمپینێک لە ئارادایە، بەڵام لە لایەکی ترەوە ئەوەمان لێ دەشارێتەوە کە ئەو کەمپینە لە ڕاستیدا لەسەر پایەی نکوڵیکردن لە ڕاستینەی ئەو جینۆسایدە دامەزراوە، ئەویش بێ ئەوەی وشەی ئەوتۆ بەکار بهێنێت لە هەمان ئاست و شێوەی ئەو درۆ و بۆگەنانەدایە کە گوایە هۆڵۆکۆستی جووەکان هەرگیز ڕووی نەداوە. وتارێکی تری کینزەر کە لە بەردەستدایە، تایتڵێکی لەو جۆرەی لەخۆ گرتووە: "ئەرمینیا هیچ لە یاد ناکات، بەڵام چاکترە جارێک لە جاران ئەوە بکەن".

من گومانێکی دڵتەنگکەرم لەوە هەیە ئەو ڕۆژنامەوانەی (the new York times) ئەو پڕوپووچییەی بۆ ئەوە بەرهەم هێناوە تا بە ئەنقەست و پێشوەخت ڕژێمی ئێستای تورکی لە خۆی نەورووژێنێت. ئەو نەیدەویست خەڵکەکە وتارەکەی بە "وروژێنەری مشتومڕ و دەمەقاڵە" وەرگرن. ئەو نەیدەویست ئاژاوە بنێتەوە[١١٣]. بەو جۆرە لە قورسایی ڕاستییەکانی سووک کردەوە و تورکەکانیش

---

عەشایری، میلیشیای لۆکاڵی و هەموو هێزێکی چەکداریی نانیزامی دەگرێتەوە کە لەپاڵ لەشکرێکی نیزامییەوە بجەنگن. لەشکرە داگیرکەرەکان هەمیشە لەو چەشنە هێزە چەکدارە نانیزامیانەیان بۆ مەبەستی تایبەتی دروست کردووە و بەکاریان هێناون.

١١٣ وەرگێڕ: لە دەقە هۆڵەندییەکەدا نووسراوە: (... نەیدەویست تێلاکەی خۆی هەڵداتە ناو کولانەی مریشکەکانەوە)، کە وەک دەربڕینێکی هۆڵەندی واتای ئەوەیە «نەیدەویست ئاژاوە بنێتەوە».

له خۆشیاندا بزەی سمێڵیان دەهات[١١٤]. به لای تورکەکانەوه ئەوه سەلماندنی ڕاست و دروستی حسابەکه بوو. لێگەڕێ با ئێمەیش جارێک له جاران سەرمان بۆ ئەو ژماره و قەباره گەوره و ترسناکەی هۆلۆکۆستی جووەکانی ئەورووپا دانەوێنین[١١٥]. تۆ بڵێی کینزەر بتوانێت به هەمان ئەو دەستەواژانەی بۆ کوشتاری ئەرمەنەکان بەکاری هێناون، له بارەی ئەو کوشتاره زەبەلاحەی جووەکانیشەوه بنووسێت؟ تۆ بڵێیت ئەوەمان پێ ڕاگەیەنێت که پەیوەندییەکانی نێوان ئەڵمانەکان و جووەکان تەنها «بڕینی قووڵ»یان کەوتۆته نێوان بەهۆی ئەو کۆمەڵکوژییانەی نازییەکان ئەنجامیان دا؟ تۆ بڵێی بۆ چرکەساتێک ئەوەی به بیردا هاتبێت بنووسێت که تاکو ئێستاش «مشتومڕی گەرم و توند» له بارەی هۆلۆکۆستی جووەکانەوه له ئارادایه؟ تۆ بڵێی بوێرێت بەراورد لەنێوان بەکۆمەڵکوشتنی جووەکان لەگەڵ جەنگی بۆسنەدا بکات؟ بێگومان نه، چونکه هەرگیز ناوێرێت کارێکی لەو چەشنه بکات. که وابوو هۆی چییه بەو چەشنه تۆوی گومان له بارەی جینۆسایدی ئەرمەنەکانەوه بڵاو دەکاتەوه؟

کاتێک پرسی دامەزراندنی مۆزەخانەیەکی تایبەت به جینۆسایدی ئەرمەنەکان له واشنتۆن هاته ئاراوه، کینزەر له وتارێکدا که له ٢٧ی

---

١١٤ وەرگێڕ: له دەقەکەدا نووسراوه: «دەستەکانمان لێک خشاند»، وەک ئەوەی کەسێک له خۆشیاندا هەردوو دەستی لێک بخشێنێت».

١١٥ وەرگێڕ: ئەمه توانجێکی ناڕاستەوخۆیه به واتای لەبیربردنەوەی هۆلۆکۆستی یەکەم لەپێناو ڕاگرتنی هەیبەتی هۆلۆکۆستی جووەکان، چونکه زەقکردنەوەی یەکەمیان دەشێ (له ڕوانگەی دەمارگیره جووەکانەوه) ببێته مایەی کەمکردنەوەی بایەخی مەعنەوی دووەمیان. لەبەر ئەوه یەکەم دەکرێت به قوربانیی دووەم.

ئەپرلی ۲۰۰۲دا لە (the new York times)دا بڵاو کراوەتەوە، دیسان گەڕاوەتەوە سەر خووی نکوڵیکردن:

"واشنتۆن دەمێکە ئینستیتوتێکی گرنگی بە ناوی مۆزەخانەی هۆڵۆکۆستەوە هەیە، کە هەموو ئەو کەرەستە دۆکۆمێنتاریانەی لە خۆ گرتووە لە بارەی هەوڵەکانەوە بۆ قڕکردنی گەلێک. ئەو چیرۆکەی لەوێدا گێڕدراونەتەوە، لە سەرووی هەموو گومانێکەوەیە. بەڵام ڕووداوەکانی ساڵی ۱۹۱۵ تاکو ئێستایش بابەتێکە مشتومڕی چڕ و زۆر هەڵدەگرێت".

دیسان گەڕاینەوە بۆ هەمان سەرەتا. هۆڵۆکۆستی جووەکان "گومانهەڵنەگر"ە و ئەوەیش ڕاست و حاشاهەڵنەگرە. بەڵام ئەو ڕاستییە بەڵگەنەویستە لێرەدا بە خراپ بەکار هێنراوە (واتە بۆ چەواشەکاری بەکار هێنراوە، وەک ئەوەی وتەیەکی حەق بۆ گەیاندنی ناحەقییەک بوترێت - وەرگێڕ)، ئەویش بۆ ئەوەی لە بایەخی ڕاستییەکانی هۆڵۆکۆستی ئەرمەنەکان کەم بکاتەوە، ئەوەی کە ئەگەر لۆژیکانەتر و ڕاشکاوانەتر دەریبڕیبا، دەبوا بوترێت "لە سەرووی هەموو گومانێکەوە" نییە و بابەتێک پێکدەهێنێت بۆ "مشتومڕی چڕ و زۆر". "توندی" و "چڕی" ئەو مشتومڕانە کە لە هەردوو وتارەکەی کینزەردا بەکار هێنراون، ئەوە دووپات دەکەنەوە کە دەشێت تورکەکان لە نکوڵیکردن و حاشاکردن لە ڕووداوەکان لەسەر حەق و ڕاست بن. (the new York times) جارێکی تریش لە ۸ی حوزەیرانی ۲۰۰۳دا سەرلەنوێ بە هەڵەدا دەچێت. فۆتۆیەکی بەناوبانگی ئەو پیاوە ئەرمەنیانە بڵاو دەکاتەوە کە لە لایەن پۆلیسی تورکییەوە لە شارێکی نەزانراوی ۱۹۱۵دا

بەپەلە دەگوازرێنەوە و لەژێر فۆتۆکەشدا ئەم پەراوێزە نووسراوە: ”ئەرمەنەکان لە لایەن سەربازە تورکەکانەوە لە ١٩١٥دا ڕاپێچی زیندان دەکرێن“.

ڕاستییەکەی، ئەوانە بەکۆمەڵ و بەپەلە گواستراونەتەوە و بەکۆمەڵ لەناو براون و تاقیان لێ دەرنەچووە، ئەویش بەر لەوەی کەسوکار و ژن و منداڵەکانیان بەر شاڵاوی کۆچپێکردنی زۆرەملێ و دەستدرێژی و کوشتن کەوتبن. ئەو شارەش کە لەوێدا بە (نەزانراو) ناو براوە، شاری (خەرپوت)ە. فۆتۆکەش لە لایەن بازرگانێکی ئەڵمانەوە گیراوە. ئەو پیاوانەی (خەرپوت)یش، کە لەو وێنە سەرنجڕاکێشەدا دەرکەوتوون و بەشێکیان ناسراونەتەوە، لە کردەوەدا هەرهەموویان لەناو براون و بێسەروشوێن کراون. کەچی ڕۆژنامەکە ئەو کۆمەڵە پیاوە سیاچارانەی وا ناساندووە کە بە ئاشتیانە بەرەو زیندان دەڕۆن.

## ١١

دیارە (the new York times) لەو ترسنۆکییەدا (لە نکوڵیکردن لە جینۆسایدی ئەرمەنەکان – وەرگێڕ) تاقانە نییە. لە ٢٠ی نۆڤەمبەری ساڵی ٢٠٠٠دا چاپی ئەورووپی (وۆڵ ستریت جۆرناڵ) (the wall street jornal)، کە لەوانەیە گەورەترین دۆست و لایەنگری ئیسرائیل بێت لە جیهانی ڕۆژنامەوانیدا (هەرچەندە لە لایەن زۆری ترەوە لەسەر ئەو پلەوپایەیە ڕکابەری دەکرێت)، بە شێوەی تایبەتیی خۆی دابەزییە ئاستی نکوڵیکردن لەو هۆڵۆکۆستە (بچکۆلەیە)، پاش ئەوەی ئەو "ڕاستییە مێژووییەی لە کاتی یەکەمین جەنگی جیهانیدا نزیکەی شەشسەد هەزار ئەرمەنی، لەوانەیە زیاتریش بووبێت، گیانیان لەدەست داوە، ئەویش زۆربەیان لەمیانەی ئەو کۆچپێکردنە زۆرەملێیەوە کە بەرەو سوریا و فەلەستین پێیان کرا و لە لایەن لەشکری عوسمانییەوە ڕیک خرابوو..." ئاشکرا دەکات. وتارەکە بەم وشانە (هەرچەندە خوێنەر دەبێت هەوڵی شاردنەوەی ئەو پێکەنینە بدات بۆ ئەو تێرمینۆلۆجییە- زاراوەسازییە بێئاست و دووبارەیەی لەوێدا بەکار هێنراوە) درێژەی پێ دەدات و دەنووسێت: "چ ئەوەی زۆرینەی ئەو مردووانە ئەنجامێک بووبێت

بۆ سیاسەتێکی لەناوبردنی نەخشەبۆکێشراو، یان ئەوەی هۆکاری تر ڕۆڵیان لەو ڕووداوەدا گێڕابێت، بابەتێکە لە کایەی ئەکادیمیدا مشتومڕی لەسەر دەکرێت". ئەمە دیسانەوە زیندەبەچاڵکردنی دڵڕەقانەی ڕاستییەکانە. ئەرمەنەکان لەمیانەی کۆچپێکردنەکاندا کە لە لایەن "لەشکری عوسمانی"یەوە ڕێک خرابوو، گیانیان لەدەست دا. (–واتە هەر وەکو سەربازەکان کە بەسەریانەوە بوون، بەبێ جیاوازی گیانیان لەدەست داوە – وەرگێڕ). هەرچەندە ئەوە زۆر دەگمەنە ڕۆژنامەوانان بە زاراوە و دەستەواژەی پووچی لەو چەشنە ئاماژە بۆ قوربانیانی کۆمەڵکوژییەک بکەن. سەرلەنوێ وشەی "تورکی" وەلا نراوە. دیارە بەکارهێنانی تێرمی "ڕێک خرابوو" زۆر بەسوودترە ئەگەر بتەوێت قسە لە بارەی "خۆخەتابارکردن"ەوە نەکەیت، ئەوەی کە بێگومان ناوەڕۆکێکی تری لەخۆ گرتووە و شتێک لە بارەی جینۆسایدەوە دەگەیەنێت. ئەوجا لە کۆتایی بڕگەکەدا تووشمان دەبێتەوە بە تووشی برادەرە کۆنەکەمانەوە کە "مشتومڕ و مجادەلە"یە. دەربارەی ڕاستینەی جینۆسایدی ئەرمەنەکان "زۆر بە توندی" مشتومڕ کراوە. کەوا بوو ئەوە بابەتێکە بۆ "مشتومڕی چڕ". هەموو ئەوەش دەبێت لە تەوەرە و چوارچێوەی مشتومڕ و ڕاگۆڕینەوەی "وروژێنەر و ئەکادیمی"دا بسوڕێتەوە.

من پێموایە ئەو کەسە (ئەکادیمییە)ش دەناسم کە (وۆڵ ستریت جۆرناڵ) بیری لێ کردبووەوە: ئەویش (هێس لۆری) (heath lowry)یـــە، مامۆستای خوێندنی باڵای تایبەت بە مێژووی عوسمانی و تورکیای هاوچەرخ لە دانیشتگای پرینستون

(Princeton)، ئەوەی کە ژمارەیەک لێکۆڵینەوەی دوورودرێژی تیۆریی نووسیوەتەوە (لە تورکیادا چاپ و بڵاو کراونەتەوە) و تیایاندا هەوڵی ئەوە دەدات بەکۆمەڵکوشتنی ئەرمەنەکان بخاتە ژێر گومانەوە. (پیدرۆس بالاکیان) (peter balakian)[116] و (ڕۆبەرت جای لیفتۆن) (Robert jay lifton)ی مێژووناس لێکۆڵینەوەکانی (لۆری)یان خستووەتە ژێر نەشتەری ڕەخنەوە و وەڵامیان پێ داوەتەوە[117].

(لۆری) بە شەهادەی دکتۆراکەیەوە لە بارەی (عوسمانۆلۆجی) یەوە ڕووی کردە تورکیا، لەوێ لە ئەنستیتوتێکی لێکۆڵینەوەدا لە ئەستەنبوڵ کاری کرد و بەر لەوەی لە ١٩٨٦دا بگەڕێتەوە بۆ ئەمریکا، لە دانیشتگای (بوسپۆروس)یش وانەی دەگوتەوە. کە گەڕایەوە بوو بە بەڕێوەبەری ئەنستیتوتی لێکۆڵینەوە عوسمانییەکان لە واشنتۆن دی سی. ئەو ئەنستیتوتە ئەمریکییە لە لایەن حکومەتی تورکییەوە دامـەزراوە. وەک بەڕێوەبەری ئەنستیتوتەکە ژمارەیەک وتار و لێکۆڵینەوەی بڵاو کردۆتەوە، کە تیایاندا نکوڵی لە جینۆسایدی ١٩١٥ دەکـات و فشار دەخاتە سەر کۆنگرێسی ئەمریکی[118] لە

[116] وەرگێڕ: لە کولتووری ڕۆژئاوایی سەر بە کەنیسەی ڕۆما بە (پیتەر) گۆ دەکرێت، بەڵام لە کولتووری ڕۆژهەڵاتیی سەر بە کەنیسە ئەرتۆدۆکسییەکان لە چەشنی یۆنان و ئەرمەن بە (پیدرۆس) گۆ دەکرێت. ڕیشەی ئەو ناوە دەگەڕێتەوە بۆ (پوتروس)، کە یەکێک بوو لە دوانزە قوتابییە پەیامبەرەکانی مەسیح، کە لە پاش لەداردرانی یەسوعی مەسیح هەر لە لایەن خودی مەسیحەوە کراوە بە کەسی یەکەمی ناو پەیڕەوانی مەسیح.

[117] Balakian, op. cit, p 383– 385.

[118] وەرگێڕ: لە دەقە هۆڵەندییەکەدا لە وشە و زاراوەی (لۆبی)یەوە کرداری (لۆبیاندن، لۆبیاندی و دەلۆبێنێ) بەکار هێنراوە. لە ڕێزمانی هۆڵەندیدا ئەو جۆرە داڕشتنە زۆر ئاساییە و بەوەش زمانەکەیان زۆر دەوڵەمەند کردووە. لە ڕێزمانی

دژی بڕیارەکانی کۆنگرێسی ناوبراو بۆ یادکردنەوەی جینۆسایدی ئەرمەنەکان.

له هەموو ئەوانە سەرنجڕاکێشتر هەڵوێستی (نوهزەت کامدەمیر) (nuhzet kamdemir)ی باڵیۆزی تورکی بوو له واشنتۆن، که پەنای بردە بەر تۆمارکردنی شکات و دەعوایەک لەسەر (ڕۆبەرت جای لیفتۆن) بەهۆی کیتابە تازەکەیەوە بە ناونیشانی (دکتۆرە نازییەکان)، کە تیایدا ئاماژەی بۆ جینۆسایدی ئەرمەنەکان کردووە. ئەو دیپلۆماتە بە ڕێکەوت نامەیەکی (لۆری) لە بەردەستدا دەبێت کە بۆ باڵیۆزخانەی ناردبوو، ئەویش نامە ئەسڵییەکە دەخاتە پاڵ کۆپییەکی شکاتنامەکە کە بۆ (لیفتۆن)ی نووسیبوو. (بێگومان ئەو کارەی باڵیۆزە تورکییەکە کردوویەتی لە نەزانییەوە بووە، چونکە نامە- ئامۆژگارییەکەی لۆری نهێنی و تایبەت بووە بۆ باڵیۆزخانە و باڵیۆز و بۆ ئەوە نەبووە ناوی لۆری بخرێتە ناوانەوە و بەو جۆرە حەیابەرانەیە ئاشکرا بکرێت - وەرگێڕ) بە واتایەکی تر، لۆری بە باڵیۆزی تورکی ڕاگەیاندبوو کە چۆن دەبێت شکات لەسەر ئەو ئاماژانەی ناو کتێبەکەی لیفتۆن تۆمار بکات، کە بۆ جینۆسایدی ئەرمەنەکان کراون. هەروەها بۆ بەرچاوڕۆشنییەکی

---

کوردیدا (لۆبیاندن، لۆبیاندی، دەلۆبێنێ) هەرچەندە لە ڕووی داڕشتنەوە دروستە (لەسەر کێشی کولاندن)، بەڵام قورس دێتە سەر زمان و باو نییە. لە زمانی کوردیدا بەشێکی زۆری کردارەکان بە ئیزافەی (کردن) بۆ سەر ناو و ئاوەڵناو دادەڕێژرێن، لە چەشنی (کارکردن، پیشەسازیکردن، حەمامکردن، قەرزکردن، جوانکردن، ناشیرینکردن، پەسەندکردن...) و باو نییە بوترێت: (کاراندن، کاراندی، دەکارێنێت) و تاد، ئەگەرچی لە ڕووی داڕشتنەوە دروستیشە. هەرچۆنێک بێت، ئێمە لێرەدا لە جێگای (لۆبیاندن) بۆمان هەبوو (فشاربۆهێنان)، یان (فشارخستنەسەر) بەکار بهێنین، ئەویش لەگەڵ واتای لۆبیدا دەگونجێت کە (کۆمەڵەی فشار) دەگرێتەوە.

زیاتر ئەوەیشی نووسیوە کە ئەو، واتە (لۆری) "چ بە نووسین و چ بە زارەکی جار لەدوای جار (ئەنکارا)ی ئاگادار کردووەتەوە" لە بارەی نیگەرانییەکانی خۆیەوە سەبارەت بەو مێژوونووسانەی لە کارە زانستییەکانیاندا کتێبەکەی (لیفتۆن)یان وەک سەرچاوەی باوەڕپێکراو بەکار هێناوە. یەکێک لەو مێژووناسانە (ڤاهاک دادریان)ی ماندوونەناس بوو. کە وابوو چۆنە وا (لۆری) بەو جۆرە ئامۆژگاریی ڕژێمی تورکی دەکات بۆ نکوڵیکردن لە هۆڵۆکۆستی ئەرمەنەکان؟

هەروەها لە دانیشتگاکانی (هارڤارد)، (جۆرج تاون، ئیندینا، پۆرت لاندستەیت و شیکاگۆ)یشدا کورسیی خوێندنی تایبەت هەیە بۆ دیراساتی تورکی. بۆ ئەوەی کەسێک لەو شوێنانە وەربگیرێت، دەبێت کارمەندی بەرپرسیار لێکۆڵینەوەیەک لە ئەرشیفەکاندا بکات، کە شوێنیان لە تورکیایە (ئەو ئەرشیفانەش لەو مێژوونووسانەی ڕەخنەیان بەرامبەر بەو وڵاتە هەیە، قەدەغە کراون)، سەرەڕای ئەوەیش "دەبێت پەیوەندیی دۆستانەی خۆی لەگەڵ ناوەندە ئەکادیمییەکانی تورکیادا دامەزرێنێت و بپارێزێت" ئەوەیش شتێکە دەبێت فیکەی سەرسووڕمانی بۆ لێبدەن ئەگەر بیانەوێت سەروکاریان لەگەڵ ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی جینۆسایدی ئەرمەنەکاندا هەبێت. دانیشتگای کالیفۆرنیا لە لۆس ئەنجلس ئەو بوێرییەی تیادابوو ئەو کورسیی خوێندنە ڕەت بکاتەوە و لە حەرەمی دانیشتگاکەدا قەدەغەی بکات.

بێگومان هەموو کارمەندە بەرپرسەکانی ئەو کورسیی خوێندنانە لەو بڕوایەدان لە پلەی یەکەمدا "مێژوونووسەکان" لە

ئاستی ئەوەدان ڕاستییە مێژووییەکان ساغ بکەنەوە، ئەوەیش تێرم و بیانوویەکە کە شایەتحاڵەکانی ئەو ژمارە کەمەی ڕزگاربووانی کۆمەڵکوژییەکە بە تەواوەتی دەخاتە پەراوێزەوە و هیچ بایەخێکی مێژووییان نامێنێت. هەموو ئەوانە سەدوپەنجا زانا و مێژوونووسی بواری هۆلۆکۆستیان هێنایە سەر ئەو بڕوایەی داوایەک ئاڕاستەی تورکیا بکەن بۆ کۆتاییهێنان بەو شاڵاوەی نکوڵیکردن و حاشاکردن لەو جینۆسایدە[119]. لەناو ئەو گرووپە سەدوپەنجا کەسییەدا ناوی (لیفتۆن)، (ئیسرائیل چارنی)، (یەهوا بایرۆ)، (هوارد زین) و (دەبورا لیپستادت)یشیان تێدابوو. ئەو هەوڵە هیچ ئەنجامێکی ئەرێنیی نەبوو. (ئێلی ڤیسڵ) یەکەم کەس بوو ڕایگەیاند: نکوڵیکردن لە هەر جینۆسایدێک (دووجار کوشتنە). (لە دەقە ئەسڵییەکەدا نووسراوە: دەبڵ کوشتن - وەرگێڕ). یەکەمجار قوربانییەکان لەناو دەبرێن، بەدوای ئەوەشدا وا نیشان دەدرێت مردنەکەیان شتێکی بێبایەخە و ناڕاستییەکی جێی گومانە. کەواتە ئەوانە بەو جۆرە دوو جار مردوون. ڕزگاربووەکانی کۆمەڵکوژییەکەیش ئازارێکی دووقات دەچێژن: لە لایەکەوە ئازاری کارەساتەکە، لە لایەکی تریشەوە ئازاری بیستنی ئەوەی کە هیچ ڕووینەداوە و درۆزنن.

بۆ ئەوەی ئەو ڕەوشە هەر وەک خۆی بمێنێتەوە، بەرامبەرەکەیان تۆپی قورسی داگرتووەتە مەیدانەکە. کاتێک کۆنگرێسی ئەمریکی لە ساڵی ٢٠٠٠دا گەیشتە ئەوەی بڕیارێک لە بارەی جینۆسایدی ئەرمەنەکانەوە بدات و هەر لەوێشەوە داوا لە سەرۆک کلنتۆن

119 The Washington post, 23 april, 1999.

بکرێت لە گوتاری ساڵانەیدا و بۆ یادی قوربانییە ئەرمەنەکان ئاماژەی ڕوون بۆ ڕووداوەکانی ساڵی ١٩١٥ وەک کۆمەڵکوژییەک بکات، بڕیارەکە شکستی هێنا و تەنها کەمینەیەک دەنگیان بۆ دا. تورکیا واشنتۆنی ئاگادار کردەوە هەموو فڕۆکەخانەکانی لەبەردەم فڕۆکە ئەمریکییەکاندا دادەخات کە ناوچەی (ئارام)ی باکووری عێراق دەپارێزن. وەزیری بەرگریی ئەو کاتەی تورکیا (سەباحەتتین چەکماکئۆغلۆ) گوتی: تورکیا ئامادە بوو کۆنتراکتەکانی چەک لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکاندا هەڵوەشێنێتەوە. وەزیری کاروباری دەرەکیی ئیسرائیل لایەنگیریی تورکیای هەڵبژارد و سەرۆک (کلینتۆن)یش عارەقەی شەرمی نەکرد و عاری خۆی نەشاردەوە و داوای کرد ئەو ڕاگەیاندنە بکشێننەوە. ئەوەیش ڕوویدا.

هەمان فشار لە هەر چوار قوژبنی ئەمریکاوە بەڕێ دەخرا. ساڵی ١٩٩٧، بۆ نموونە، مۆزەخانەی (ئێلیس ئایلاند) کارێکی وای کرد فۆتۆ زیندووەکانی جینۆسایدی ئەرمەنەکان و ڕاپۆرتە ترسناکەکانی شایەتحاڵەکان لە پێشانگایەکدا لاببرێن[١٢٠]. هەر ئەو مۆزەخانەیە جارێکی تریش لە ١٩٩١دا هەمان کاری کردبوو. لە ساڵی ٢٠٠١دا قونسوڵی گشتیی تورکیا لە سان فرانسیسکۆ نارەزایەتیی توندی دەربڕی لە دژی بەکارهێنانی لۆگۆی کۆنی یادکردنەوەی یەکەمین جەنگی جیهانی وەکو ئارمی یادکردنەوەی ئەرمەنەکان بۆ کۆمەڵکوژییەکان. کاتێک من وردتر لە سان فرانسیسکۆ بەدوای ئەو نارەزایەتی و شکاتەدا چووم، دەرکەوت

---

The new York times, 11 september, 1999. 120

ناوەندێک کە ناوی لێ نراوە "سەنتەری زانایان بۆ وردبینیی مێژوویی- لقی ستانفۆرد"، کە هیچ پەیوەندییەکی بە دانیشتگای ستانفۆردەوە نییە لە پشتی کارەکەوەیە و لە بەیاننامەیەکدا لە ڕۆژنامەی (سان فرانسیسکۆ کرۆنیکل) بڵاو کراوەتەوە باس لە بەکارهێنانی ئەو جۆرە ئاڕم و لۆگۆیە وەک شێوە مۆنۆمێنتێک "مەبەستێکی سیاسی لە پشتەوەیە بۆ ئەوەی جاڕ بۆ بەشەکەی خۆیان (واتە ئەرمەنەکان) لە مێژوو بدەن، ئەو بەشەی کە مشتومڕ و ناکۆکی لەسەرە و بە لای زانایان و مێژووناسانی بابەتییەوە گوماناوییە". تەنانەت تورکانێک هەبوون بە زمانی (چینی)ش تراکت و بەیاننامەیان لە لقە لۆکاڵییەکەی "یانەی دیموکراتیی چینییە ئەمریکییەکان"دا بڵاو کردووەتەوە و هۆشدارییی ئەوەیان دەداتێ کە بەکارهێنانی ئەو ئاڕمی یادەوەرییە دەشێ ببێتە مایەی "ململانێیەکی مێژوویی کە لە ڕابردوودا ڕوویداوە". بەو جۆرە ئەوەی کە ناوی لێنرابوو "مشتومڕ و مجادەلە و ڕاگۆڕینەوە" وا لێرەدا بووە بە "ململانێی مێژوویی"، منیش ئیدی لەوە تێگەیشتم و ئەو "زانا بابەتییە ئۆبجەکتیڤانە" کێبوون.

لە ویلایەتە یەکگرتووەکان نکوڵیکردن لە هۆڵۆکۆست زۆر بە چاکی دەچێتە پێشەوە[121]، لانی کەم نکوڵیکردن لە هۆڵۆکۆستی ئەرمەنەکان. (بێرنارد لویس) (Bernard lewis)ی مێژووناس کە بە تەواوەتی لایەنگیری لە ئیسرائیل دەکات و خۆشەویستی سەرۆک (جۆرج دەبلیو بووش)ە، لەوە زیاتر ئەوەی بە لاوە پەسەند

121 Norman finkelstein in (index on censorship), number 2, 2000.

نییە، کۆمەڵکوژیی ئەرمەنەکان وەک ڕوویداوێک ڕوویدابێت. لە فەڕەنسادا کە نکوڵیکردن لە کۆمەڵکوژیی ئەرمەنەکان بە تاوان لێک دەدرێتەوە، لەناو ئەرمەنەکانی نیشتەجێی ئەو وڵاتەدا شەپۆلێک لە ناڕەزایەتی لە دژی (لویس) سەری هەڵدا. لە ئەنجامدا (لویس) لە لایەن دادگای باڵای تاوانەکانەوە لە پاریس حوکمی ئەوەی بە سەردا درا کە (هەڵە)یەکی (une faute) بەئەنقەستی ئەنجام داوە لەسەر بناغەی ئەو تێبینی و سەرنجەی گوایە وشەی "جینۆسادی تەنها ئەو بەشە چیرۆکە دەگرێتەوە کە ئەرمەنەکان باسی دەکەن"[١٢٢].

بەڵام کاتێک سیناتی فەڕەنسی (ئەنجومەنی نوێنەرانی فەڕەنسی) لە ٢٠٠٠دا پێشنیازی ئەوەی کرد دان بە بە جینۆسایدی ١٩١٥ی ئەرمەنەکاندا بنێت، سکرتێری گشتیی وەزارەتی دەرەکیی فەڕەنسی لە پەرچەکردارێکدا ناڕەزایەتی لە دژی ئەو پێشنیازە دەربڕی لەگەڵ هاوپێچێک کە بریتی بوو لە نامەیەکی ڕوونکاریی باڵیۆزخانەی تورکی[١٢٣]. (لۆریک هێنێکین) لە ناڕەزایەتینامەیەکدا ڕوونی کردبووەوە کە دانپێدانانێکی لەو چەشنە ئەرکی پەرلەمان نییە پێی هەڵبستێت، بەڵکو «ئەوە ئەرکی سەرشانی مێژووە ڕاڤەی بکەن». ئەوە ئیدی هەمان قەوان و گۆرانییە ناخۆشەکەی جاران بوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سیناتی فەڕەنسی لە نۆڤەمبەری ئەو ساڵەدا بەبێ هیچ دوودڵییەک پێشنیارەکەی پەسەند کرد و پاش

---

١٢٢ ڕۆژنامەی (لۆمۆند)ی فەڕەنسی lemonade, 23 juni 1995، بۆ ئەو مشتومڕانەی لە بارەی ئاماژەکانی (بێرنارد لویس)ەوە کران بۆ ناولێنانی کوشتنی ئەرمەنەکان بە هۆلۆکۆست، بڕوانە ژمارەی ڕۆژی ٢٦ی ئاپرلی ١٩٩٤ی لۆمۆند.

١٢٣ ئەنکەرە، ڕیپۆرتاجی ڕۆژی ١٨ی سێپتەمبەری ٢٠٠٠ی (ئاژانسی دەنگوباسی ئەنادۆڵیا).

دوو مانگی تریش جینۆسایدی ئەرمەنەکان لە (کۆمەڵەی نیشتیمانیی فەڕەنسی)دا بە فەرمی دانی پێدا نرا و وەکو جینۆساید ناسێنرا.

لەو ساتەوە ئیتر ئاسمان بەسەر زەویدا ڕووخا. وەک تۆڵەسەندنەوەیەک حکومەتی تورکی کۆنتراکتێکی (گرێبەستێکی) دووسەد ملیۆن دۆلاریی لەگەڵ کۆمپانیای (ئەلکاتێل) (alcatel)ی فەڕەنسیدا بۆ کڕینی مانگێکی دەستکردی خەفیەکاری (تجسس) هەڵوەشاندەوە. لە هەنگاوێکی تریشیدا کارخانەی چاکسازیی (جیات) (giat)ی لە کۆنتراکتێکی حەوت ملیار دۆلاری بێبەش کرد بۆ کڕینی تانک. هەروەها تورکیا پشتگیریی پێشنیاری ئەو چل و دوو نوێنەرە ئیسلامیانەی ناو پەرلەمانی تورکی کرد بۆ دانپێدانان و بە فەرمی ناساندنی "جینۆسایدی جەزائیرییەکان لەسەر دەستی فەڕەنسییەکان". دەبێ لێرەدا بڵێین ئەمە چ شەڕەشمشێر و مەیدانبازییەکی گاڵتەجاڕانەیە؟[١٢٤] چونکە لێرەدا قسە لە بارەی وڵاتێکەوەیە (واتە تورکیا)، کە هەر وەکو چۆن بەرامبەر بە تاوانەکانی حکومەتی ڕابردووی (فیشی) لە کاتی دووەمین جەنگی جیهانیدا بێدەنگ بوو، بە هەمان ڕادە بەرامبەر بە دڕندەییەکانی

---

١٢٤ وەرگێڕ: لە دەقە هۆڵەندییەکەدا وشەی فەڕەنسی (touche) بەکار هێنراوە و نووسراوە (لێرەدا دەبیت بڵێین touche)، کە یەکێک لە واتاکانی بریتییە لە (مۆسیقا یان ئۆرگژەنین). واتایەکی تریشی (هەست جووڵان)ە وەک گاڵتەپێکردنێک بەو هەست جووڵانە کتوپڕەی لە هەڵوێستە تورکییەکەدا دەردەکەوێت بۆ وروژاندنی داوای بەڕەسمی ناساندنی جینۆسایدی جەزائیرییەکان لەسەر دەستی لەشکری فەڕەنسی. مەبەستی نووسەریش ئەوەیە کە تورکیا ئەوەندەی کەشوفش و خۆڕاوەشاندنی پیشان داوە، ئەوەندە خەمی مەسەلەی جینۆسایدی جەزائیرییەکانی نەبووە. ئەوەی ئەو کردوویەتی شەڕەشمشێرێک بووە لە چەشنی شمشێربازییەکانی دۆن کیشۆت، یان فسفس پاڵەوانی کوردەواری.

دەورانی جەنگی ١٩٥٤- ١٩٦٢ی جەزائیریش نققەی لێوە نەهات. لە هەمان کاتدا ئەمە ئەو یەکەمین کوشتارە گەورەیەی مسوڵمانە جەزائیرییەکان دێنێتەوە یادی خوێنەر کە لە دەوروبەری (کیراتە) لە ساڵی ١٩٤٥دا ڕوویدا.

سەرۆک شیراک هەمیشە لە بەرامبەر دۆزی بەکۆمەڵکوشتنی ئەرمەنەکاندا ترسێکی هەبووە. ساڵی ١٩٩٩ لە کاتی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە بەیروت، -کە دەیان هەزار ئەرمەنی لە نەوەی ڕزگاربووەکانی یەکەمین هۆلۆکۆست لەوێدا نیشتەجێن- سەرۆک شیراک ئامادە نەبوو هیچ شتێک بڵێت لە بارەی پێشنیاری بڕیاردان لە لایەن ئەنجومەنی نیشتیمانی فەڕەنسییەوە سەبارەت بە جینۆسایدی ئەرمەنەکان. وتی: «من کە لە دەرەوەی وڵات بم، هیچ کۆمێنتێک لە بارەی ئەو کێشانەوە نادەم کە پەیوەندییان بە سیاسەتی ناوخۆیی وڵاتەکەمانەوە هەبێت». لەو کاتەدا کە من گوێم لەو وەڵامە بێشەرەفانەیە دەگرت، بیرم لەوە دەکردەوە کە ئایا ئەوە هەر هەمان وەڵامی شیراک بوو ئەگەر قسە لە بارەی ئیدانەکردنی هۆلۆکۆستی جووەکانەوە بوایە؟ لە ساڵی ٢٠٠٠دا شیراک دەیزانی لەوە چاکتری بە دەستەوە نییە هەڵیبەستێت و ڕایبگەیەنێت کە ئەو لە «نیگەرانی» ئەرمەنەکان تێدەگات[١٢٥].

١٢٥ نووسەر: کەچی بە شێوەیەکی زۆر سەمەرە کۆمپانیای هێڵی ئاسمانیی فەڕەنسا (ئەیر فرانس) (air France)، هیچ ئەوەی بە ئەزیەت نەزانی کە لە بارەی کوشتاری ئەرمەنەکانەوە قسە بکات. لە ژمارەیەکی ساڵی ١٩٩٩ی گۆڤاری تایبەتی ئەو کۆمپانیایەدا وتارێک لە بارەی پێشانگای فۆتۆیی کۆمەڵکوژییەکەوە بڵاو کراوەتەوە، کە تێیدا ئاماژە بۆ "جینۆساید" کراوە "کە ئێستاکانێ و هەمیشە لە لایەن تورکەکانەوە نکوڵیی لێ دەکرێت"، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا ئەوە نەبووە مایەی ئەوەی تورکیا ڕێگا لە فڕۆکەکانی ئەو کۆمپانیایە بگرێت بە ئاسمانی ئەو

خواستی تورکیا بۆ ئەندامێتی لە یەکێتیی ئەوروووپیدا پرسیارەکەی سەرلەنوێ ورووژاندەوە.

لە ١٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٤دا (فڕانسیس بایرۆ) لەناو ئەنجومەنی نیشتیمانیدا پرسیاری ئەوەی کرد بۆچی کۆمیسیۆنی ئەوروووپی ئەو هاشوهوشە گەورەیەی لە بارەی ئەو ماددە یاساییەی (سزاکان)ی تورکیاوە کرد، کە تایبەتە بە داسەپاندنی سزای توند بەسەر زیناکاراندا (هەرچەندە ئەو ماددەیە پاشان هەڵوەشێنرایەوە)، بەڵام لە بارەی پەسەندکردنی ماددەی (٣٠٥)ەوە لە لایەن پەرلەمانی تورکییەوە هەمان کۆمسیۆنی ئەوروووپی هیچی نەوت و چاوی لێ نوقاند؟ لەم ماددەی (٣٠٥)ەدا ئەوە جێگیر کراوە بەدواداچوونی «پیلانگێڕییە دژە نیشتیمانییەکان» بەپێی لێکدانەوە و ڕاڤەی کۆمیسیۆنی دادی تورکی «هەموو ئەو هەوڵانەش دەگرێتەوە کە بۆ مەبەستی دانپێدانانی جینۆسایدی ئەرمەنەکان ئاڕاستە کراون، یان دەکرێن».

---

وڵاتەدا بفڕن.

## ١٢

ئەگەر بمانەوێت لە بارەی بێغیرەتیی ڕاستەقینەی تەواوی سیاسییەکانەوە قسان بکەین (کە بەرامبەر بە جینۆسایدی ئەرمەنەکان نیشان دراوە - وەرگێڕ)، ناتوانین بەسەر هەوڵە دانسقەکەی تۆنی بلێری سەرۆکوەزیرانی بەریتانیادا باز بدەین. -ئەو سەرەکوەزیرەی زۆر خێرا و دەستوبرد لە دژی سێربیا و عێراق جووڵایەوە بۆ ئەوەی کۆتاییەک بە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ بهێنرێت، لە ٢٠٠٠دا ڕایگەیاند، کە لە ئێستا بەدواوە، یادی ساڵانەی هۆلۆکۆست لە شانشینی یەکگرتوودا دەکرێتەوە. ئەوە دەبێتە ڕۆژێک (هەر وەک بلێر ڕایگەیاند) بۆ یادکردنەوەی جینۆسایدی جووەکان، کە نازییەکان جێبەجێیان کرد. ئەویش بەبێ ئەوەی تەنها یەک وشە چییە لە بارەی کوشتنی ملیۆن و نیوێک ئەرمەنییەوە بڵێت کە لە ١٩١٥دا قڕ کران، تەنانەت ئاماژەیەکی زۆر هەژارانە و بچووکیشی پێ نەدا. ئایا ئەمە هەر هەمان حکومەتی بەریتانی نییە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان (لە گەرمەی جێبەجێکردنی جینۆسایدی ئەرمەنەکان لە ١٩١٥دا - وەرگێڕ) ڕاپۆرتی بەناوبانگی (برایس)ی بڵاو کردەوە؟ سەرکردە ئەرمەنەکان

دەستبەجێ نارەزایەتییەکیان لە شێوەی یادخەرەوەیەکدا لە دژی ئەو پشتگوێخستنە گاڵتەجاڕانەیە ئیمزا کرد و مەرجی ئەوەیان خستە پێش کە یادکردنەوەی هۆلۆکۆستی تایبەتی ئەرمەنەکانیش دەبێت بەشێک بێت لەو یادکردنەوە گشتییەی هۆلۆکۆست. وەڵامی حکومەتی بەریتانی لەو بارەیەوە ئەوەندەی کە ترسنۆکانە بوو، بە هەمان ڕادەش شەرمهێن و نارۆشن و سەرلێشێوێنەرانە بوو.

(نەیل فراتەر)ی سەر بە (یەکەی یەکسانیی ڕەگەزی) (unit race equality) وەک فەرماندەیەکی سەر بە وەزارەتی ناوخۆی بەریتانی (واتە ئەو یەکە کارگێڕییە ڕووکەشییەی هیچ بایەخێکی نییە و تەنها بۆ ئەوە دێتە قسە، شتێک لە بارەی ڕاست و دروستیی سیاسەتی حکومەتی بلێرەوە ڕابگەیەنێت)، ڕایگەیاند؛ کە کردەوە تاوانکارییەکان "تراجیدیایەکی ترسناک" بوون و حکومەتی بەریتانیش "هاوسۆزی"ی خۆی بۆ نەوەکانی قوربانییەکان ڕادەگەیەنێت. ئەوەیشی ڕاگەیاند، کە فەرمانگەکەی داوای لە دەستەی سەرپەرشتکاری (هاوئاهەنگی)ی یادکردنەوەی هۆلۆکۆست (holocaust memorial steering group) کردووە کە لەو کێشەیە بکۆڵنەوە، بەڵام "پاش گفتوگۆیەکی بەربڵاو و چڕوپڕ و ورد"[١٢٦] بڕیاری ئەوەیان داوە پلانی ڕۆژی یادەوەرییەکە دەستکاری نەکرێت. بە قسەی (فراتەر) گرووپی سەرپەرشتیار «ویستوویەتی پێش لەوە بگرێت نەبادا ئەو پەیامەی مەبەستە لەو ڕۆژەدا ڕابگەیەنرێت زۆر لاواز دەربچێت، ئەگەر بێتو تێکەڵ بە زۆر ڕووداوی تری مێژوویی بکرێت». ئامانجی ڕۆژی هۆلۆکۆست هەر

١٢٦ نامە لە (فراتەر)ەوە بۆ (جۆن ئالبێرت)ی سەر بە (کۆڕی ئەرمەنەکانی ئەمریکا) لە ٢١ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٠.

وەکو بە گەرمییەوە ڕایگەیاند، بریتی بوو لە «زەمینەخۆشکردن بۆ تێگەیشتنێکی چاکتر بۆ ئەو جۆرە ڕووداوانـە (بۆ جینۆساید -نووسـەر) و بۆ پەرەپێدانی پێکەوەژیانێکی دیموکراتیانە، کە لەیەکتربوردن تیایدا زاڵ بێ و هەمەچەشنی و جیاوازیی بیروڕا ڕێزی لێ بگیرێت، دوور لە دەمارگیری و لایەنگریی کوێرانە و ڕاسیزم -ڕەگەزپەرستی».

بەو جۆرە، وا دەردەکەوێت کە تەنانەت هەر تەنها باسکردنێک یان ئاماژەکردنێکی لاوەکییش بۆ جینۆسایدی ئەرمەنەکان، دەشێ ببێتە مایەی «لاوازکردن»ی «پەیام»ەکەی ڕۆژی هۆڵۆکۆست!

هەموو ئەوەیش لە ئەنجامی «شێوازی گفتوگۆ»کەی ناو (وایت هۆڵ) (white hall)ەوە بوو. ئەوە چ بلیمەتییەکە بۆ حکومەتی بلێر، کە "شێوازی گفتوگۆ" ڕێک بخات بۆ ئـەوەی بڕیاری لێ بدات کامە کۆمەڵی ئیتنی چانسی ئەوەی هەیە چێژ لە ئازارەکانی خۆی وەربگرێت و بۆی هەبێ یادیان بکاتەوە و کامە گرووپ و کۆمەڵی ئیتنییش بەبێ هیچ بەزەییەک، لەسەر لاپەڕەکانی مێژوو بسڕدرێنەوە. بێگومان ئێمە لە هیچ شوێنێکی پەیامەکەی (فرانتەر)دا تووشی وشە کوشندەکەی (تورکیا) نابین. بەڵام هەر بەوەشەوە ناوەستێ و لە نامەیەکی سەرسووڕهێنەری بێهەستدا کە بۆ (ئارمین لۆکاس) (armen lucas)ی نووسیوە، کە بازرگانێکی ناوداری ئەرمەنییە لە فەڕەنسا، هەمان جادووی[١٢٧] هاوسۆزیی

[١٢٧] وەرگێڕ: لە دەقە هۆڵەندییەکەدا نووسراوە (dezelfde mantra)، کە هەم بە واتای (هەمان جادووی زارەکی) و هەم بە واتای (هەمان بۆڵەبۆڵکردن لەبەرخۆوە) دێت. ئێمە لە وەرگێڕانەکەدا (جادوو)ەکەمان پێ ڕاستتر بوو، واتە بەکارهێنانی ئەو قسە نەرمونیانانە بۆ ئەوەی کاریگەریی لەسەر بەرامبەرەکەی دابنێت.

بۆ ئەرمەنەکان دووبارە کردۆتەوە، لەوەیش زیاتر ئەوەی پێ ڕاگەیاندووە، کە حکومەتی بەریتانی داوای کردووە لێکۆڵینەوە لە بارەی زۆر دڕندایەتی تریشەوە ئەنجام بدرێت لە چەشنی «جەنگەکانی خاچپەرستان، بازرگانی بە کۆیلەوە، کۆڵۆنیالیزم، قوربانیانی ستالین، جەنگی جوتیاران و...»[128]. بەو جۆرە جینۆسایدی ئەرمەنەکان لە لایەن حکومەتی بەریتانیاوە خرایە پاڵ هیوایەکی پووچ و لەبەینچووی جەنگی سەدەی یانزەهەمی پاپا (ئۆربانۆس)ی دووەم لە دژی مسوڵمانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناویندا. سەرۆکی دانیشتگای ئینجیلی ئەرمەنی لە بەیروت ئەسەفی خۆی لە بارەی بڕیارەکەی کۆمیتەی (فراتەر)ەوە دەربڕی و بەوپەڕی بڕواوە ڕایگەیاند[129]: «هەر یادکردنەوەیەک ئەو کاتە جددی دەبێت، هۆکارە میکرۆبییەکانی جینۆساید بە ئاشکرا باس بکات، بە تایبەتی ئەوانەی سەدەی بیستەم، چونکە بیرکردنەوە لە هەر یەکێکیان دەبێتە مایەی ئاسانکردنی پەیدابوونی یەکێکی تر».

داوا لە (بی بی سی) (bbc) کرابوو یادکردنەوە فەرمییەکەی (ڕۆژی هۆڵۆکۆست) بەرهەم بێنێت، بەڵام کاتێک مەسەلەی پشتگوێخستنی ئەرمەنەکان لای (دانیێل- بریتاین- کاتلین) (Daniel- catlin- brittain)ی لێپرسراوی بەرهەمهێنان لە bbcدا خرایە سەر مێزی باسکردن، ناوبراو دانی بەوەدا نا کە "دوا لێپرسراوێتیی گشتی لە دەستی وەزیری کاروباری ناوخۆدایە" ئەمەیش ئەوەیە کە نموونەیەکی ترسناکی لەخۆباییبوونی زاڵخوازانەی بەدوادا

١٢٨ نامە لە (فراتەر)ەوە بۆ (ئارمین لۆکاس) لە ١٥ی دیسەمبەری ٢٠٠٠.
١٢٩ نامە لە (زاڤەن مێزێرلیان)ەوە بۆ (فراتەر) لە ٢١ی دیسەمبەری ٢٠٠٠.

هات. (بریتاین- کاتلین) ڕوونی کردەوە: "سەرچاوەی چوارچێوەی مێژوویی ئێمە ساڵەکانی نێوان ١٩١٥- ١٩٢٠ ناگرێتەوە و تیایدا نییە و لەو ئەرکانەی بە ئێمە ڕاگەیەنراون لەم بەرهەمانەدا جێبەجێ بکرێن، قەت باس لەوە نەکراوە لیستی گشتیی هەموو کردەوە تاوانکارییەکانی سەدەی بیستەم بخرێنە بەرچاو"[١٣٠]، بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە ئەم ڕیپۆرتاژانەی لە دەرەوەی ستۆدیۆ ئامادە دەکرێن و لە (bbc2)ەوە پەخش دەکرێن "ئاماژەیان بۆ جینۆسایدی ئەرمەنەکان تێدا بێت، هەرچەندە کورتیش بن".

سەرنج بدەرە ئەوەی کە لەو پەیامەدا چۆن خۆیان لە ئەسڵی کێشەکە دەدزنەوە. (لۆکاس) پرسیاری ئەوەی نەکردبوو ئایا "سەرچاوەی چوارچێوەی مێژوویی)ی bbc جینۆسایدی ئەرمەنەکانی تێدایە، یان نا؟ (ئەویش ئەگەر شتێکی ڕاستەقینەی لەو چەشنە لەئارادا بووبێ بە ناوی سەرچاوەوە)، بەڵکو پرسیاری ئەوەی کردبوو بۆچی کۆمەڵکوژیی ئەرمەنەکان لە بەرنامەیاندا نییە؟ ئەگەر ئەو ئەرکانەی "جێبەجێکرن" کە بە bbc سپێردرابوون ئەوەی تیادا نەبووبێت لیست و زنجیرەی هەموو تاوانە کۆمەڵکوژییەکانی سەدەی بیستەم باس بکرێن، ئیدی پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی نا؟ بە تایبەتیش بۆ جینۆسایدی ئەرمەنەکانی تێدا نییە؟ دواجاریش هەر دەبوا و ناچارن شتێک لەو بارەیەوە بکەن و ئاماژەیەک "هەرچەندە کورتیش بێت" وەک خۆیان دەڵێن بۆ ئەو سەتان هەزار پیاوە کوژراوانە و ئەو ژنە ئەتککراوانە و ئەو هەموو منداڵە

١٣٠ نامەی (بریتاین- کاتلین) بۆ (لۆکاس) لە ٣٠ی کانوونی دووەمی ٢٠٠١.

زیندەبەچاڵ کراوانە بکرێت. هەرچۆنێک بووبێت (بریتاین- کاتلین) کۆمەڵکوژیی ئەرمەنەکانی بە (جینۆساید) ناو برد، هەرچەندە من گومانم لەوەیش هەیە و بە هەڵەیەکی بیرۆکراتیی دەزانم، بەڵام ئەوە هەرگیز پەسەند ناکرێ بیر لە پەیامێکی باوکسالارانە بکرێتەوە کە ئاڕاستەی کەسێک کرابێت، هەموو گەلەکەی بەو شێوازە لێوانلێوە لە دڵڕەقی و بێبەزەیی ڕاوەدوونراون و لەناو براون[١٣١].

ئەو هەموو ناڕۆشنی و پێچوپەناکردنە دەرئەنجامی ئەوەیە حکومەتی بلێر نابەرپرسانە و گاڵتەجاڕانە ڕەفتار دەکات، بە تایبەتی چونکە بڕوای وایە نکوڵیکردن لە جینۆسایدی گەلێک هیچ سزایەکی بەدواوە نییە و لەو ڕێگەیەیشەوە دەتوانێت وەک دۆستێکی دڵسۆزی تورکیا بمێنێتەوە. ئەو پەیام و مەبەستە پێشتر و لە ١٩٩٩دا زۆر بە ڕوونی دەرکەوتبوو، ئەویش کاتێک کە حکومەتی بەریتانی لەمیانەی وەڵامدانەوەیەکی (خانەی لۆردان) (house of lords)دا ڕایگەیاند: "بەهۆی نەبوونی بەڵگەی یەکلاکەرەوەی گومانهەڵنەگر لەسەر حکومەتی عوسمانی و ئەوەی کە لەو کاتانەدا بڕیاری دابێت ئەرمەنەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی لەناو بەرێت، حکومەتی بەریتانی نەیویستووە ڕووداوەکانی ساڵانی

---

[١٣١] وەرگێڕ: لەو ڕستەیەدا ئەو شێوازە ڕەفتار و پەیامە باوکسالارانەیە هێمایە بۆ هەڵوێستی حکومەتی بەریتانی، کە هەر وەکو حکومەتەکانی تری ئەم جیهانە، خۆی وەک باوکێکی دڵسۆزی ژێردەستەکانی (یان ڕەعیەتەکانی) نیشان دەدات. تێکڕای ڕستەکەش ئەوە دەگەیەنێت، ئەو حکومەتە باوکسالارە لەجیاتی ئەوەی لە ڕاستینەی تاوانەکە بکۆڵێتەوە و بۆچی و چۆن و لە لایەن کێوە ئەنجام دراوە، کەچی دەیەوێت بە سەرەخۆشیکردن لە پاشماوەی قوربانییەکان خۆڵ بکاتە چاویانەوە. ئەوەیش پەسەندەنی نییە.

١٩١٥ و ١٩١٦ وەک (جینۆساید) بناسێنێت و دانی پیا بنێت"[١٣٢]. ئەگەر ئەم بیانووە ڕاگەیەنراوە ڕاست بێت، کە گوایە «بەڵگەی یەکلاکەرەوەی گومانهەڵنەگر» لە بارەی جینۆسایدی ١٩١٥ەوە لە ئارادا نییە، کەواتە دەبێت حکومەتی بەریتانی بەنیاز بێت (ڕاپۆرتی برایس)، (چێرچڵ)، (لوید جۆرج)، ئەو دیپلۆماتە ئەمریکیانەی لە کاتی کۆمەڵکوژییەکاندا بە سەرانسەری ئیمپراتۆریای عوسمانیدا بە کاری فەرمی بڵاو ببوونەوە، (ئارمین ڤاگنەر)، وێنەگرەکەی هۆڵۆکۆستی ئەرمەنەکان، زانـای بەناوبانگ و هۆڵۆکۆستناس (ئیسرائیل چارنی)، شایەتحاڵە ڕزگاربووەکانی کۆمەڵکوژییەکان، ئەو سەدوپەنجا پرۆفیسۆر و زانا و مێژووناسانەی بەیاننامەیان لە بارەی کۆمەڵکوژییەکانی (١٩١٥)ەوە ئیمزا کرد و بە (جینۆسایدی حاشاهەڵنەگر) ناساندیان، (دەبێ حکومەتی بەریتانی - وەرگێڕ)، هەموو ئەوانە بە درۆزن بزانێت. گومان لـەوەدا نییە کە وانییە و هەموو ئەمانە لەسەر ڕاستن. (ڕامسای) بارۆنی (کارتڤاڵە)، کە ئەو ڕوونکردنەوە درۆیینەیەی سەرەوەی بە ناوی حکومەتی بەریتانیاوە لە خانەی لـۆردانـەوە ئاڕاستەی ڕای گشتیی کرد، ئەوەیشی بە بیانوو هێنایەوە کە «زۆر دەگمەنن ئەو حکومەتانەی تر ئەو ڕووداوە تراجیدیانەی ئەو ڕووداوانەیان بە (جینۆساید)

---

١٣٢ وەڵامی خانمی (ڕامسای) بارۆنی (کارتڤاله) بۆ خانمه بارۆن (کۆکس- COX) له خانەی لۆردانـدا، ١٨ی ئەپریلی ١٩٩٩، لەم سەرچاوەیەوە وەرگیراوە کە (بۆیادجیان) بڵاوی کردووەتەوە:

Ruper boyadjian: (great britains denial of the genocide against the Armenian)

کۆنووسەکانی کۆنفرانسی کیگالی ٣٠/٢٥ نۆفەمبەری ٢٠٠١.

ناو بردبێت. بە ڕای ئێمەیش ئەوە لە جێی خۆیدایە[١٣٣]، چونکە ئێمە وای تێدەگەین ئەوە ئەرک و کاری ئەم حکومەتانەی ئێستا نییە بەسەر ئەو ڕووداوانەدا شۆڕ ببنەوە کە هەشتا ساڵ بەر لە ئێستا ڕوویانداوە و لەو بارەیەوە حوکم و بڕیار بدەن... دەوجا کێ هەیە بچێتە ژێر باری هەڵوێستێکی لەو چەشنە؟».

بێگومان ئەو کەسە تۆنی بلێر نییە، لەوەش زیاتر لە بڕگەیەکی تری ئەو ڕوونکردنەوەیەدا هەڵوێستی تر هەیە کە مایەی نیگەرانیی زیاترن (نیشانەیەکیشن بۆ ڕەفتار و هەڵوێستێکی تری بێمۆڕاڵیی حکومەتی بلێر لە بارەی مێژووەوە)، واتە ئەو پێشنیارەی کە لەوێدا کراوە بۆ ئەرمینیا[١٣٤] و تورکیا» پێکەوە، لە ڕێگای گفتوگۆ و دانوستاندنی هاوبەشەوە، ئەو کێشەیە لەنێوان خۆیاندا چارەسەر بکەن. ئێمە ناتوانین ڕۆڵی هاوکارانەی دۆستانی هەردوولا وێنا بکەین، ئەگەر بمانەوێت بە تایبەتی بچینە ژێر باری هەڵوێستێکی سیاسیی ئەوتۆوە، لە بارەی کێشەیەکەوە، کە بۆ هەردوو لایان زۆر هەستیارە». کەوابوو دانپێدانان یان بە پێچەوانەوە نکوڵیکردن و حاشاکردن لە جینۆساید کراوە بە کێشەیەکی «سیاسی». بەکۆمەڵکوشتنیش بووە بە «ڕووداوەکان». بەپێی ئەو بۆچوونە

١٣٣ وەرگێڕ: واتە ئەوە لە ڕوانگەی ئەو بەرپرسە بەریتانییەوە هەڵوێستێکی ڕاست و دروستە، کە ئەو ڕووداوە تراجیدیانەی لەناوبردنی بەکۆمەڵی ئەرمەنەکان لە لایەن حکومەتەکانەوە بە (جینۆساید) نەناسێنرێت.

١٣٤ وەرگێڕ: مەبەست وڵاتی ئەرمینیایە. ئەوەیش بمانەوێت و نەمانەوێت چەواشەکارییەکە کە جینۆسایدی ئەرمەنەکانی تورکیا دەبەستێتەوە بە وڵاتی ئەرمینیاوە. بەو جۆرە دەیانەوێت کەیسی جینۆسایدی گەلێک تێکەڵ بە بەرژەوەندییە سیاسییەکان بکەن و سازش و سات و سەودای لەسەر بکرێ و هەرزانفرۆش بکرێت.

حکومەتەکانیش ناتوانن شۆڕ ببنەوە ناو ڕووداوگەلێک «پێش پتر لە هەشتا ساڵ لەمەوبەر» ڕوویاندابێت و هەڵوێست لەو بارەیەوە وەربگرن. بەو جۆرە ئەگەر لە ساڵی ٢٠٢٥دا حکومەتێکی ڕاسترەو لە ئەڵمانیا بێتە سەر کار -خوا بەو ڕۆژە نەکا و بمانپارێزێت-[١٣٥]، نکوڵی و حاشا لە هۆڵۆکۆستی جووەکان بکات، ئیدی دەبێت ئەو کاتە حکومەتی بەریتانی خۆی دوورەپەرێز بگرێ و ڕابگەیەنێت، کە مەحاڵە بتوانێت هەڵوێستێک لە بارەی ئەو «ڕووداوانەوە» وەربگرێت، کە هەشتا ساڵ پێشتر ڕوویانداوە و دەبێت کۆمەڵی جووەکان ئەو کێشەیە بە هاوبەشی لەگەڵ ئەڵمانیادا و لەنێوان خۆیاندا چارەسەر بکەن. ئەوە لۆجیکە ڕاستەقینەکەی ئەو قسەکەرە فەرمییەیە کە دەیەوێت میراتگرە تورکە بەهێزەکان و نەوەکانی تاوانکارە عوسمانییەکانی کۆمەڵکوژییەکان ئەو کێشە هەستیارە لەگەڵ نەوەکانی ئێستای قوربانییە ئەرمەنەکاندا باس و چارەسەر بکەن.

بەریتانییەکان ئێستاکە تووشی ئەو خووە ئیسرائیلییە بوون، کە هۆڵۆکۆستی ئەرمەنەکان لە هۆڵۆکۆستی جووەکان بە تەواوەتی جیا دەکەنەوە، بە جۆرێک، کە ئەو شارەزاییەی ڕاوەدوونانی جووەکان دەبێت وەک ڕووداوێکی تاقانە بمێنێتەوە کە لەگەڵ هیچ کۆمەڵێکی تری ئیتنیکیدا بەش ناکرێت[١٣٦]. باڵیۆزی ئیسرائیلی لە

---

١٣٥ وەرگێڕ: دەقاودەق نووسراوە: خوای گەورە لەو ڕۆژە بمانپارێزێت.

١٣٦ وەرگێڕ: بە دەربڕینێکی تر: جوو هۆڵۆکۆست تەنها بە موڵکی خۆیان دەزانن و دژی ئەوەن هیچ پرۆسەیەکی تری جینۆسایدی گەلانی تر بە هۆڵۆکۆست ناو ببرێت، بە پێچەوانەوە دەیانەوێت هۆڵۆکۆست وەک زاراوە بە قۆرخکراوی بمێنێتەوە بۆ جینۆسایدی جووەکان لەسەر دەستی نازییەکان.

ئەرمینیا تا ئەو ڕادەیە بێحەیا بوو کە لە ٢٠٠٢دا ئەو بۆچوونەی سەرەوەی دووپات کردەوە[١٣٧]. دوو ساڵ دوای ئەوەش باڵیۆزی بەریتانی لە ئەرمینیا، هەمان هەڵوێستی دەربڕی.

بێگومان ئەوە زۆر ئاسانە قەناعەت بە خۆت بهێنیت کە تۆ لەسەر هەقیت. کاتێک تۆنی بلێر ئەوەی ڕەت کردەدوە دان بە جینۆسایدی ئەرمەنەکاندا بنێت، لە بەرامبەردا، زنجیرەیەک وتاری تووڕەم بۆ (the independent) نووسی و تێبینیی ئەوەم کردبوو کە ڕۆژی هۆڵۆکۆست بە یادکردنەوەی کۆمەڵکوژیی ئەرمەنەکان دەبێتە ڕۆژێکی تایبەت بە گیروگرفتی جوو. بەڵێ... بەڵێ، هەر کاتێک وشەی هۆڵۆکۆست بۆ جووەکان بەکار بهێنرێت، دەبێت بە (هێ)ی گەورە (H)ی (کاپیتاڵ لێتەر) بنووسرێت. من هەمیشە لەگەڵ ئەو ڕایەدا بووم و لاریم لەوە نەبووە... بەکۆمەڵکوشتنی قەبارە گەورەی لەو چەشنە (بۆ وەبیرهێنانەوە: هیتلەر شەش ملیۆن جوولەکەی لەناو برد)، شایەنی ئەوەیە بە (هێ)ی گەورە بنووسرێت (Holocaust)، بەڵام من ئەوەیش بە ڕاست دەزانم، کە هەر کۆمەڵکوژییەکی ڕەگەزەکانی تر، جا هەر ڕەگەزێکی مرۆیی بێت، شایەنی ئەوەیە بە (هێ)ی گەورە بنووسرێت. هەر بەو جۆرەشم نووسیبوو، لەو وتارە درێژەمدا، کە لە لاپەڕەی ناوەڕاستینەی ڕۆژنامەکەدا

---

١٣٧ نووسەر: (ڕیڤگا کۆهین)ی باڵیۆزی ئیسرائیل لە (یەریڤان)، لە ٥ی مارتی ٢٠٠٢دا وتی: هەرچەندە جینۆسایدی ئەرمەنەکان (تراجیدیایەک) بووە، بەڵام هۆڵۆکۆستی (جووەکان) «دیاردەیەکی تاقانەیە و هەر لە سەرەتاوە نەخشە و پلانی تەواوکار (متکامل)ی بۆ ئامادە کرابوو، هەروەها بە تەواوەتی ئاراستە کرابوو بۆ لەناوبردنی سەرتاپای گەلێک». حکومەتی ئەرمەنی لە یەریڤان بە شێوازێکی گونجاو کاردانەوەی نیشان دا لە ڕێگەی نامەیەکی ناڕەزایەتیی دیپلۆماسییەوە.

بڵاو کرابووەوە. لەگەڵ ناسیاوێکی ئەرمەنیدا قسەم کرد و پێم ڕاگەیاند، کە کارێکی لەو چەشنەم کردووە. لەو پەیامەی مندا قسە لەسەر (هۆڵۆکۆستی ئەرمەنەکان) بە (هێ)ی گەورە کراوە. من چاوەڕوانی ئەوە نەبووم بەو خێرایییە لە لایەن مردووەکانەوە بۆ لێپرسینەوە و سزادان بانگ بکرێم، چونکە هەر کە بابەتەکەم لە (the independent)دا بڵاو کرایەوە (ئەو ڕۆژنامەیەی کە هیچ درێغی نەکردووە لە بەدواداچوون و توێژینەوە و وردبینیکردن لەو گەندەڵی و خراپەکارییەی دژی خەڵک ڕوودەدەن، بەبێ گوێدانە ڕەچەڵەک و ڕەگەز و بیروباوەڕی قوربانییەکان)، ئاماژەکانم بۆ هۆڵۆکۆستی جووەکان بە پیتی گەورەی (H) چاپ کرابوو، کەچی هۆڵۆکۆستی ئەرمەنەکان تەنها پیتی بچووکی h))ی بەرکەوتبوو. ئەو دۆستە ئەرمەنییەم بە پەستی و تووڕەییەکی چەپێنراوەوە پرسیاری لێ کردم: "ئێی... ڕۆبەرت... دە پێمبڵێ ئێمەی ئەرمەنی چۆن و لە چ ڕێگایەکەوە دەتوانین ببین بە خاوەنی (هێ)ی گەورە (H)، چما تورکەکان بەشی پێویستیان لە ئەرمەنەکان نەکوشتووە تا شایەنی (H)یێکی گەورە بین؟ یان ئەوە هەر لەبەر ئەوەیە کە ئێمە جوو نین؟"[١٣٨].

١٣٨ نووسەر: بێگومان ئەوە بەو واتایە نییە کە لە لایەن دەستەی نووسەرانی (the independent)ەوە پیلانگێڕییەک لە ئارادا بووبێت، ئەوە تەنها ئەنجامی ڕێسایەکی توند و پووچە کە بابەتە نووسراوەکانی ئێمەومانان دەبێت پەیڕەوی لە شێوازی (گراماتیکا)ی بەکارهێنراوی ئەو شوێنە بکات و ئێمەیش دەبێت خۆمان لەگەڵ ئەوەدا بگونجێنین کە ناوی لێ نراوە: "بەکارهێنانی باو" و لەو "بەکارهێنانی باو"ەدا هۆڵۆکۆستی جووەکان پیتی گەورەی (H)ی بۆ بەکار دەهێنرێت. هۆڵۆکۆستەکانی تریش نایانگرێتەوە. کەس نازانێت ئەوە بۆچی بەو جۆرەیە و چۆن پەیدا بووە؟ هەمان ئەو سیستمی نووسینە، لە کردەوەدا، لە

هەموو ڕۆژنامە و کتێبەکاندا، لەسەر ئاستێکی جیهانیدا پەیڕەو دەکرێت. "تێبینیی وەرگێڕ: پێموایە ئەوە تەنها لە زمانە ڕۆژئاواییەکاندا بەو جۆرەیە، کە سیستمی پیتی گەورە و بچووکیان هەیە و لە باری گراماتیکا و ڕستەسازییەوە ڕۆڵی خۆی هەیە. وەک بەراوردێک دەڵێم لە زمانی کوردیدا ئەو دیاردەیە نییە و ناتوانین بەو جۆرە پلەبەندی لە هۆلۆکۆستی گەلاندا بکەین. ئەو پلەبەندی و جیاکارییە، بە ڕای من جۆرێک لە جیاکاری نەژادی نیشان دەدات". هەرچەندە ئەوە جارێکیان ىووە مایەی ئاژاوەیەک لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا کاتێک کە دانیشتگای هارڤارد ئەوەی ڕەت کردەوە کە "کورسی خوێندنی هۆلۆکۆست و هاوچەشنەکانی" بەکار بهێنرێت، چونکە ئەکادیمیستەکان ناڕەزایەتییان لە دژی ئەوە دەربڕی کە لە سایەی بەکارهێنانی تێرمی "هاوشێوەکانی"یەوە جینۆسایدی گەلانی تر، کە ئەوەی ئەرمەنەکانیش دەگرێتەوە، بەکۆمەڵ سڕدراونەتەوە. بەڵام هەموو ئەوانەش وەڵامی پرسیاری دۆستە ئەرمەنییەکەم نادەنەوە، ئەوەی کە پێی بوترێت ئەو گەلەی تۆ پیتی گەورەی (H) نایگرێتەوە، ئەوەندەی بۆ ئێمە شەرمهێن و مایەی شەرمەزارییە، ئەوەندەش بۆ ئەو ئیهانەیە. "بەکارهێنانی باو" بۆ هەموو ڕۆژنامەوانان گیروگرفت و بارێکە، بەڵام هەرگیز پیرۆز نییە. هیچ پێویست نییە هەتا هەتایە هەر بەو شێوەیە بمێنێتەوە. باوکی من، هەر وەک بە سەرنووسەرەکەم ڕاگەیاند، لەوەی پێی دەوترێت "جەنگی گەورە، یان مەزن" جەنگیوە. بەڵام لە ساڵی ١٩٤٥، بەدواوە دەبوا "بەکارهێنانی باو" بەپێی هەلومەرجە تازەکان بگونجێنرێت و بەو جۆرە ناولێنانەکە گۆڕدرا بۆ "یەکەمین جەنگی جیهانی".

لە ڕۆژنامەکەمم پرسی: ناو لێرەدا چ بایەخێکی هەیە و چ جیاوازییەک دەبەخشێت؟ پیتێکی گەورە چ گرنگییەکی هەیە؟ چەند کەللەسەر و ئێسکوپرووسک تاکو ئێستاش لە بیابانی سوریادا لەژێر گڵدان؟ تۆ بڵێی تورکەکان بایی پێویستیان لە ئەرمەنەکان نەکوشتبێت؟ ئیتر لەو ڕۆژە بەدواوە، لە ڕۆژنامەی (the independent)دا تێرمی (holocaust)، چ بۆ جینۆسایدی جووەکان، یان بۆ ئەرمەنەکان، وەکو یەک بە پیتی گەورەی (H) نووسرا.

## ١٣

لەناو هەموو ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی شانشینی یەکگرتوودا ڕۆژنامەی (the independent) لە ڕیزی هەرە پێشەوەدایە بۆ داواکردن لە تورکیا تا ڕاستییەکانی تایبەت بە کوشتنی بەکۆمەڵی ئەرمەنەکان ئاشکرا بکات. کاتێک باڵیۆزی تورکی لە ئاب- ئۆگستوسی ٢٠٠٠دا شکاتێکی فەرمیی کرد، مەرجی ئەوەی دانا دەبێت لەو پێشانگایە (مۆزەخانەی ئیمپراتۆریی جەنگ) (imperial war museum) لە لەندەن گۆڕانکاری لەو تێکستانەدا بکرێت کە ئاماژەیان تێدایە بۆ کۆمەڵکوژیی ئەرمەنەکان (جگە لە ناوهێنانی بە "کێشەیەکی ئازاربەخش و ئاڵۆز"[١٣٩]، مەحمود ئاکاتی دیپلۆمات نەیویستووە هیچیتر لە بارەی ئەو جینۆسایدەوە لە شکاتنامەکەیدا بڵێ). پاشان لە وتارێکی سەرەکی لە (the independent)دا نووسراوبوو: "ئیتر نازانی لەگەڵ ئەوەدا چی بڵێیت".[١٤٠] ئەوە

١٣٩ نامەی (ئاکات) (akat) بۆ ڕێکخەری پێشانگاکە، وێنەگر (سیمۆن ئۆرفۆلک)، ٢٧ی حوزەیرانی ٢٠٠٠.

١٤٠ The independent, 31 augustus 2000, (turkey should face up to an ugly episode in its hstory).

(هەر وەک لە ڕۆژنامەکەدا نووسراوە) وەک ئەوەیە «حکومەتی ئەڵمانی بڵاوی بکاتەوە کە ژمارەیەک جوو لە میانەی دووەمین جەنگی جیهانیدا گیانیان لەدەست داوە، ئەوەیش بخاتە ئەستۆی بڵاوبوونەوەی درمە پەتایەکی کوشندە، یان وەک ئاکامێکی ئاسایی شەڕ و پێکدادان لێکی بداتەوە».

بەڵام پێدەچوو تەنانەت «مۆزەخانەی ئیمپراتۆریی جەنگ»یش خەریکی خۆگونجاندن بووبێت بە لای تورکیادا. نزیکەی ساڵێک دوای ئەوە، کاتێک پێشانگای ساڵانە ڕێک خرا، لەژێر ناونیشانی سەرنجڕاکێشی (تاوانی دژی مرۆڤایەتی) (crismes against humanity)دا (واتە ڕێک هەمان ئەو دەربڕینەی لە ١٩١٥دا لە پەیوەند بە کۆمەڵکوژیی ئەرمەنەکانەوە بەکار هێنرابوو)، لەناو بەشە ئەرمەنییەکەی مۆزەخانەکەدا پانێڵێکی تەواو گەورە بۆ نکوڵیکردنی تورکی تەرخان کرابوو لەو بەکۆمەڵکوشتنانەی گوایە جارێک لە جاران ڕوویانداوە. یەکێک لە خوێنەرانی ئێمە پاش سەردانی بۆ مۆزەخانەیەک کە تەرخان کرابوو بۆ ئەو مسوڵمانە تورکە کوژراوانەی شاری (یەشیلیایلا) (yesilyayla) لە لایەن ئەرمەنەکانەوە، نووسیبووی: "ئەوەی تۆقێنەر و مایەی شۆکە ئەو کەسانە (واتە تورکەکان) ڕێک دەستیان بەسەر هەمان تێرمینۆلۆجیی (زاراوەسازیی زانستی)دا گرتووە کە ئێمە لە بارەی هۆلۆکۆستی جووەکانەوە بەکاری دەهێنین و ئەوەی ئێستا نەک بۆ کۆمەڵکوشتنی ئەرمەنەکان، بەڵکو بۆ خودی تورکەکان بەکار

دەهێنرێت لە بەرگی قوربانیانی کۆمەڵکوژیدا"[١٤١]. تورکیا هەوڵی تـەواوی خـۆی داوە بـۆ کەمبایەخکردن و گومانخستنەسەر ڕەسەنایەتیی بەڵگە فۆتۆییەکانی جینۆسایدی ئەرمەنەکان، ئەویش لە ڕێگەی داواکردن لە (هۆڵتۆن گێتی) (hulton getty) ی کۆکەرەوەی بەڵگە فۆتۆییەکان بۆ دەرهاویشتن و وەلاوەنانی ئەو سێ فۆتۆ بەناوبانگەی کوژراوە ئەرمەنەکان نیشان دەدەن، کە یەکێکیان پۆرترێتێکی زۆر سەرنجڕاکێشی ساڵی ١٩١٥ی (ئارمین ڤاگنەر)ی بوێری ئەڵمانییە کە تێیدا لاشەی کچێکی ئەرمەنی و دوو کوڕی منداڵ نیشان دەدات، لە ناوەندی زبڵخانەیەکدا فڕێ دراون. هەموو ئەو هەوڵ و کۆشش و داوایانەی تورکیاش بە بیانووی ئەوەیە هیچ شتێک لە ئارادا نەبووە بە ناوی جینۆسایدەوە. ڕاستە (هۆڵتۆن) وێنەکانی لابرد، بەڵام بەڕێوەبەری گشتیی شاندە نوێنەرایەتییەکە (ماتیۆ بوتسون) (Mathew butson) دوای سێ ڕۆژ ئەو شکات و نارەزایەتییەی تورکەکانی ڕەت کردەوە. ناوبراو وتی: "من گومانم لەوە هەیە تورکەکان بۆ مەبەستی داواکردنی ئەندامەتی لە یەکێتیی ئەورووپیدا بیانەوێت مێژووی خۆیان پاک بکەنەوە. بەڵام ئەوە ئەو ڕێگایە نییە، کە ئەوان بتوانن کێشەکەی پێ چارەسەر بکەن".

لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا ئەرمەنەکان داوای ئەوەیان کرد لە لایەن ئەو کۆمپانیا ئەمریکیانەوە قەرەبوو بکرێنەوە کە کەسوکار و خێزانەکانیان -ئەوانەی لە ١٩١٥دا کوژراون-

---

١٤١ نامەی (تۆبی ساول) (toby saul) بۆ نووسەر، ٢ی ئۆکتۆس ٢٠٠٠.

لای ئەو کۆمپانیایانە ژیانیان تامین کردبوو. بۆ ڕزگاربووانی هۆڵۆکۆستی جووەکان چل ساڵ درێژەی کێشا تا لە لایەن ئەو جۆرە کۆمپانیایانەی دابینکردنی ژیانەوە چارەسەری لەسەرخۆیان بۆ دۆزرایـــەوە، بـەڵام بۆ ڕزگـاربـووان و نـەوە زیندووەکانی هۆڵۆکۆستی ئەرمەنەکان، چارەسـەر و بریارێکی لـەو چەشنە هەشتاوپێنج ساڵی خایاند. کۆمپانیای ئەمریکی بۆ دابینکردنی ژیان (دڵنیایی ژیان) (new York life insurance) دوای دەعوایەکی قەزایی کۆمەڵێک ئەرمەنی لەسەر ئەوە پێکهاتن (٢٠) بیست ملیۆن دۆلار قەرەبوویان بدرێتەوە، بەڵام تەنانەت لەو ئانەشدا بەڕێوەبەری کۆمپانیاکە (سای ستێرنبێرگ) ئەوەی ڕاگەیاند کە یەک لەسەر سێی داوا داراییەکان پاش کوشتنەکان (بەسەر چوون). ئەوەیش ئەو زمانە (بێلایەن)ە یاساییەیە کە تەواو بە دڵ و زەوقی تورکیا بوو. لە کاتی خۆیدا ویستراوە قەرەبوویەکی دەستبەجێ بدرێنەوە. ناوبراو لەو بارەیەوە وتی: ”ئەوە ڕوون بوو کە بەشێکی زۆری مەعمیلە ئەرمەنەکانمان (واتـە ئەوانەی لای کۆمپانیاکە ژیانیان تامین کردبوو – وەرگێڕ) لە کاتی ڕووداوە تراجیدییەکانی ١٩١٥دا مردوون“. مردوون؟ ڕووداوە تراجیدیەکان؟ دیار بوو ژمارەیەک لە کۆمپانیاکانی تامینی ژیان لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا هەر لە سەرەتاوە نەیانویستووە قەرەبوو بدەنەوە، چونکە بە قەولی ئەوان، ”هیچ کەسێک نەبووە بێتە پێشەوە“. تا داوای قەرەبوو بکاتەوە. (ئەندرێ کێڤۆرکیان) (Andrew Kevorkian)، کە ئەگەر قسە لەسەر ١٩١٥ بێت، یەکێکە لە هەرە سازشنەکەرەکانی ئەرمەنییە بەریتانییەکان، پرسیاری کرد: ”چما ئەوان چاوەڕوانی چی بوون؟

ئایا دەیانەویست تورکەکان نامەیەکیان بنووسیایە لە چەشنی ”بۆ هەرکەسێک کە ئەم نامەیە دەخوێنێتەوە“، لەگەڵ تۆمارکردنی ڕۆژ و کات و مێژووی ڕوودانی کوشتنەکە، ئەویش بۆ هەر تاکێک لەو ژن و پیاو و منداڵانەی کە خۆیان کوشتوویانن؟“.

کاتێک کە ڕەوەنـدی ئەرمەنی لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا پرسیاریان لە (جۆرج دەبلیو بووش) کرد سەبارەت بە سیاسەتی ناوبراو لە بەرامبەر جینۆسایدی ئەرمەنەکان ئەگەر هاتوو بە سەرۆک هەڵبژێردرا؟ ناوبراو لە وەڵامدا لە ١٩ی شوباتی ٢٠٠٠دا ڕایگەیاند: «ئەرمەنەکان کرانە قوربانیی شاڵاوێکی کۆمەڵکوژی... یەکێک لەو تاوانە تۆقێنەرانەی سەدەی بیستەم، کە تاوانگەلێکی زۆر لـە دژی مرۆڤایەتیی تیـادا ئەنجام دراوە. ئـەگـەر مـن بە سـەرۆک هەڵبژێردرێم، بایەخی تـەواو بـەوە دەدەم، ئەم گەلەی ئێمە بە شێوازێکی ڕاست و گونجاو دان بەو ئازارە تراجیدیانەی گەلی ئەرمەنیدا بنێت». کاتێک بە سـەرۆک هەڵبژێردرا، بووش ئـەو ئازایەتییەی لەدەست دا و لـەو بەڵینەی پاشگەز بـووەوە، کە بە ڕەوەنـدی ئەرمەنیی دابـوو. هەر زوویش گەڕایەوە سەر بەکارهێنانەوەی تێرمینۆلۆجییە تۆقیوە بێلایەنە باوەکان.

کاتێک لە ٢٤ی ئەپریلی ٢٠٠١دا و لە یادی هەشتاوشەشەمین ساڵەی کۆمەڵکوژەکادا گوتاری دا، جۆرج بووش چیتر زاراوەی (جینـۆسـاید)ی بـە دەمـدا نـەهـات. لەجیاتی ئـەوە، ئـەم جۆرە دەربڕینانەی بە تایبەتی بەکار هێنا: «یەکێک لە تراجیدیا گەورەکانی مێژوو» و «کوشتنە شەرمهێنەکان»، «ئەو تراجیدیایەی مۆرکی سەر مێژووی گەلی ئەرمەنی پێکدەهێنێت» و «چارەنووسی تاڵی

ئەرمەنەکان لە کۆتایی ئیمپراتۆریای عوسمانیدا».

سالێک دوای ئـەوە، لە هـەمان ڕۆژدا بووش جینۆسایدی بە «تراجیدیایەکی ترسناک» ناو برد و باسی «کوشتنە تۆقێنەرەکان» کرا، بەڵام لەوە واوەتر قسە تەنها لە بارەی «تیاچوونی ژمارەیەکی زۆر و لەدەستدانی ژیـان»ەوە دەکـرا. دیسانەوە هیچ شتێک لە بـارەی «جینۆساید»ەوە نەوترا، تەنانەت تێبینییەکی ناڕۆشنی لەم چەشنەی خوارەوەیشی ڕاگەیاند؛ واتە «ئەو برینانەی وەک مایەی ئازاربەخشین دەمێننەوە بۆ خەڵکی ئەرمینیا و تورکیا و بۆ هەموو جیهان»[١٤٢]. لە ئەپریلی ٢٠٠٣شدا دەربڕینەکان بوونە «تراژیدیایەکی تۆقێنەر» و «کارەساتێکی گـەورە» ئـەوەی کە (لەبەر هۆیەکی پەنهان کە بووش تەنها بۆ خۆی دەزانێت چییە) لە شێوەی «خەمێکی قووڵ بۆ خۆیان و بۆ دراوسێ تورکەکانیان» خۆی دەنوێنێت کە «تا ئێستا بەدوایانەوەن». ئەمە ئیتر ئەوپەڕی گاڵتەجاڕییە. حکومەتی تورکی بـەردەوام خەریکی ئـەوە بووە نکوڵی و حاشا لە جینۆسایدەکە بکات و هەرگیز خەریکی ئەوە نەبووە خەمی قووڵ لەو بارەیەوە بخوات. لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ (کۆمیتەی نیشتیمانیی ئەرمەنی) لە ئەمریکادا جـۆرج بووش وێڕای بانگەوازەکانی بۆ «شـەفافیەتێکی ئەخلاقی» لەبارەی کێشە نێودەوڵەتییەکانەوە، «خۆی خستە ژێر باری فشاری حکومەتێکی دەرەکییەوە کە سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای ناچار کرد دابەزێتە ئاستی نزمی بەکارهێنانی تێرمینۆلۆجییەکی فرتوفێڵاویانە بۆ خۆدزینەوە لە ناولێنانی جینۆسایدی ئەرمەنەکان

١٤٢ ڕاپۆرتی ساڵی ٢٠٠٢ی ئینستیتوتی نیشتیمانیی ئەرمەنی.

بە ناوە ڕاستەقینەکەی خۆی...»[١٤٣].

بۆ وەبیرهێنانەوە، ئەوە هەر هەمان سەرۆک بوو جەنگی «دژەتیرۆر»ی بەرپا کرد، ئەوەی کە وای دەزانی جەنگی لە دژی «شەڕ» (پێچەوانەی خێر - وەرگێڕ) بەرپا کردووە، بەڵام کاتێک ڕووبەڕووی ئەو بەڵگە حاشاهەڵنەگرانەی ئەو (تیرۆر) و (شەڕ) ە کرایەوە کە ئەمریکییەکان ئەنجامیان دابوون و زۆر لە قەبارەی ئەو (تیرۆر) و (شەڕ)ە گەورەتر بوون کە لە دژی ئەمریکا ئەنجام درابوون، ترسنۆکانە خۆی لە ڕاستییەکان گێل کرد. هەندێک جار وا دێتە بەر چاو، جینۆسایدی ئەرمەنەکان -بۆ زۆربەی وڵاتانی جیهان- زۆر مەترسیدارتر بێت لەو چەکە کۆکوژانەی (بووش) و (بلێر) لە پەیوەند بە عێراقەوە درۆیان لە بارەوە کرد[١٤٤]. لەم لێکچواندنەدا دنیای واقیعی- کردەیی، ئەوە دەسەلمێنێت و نیشان دەدات کە ئەوە تورکەکانن بە بووش و بلێر دەڵێن: ئێوە لەگەڵماندان یان دژمانن؟ ئەو پیاوانەش هەردووکیان، خۆیان بە لای تورکەکاندا خستووە و نکوڵی و حاشا لە مێژوو دەکەن.

ئێستا ئیتر کاتی ئەوە هاتووە خۆرۆچکەیەکی[١٤٥] زستانەی خەمهێن بەسەر ئەو هەڵوێست و کارانەوە پەژارە ترسنۆکانە ترسناکەی ڕۆژئاوادا هەڵبێت کە لە هەمبەر یەکەمین هۆڵۆکۆستی

---

١٤٣ (ئارام هامپاریان) (aram hamparian) سەرۆکی (کۆمیتەی نیشتیمانیی ئەمریکی- ئەرمەنی)، ٢٤ی ئەپریلی ٢٠٠٤.

١٤٤ وەرگێڕ: مەبەست چەکە کۆکوژییەکانی عێراق بوو، کە ئەمریکا و بەریتانیا کردبوویانە پاساوی سەرەکی بۆ هێرشکردنە سەر عێراق، پاشانیش دەرکەوت هەمووی درۆ و بێبناغە بووە.

١٤٥ وەرگێڕ: بچووککراوەی خۆر.

سەدەی بیستەمدا هەیانە. کۆمەڵکوژییەکانی ١٩١٥ کە «یادکردنەوەی کاریگەر»ی لە ١٩٩٦دا لە کەنیسەی (وێستمنیستەر- بەریتانیا) بۆ ڕێکخرا[١٤٦]، کرایە بابەتێکی هونەری بۆ مۆنۆمێنتێک. لە لایەن (میشێل ماین) (Michael mayne)ی سەرۆکی خانەنشینکراوی کۆڕی کەنیسەیی[١٤٧] وێست منیستەرەوە هونەرمەندێکی ئێرلەندی ڕاسپێردرا مۆنۆمێنتەکە لەسەر بەرد هەڵبکۆڵێت، کە پاشان لە پێش دەروازەی ڕۆژئـاوای کەنیسەکەدا دانـرا. لەسەر بۆردی مۆنۆمێنتەکە نووسراوە: «بۆ یادی هەموو قوربانیانی بێتاوانی سەرکوت و زەبروزەنگ و جەنگ». لەسەر لێوارە ستوونییەکەی چوارچێوەکەشدا نووسراوە: «ئەی ئەوانەی بێرەدا تێدەپەڕن: ئەمە بۆ ئێوە هیچ واتایەک دەبەخشێت؟» بە ئامادەبوونی کۆمەڵێک لە ژنان و پیاوان، کە لە کەمپی (ئاشڤیتز)ی نازییەکان و لە ڕواندا، بۆسنە، سێربیا و ئەرمینیادا ئازار و ئەشکەنجەیان بینی بوو، شاژنی بەریتانیا خاتوو ئیلیزابێت (Elizabeth) پەردەی لەسەر بەردە مۆنۆمێنتەکە هەڵدایەوە. لەناو بەشدارەکاندا (یەرڤانت شێکەردێمیان) (yervant shekerdemian)ی هەشتا و نۆ ساڵان ئامادە بوو، کە لە گەنجیدا بە تاقیکردنەوەی تاڵی بەکۆمەڵکوشتنەکاندا تێپەڕیبوو و بەشی زۆری کەسوکار و خزمەکانی لەو جینۆسایدەدا لەدەست دابوو.

پاش تێپەڕبوونی چەندین مانگ بەسەر ئەو شێوازە دزێوەی

١٤٦ نامەی (میشێل ماین) (Michael mayne) بۆ نووسەر لە ١٣ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٠دا.

١٤٧ وەرگێڕ: کۆڕی کەنیسەیی- المجمع الكنيسي (الكنسي).

نکوڵیکردن لە ڕاستییە مێژووییەکان، لە ئەنجامی زنجیرەیەک کۆبوونەوە و خۆپیشاندانی جەماوەری، حکومەتی بلێر ناچار کرا لە دواهەمین چرکەساتەکاندا[148] ڕێگە بەوە بدات پتر لە بیست ئەرمەنی ئامادەی یەکەمین یادکردنەوەی (ڕۆژی هۆڵۆکۆست) ببن، کە لە ٢٠٠١دا ڕێکخرا.

هەر لەو دواچرکەساتانەدا (یان عەرەب گوتەنی: لە کاتی لەدەستچوودا - وەرگێڕ)، بەر لە دەستپێکردنی مەراسیمی یادکردنەوەکە، (شێکەر دێمیان) و یەکێکی تر لە ڕزگاربووانی جینۆسایدەکە بە ناوی (ئانیج بۆ دۆسیان) (anig bodossian) ەوە بانگهێشت کرابوون. گەورە پیاوی ئایینی و ئۆسقوفی ئەرمەنەکان هاوشانی گەورە پیاوانی تری ئایینی شوێنی بۆ دیاری کرابوو کە حاخامی جووەکان (سەرۆکی ئایینیی جووەکان) یەکێک بوو لەوانە، هەروەها ئۆسقوفی ئەرمەنەکان یەکێک بوو لەو کۆمەڵە کەسایەتییانەی کە پێش تۆنی بلێر و سیاسەتوانەکانی تر خرابوون بۆ هەڵکردنی مۆمەکانی یادەوەرییەکە.

دوای ئەوە بە ماوەیەکی کورت ڕووداوێکی نائاسایی لە تەلەفیزیۆنی تورکییەوە ڕوویدا. نووسەر و مێژوناسێکی تورک (تانەر ئاکچام) (taner akcam) گەلی تورکی لە بارەی ڕاستییەکانی جینۆسایدی ١٩١٥ی ئەرمەنەکانەوە هۆشیار دەکردەوە. لە بەردەم جەماوەرێکی لۆکاڵیی تەلەفیزیۆنیدا ئامۆژگاریی ئەوەی دەکردن

[148] وەرگێڕ: واتە ڕۆژێک بەر لە ڕۆژی یادی ٨٦ ساڵەی جینۆسایدەکە، کە (٢٤/٤)ە، ئەویش دوای پێنج ساڵ لە یەکەم یادکردنەوە، کە لە ١٩٩٦دا کرابوو بەبێ ئەرمەنەکان.

که دەبێت داوای لێبووردن بکەن (له گەلی ئەرمەنی – وەرگێڕ). وتی: "ئێوە ئەگەر نەشتوانن ئەو ڕووداوانە بە جینۆساید ناوبەرن، خۆ دەتوانن ئەگەر بتانەوێت ناوی (کۆمەڵکوژی)ی لێبنێن، بەڵام هەرچۆنێک بووبێت ئەوە تاوانێکە له دژی مرۆڤایەتی... داوای لێبوردن له گەلی ئەرمەن بکەن و ئەوە نیشان بدەن که بیروباوەڕێکی نائاسایی و جیاوازیی ڕاوبۆچوونی سیاسی چیتر له تورکیادا بە تاوان ناژمێردرێت".

من باوەڕ بەوە ناکەم جەماوەری تورکی ئەزیەتی ئەوە بکێشن و گوێ بۆ ئەو شتە خیانەتکاریانە ڕادێرن. (مەبەستی نووسەر ئەوەیە هەر پشتگیریکردنێکی ئەرمەنەکان، له ڕوانگەی جەماوەری تورکییەوە، که ڕەگەزپەرستی له دەمارەکانیاندایە، بە خیانەت لێکدەدرێتەوە و وا بە ئاسانی ئەو بیروباوەڕانەیان ناگۆڕن، که ئەرمەنەکان خیانەتکار بوون و بە حەق کوژراون. – وەرگێڕ).

بەوجۆرە ئەو چاوپێکەوتن و گفتوگۆ تەلەفیزیۆنییە شەش سەعاتییە تاڵەی لەگەڵ (ئاکچام)دا ساز کرابوو، له ناوەڕاستی پەخشکردنیدا له ٣ی شوباتی ٢٠٠١دا کتوپڕ بڕدرا. له پەیوەندییەکی تەلەفونیدا لەگەڵ ستۆدیۆکە، دەنگێکی فەرماندەر (أمر)، که دەبێت فەرمانەکەی دەستبەجێ جێبەجێ بکرێت، هاتە گۆ و وتی: "ئێوە بە چ جورئەتێکەوە ڕێگە بە پیاوێکی ئاوها ئەدەن قسان بکات؟ دەمی داخەن...". بەڵێ، ئەوە دەنگی (سەمرا ئۆزال) (semra ozal)ی بێوەژنی (تورگوت ئۆزال) (turgut Ozal)ی سەرۆکی پێشووی تورکیا بوو. بەڵام دکتۆر ئاکچام بەو هەڕەشەیە کۆڵی نەدا و گوتی: "ئێمە تا ئەو کاتەی خۆمان له تاوانکارانی ئەو تاوانە که بێگومان

جینۆساید بووە، خۆمان بێبەری و خاوێن نەکەینەوە، دەبێت هەمیشە باری قورسی تاوانەکە لەگەڵ خۆماندا هەڵگرین".

بە درێژایی ئەو بەرنامە تەلەفیزیۆنییە ئاکچام تێرمە تورکییەکەی جینۆسایدی بەکار دەهێنا کە وشەی (سۆیکیریم) (soykirim)ە.

هەروەها گوتی: "ئەو بڕگە و ڕستە سواوانەی هەمیشە دەوترێنەوە لە چەشنی (ئێمە تاوانبار نین) و هاوشانی ئەوەش تاوانبارکردنی خودی ئەرمەنەکان، واتە قوربانییەکان، هیچ لە قازانج و بەرژەوەندیی باڵای تورکیادا نین". ئاکچام لە دیبەیتەکەیدا ئاماژەی کەسیی بۆ کەمال ئەتاتورک کرد وەک بنیاتنەری دەوڵەتی تورکی کە لە ٢٣ی ئەپریلی ١٩٢٠دا (١٥٠) ئیستینکاری "بەکۆمەڵکوشتنی ئەرمەنەکان"ی کرد و بە تاوانێکی "شەرمهێنەر" ناوی بردبوو.

حیکمەت چیچەک (Hikmet cicek) سەرنووسەری ڕۆژنامەی ئایدنلیک (aydinlik) دەستبەجێ لە وتارێکدا (ئاکچام)ی بە (خائین) ناو برد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژنامەوانی تر هەبوون، کە ئازایەتیی زۆریان نیشان دا. (ئێرتوگرول ئۆزکوک) (ertugrul ozkok)ی ستوونووس لە ڕۆژنامەی (میللییەت)دا هەمان ڕۆژ نووسیبووی: «جێبەجێکەرانی جینۆسایدی ئەرمەنەکان، واتە (پۆل پۆتەکان، بێریاکان و ستالینەکان)ی ئێمە پێکدەهێنن[١٤٩] و هەرچەندە

---

١٤٩ وەرگێڕ: (پۆل پۆت) سکرتێری یەکەمی حیزبی شیوعیی کەمبودی، کە لە نیوەی دووەمی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا لە ماوەی (٣) ساڵدا، نزیکەی یەک لەسەر سێی گەلی کەمبۆدیای بە ناوی پاکسازیی شۆڕشگێڕانەوە لەناوبرد، کە دەیکردە نزیکەی دوو ملیۆن کەس لە شەش ملیۆن دانیشتوانی ئەو وڵاتە. (بێریا) یش وەزیری ناوخۆی دەورانی فەرمانڕەوایی ستالین بوو لە یەکێتیی سۆڤێتدا،

زووتر جارِی بەرپرسیارێتی لە جێبەجێکردنی ئەو تاوانانە بدەین، ئەوەندە زووتر دەرفەتی ئەوەمان دەبێت خۆمان لەژێر باری ئەو قامچییەی تاوانبارکردن بە جینۆساید ڕزگار بکەین».

نزیکەی سێ ساڵ دوای ئەو دیبەیتە تەلەفیزیۆنییەی ئاکچام پتر لە (٥٠٠) پێنجسەد کەس لە توێژی ڕۆشنبیران- مامۆستایانی دانیشتگا، نووسەران، ڕۆژنامەوانان و کارمەندان و ئەو هەڵسوڕاوانەی کە لە بواری بەرگری لە مافەکانی مرۆڤدا چالاک بوون، خۆپیشاندانێکیان ڕێکخست، ئەویش لە دژی ڕێنماییەکی نوێی دەزگای پەروەردەیی لە تورکیا، لە بارەی کارنامەیەکی تازە بۆ وانە لە قوتابخانەکاندا، کە تێیدا داوا لە مامۆستایان کرابوو کە بە توندی وەڵامی فێرکەرەکان بدەنەوە سەبارەت بە تۆمەتە هەڵبەستراوەکان و درۆودەلەسە بێبنەماکانی ئەرمەنەکان. هەرچۆنێک بووبێت ئەوە یەکەمجار نەبوو کە ڕۆشنبیرانی تورکی لە دژی ڕژێمەکەی خۆیان بجووڵێنەوە و ڕووبەڕووی ببنەوە. لە مانگی مارتی ١٩٩٤دا سێ تورک[١٥٠] لە

---

کە هەر چ ڕاوەدوونان و گرتن و کوشتنی بە تاک و بەکۆمەڵ و کۆچپێکردن و دوورخستنەوەی ئاشکرا و نهێنیی ئەو سەردەمانە هەبوو لە (بیرۆکە)ی ئەوەوە نەخشەی بۆ دادەڕێژرا و بڕیاری جێبەجێکردنی دەدرا.

١٥٠ بریتی بوون لە:

١- ئایشە نوور زاراکئۆغڵو ayshe nur zarakaglu
٢- ڕاغیب زاراکئۆغڵو ragip zarakaglu
٣- ئێمیرهانئۆغوز emirhan oguz

ئەمانە بەهۆی وەرگێڕان بۆ زمانی تورکی و بڵاوبوونەوەی کتێبی دانەر (ئێڤیس تێرنۆن) (yves ternon) ڕاوەدوو نران، کە پێشتر بە فەڕەنسی چاپ و بڵاو بووەوە.

yves ternon, les armeniens, historie d un genocide, paris,) edition du seuil ermeni tabusu) چاپە تورکییەکە بە ناونیشانی (تابووری

ئیستەنبوڵ ڕاوەدوو نران بەهۆی وەرگێڕان و چاپێکی پانزە هەزار تیراژیی کتێبێکی فەڕەنسی لە بارەی جینۆسایدی ئەرمەنەکانەوە. کتێبەکە لە مانگی کانوونی دووەمی ئەو ساڵەدا، لە لایەن دادگای ئاسایشی دەوڵەتەوە ژمارە سێی لە ئەستەنبوڵ قەدەغە کرابوو، هەر سێ کەسەکەش بە «وروروژاندنی جەنگ، ڕەگەزپەرستی، پەرتکردنی سەروەریی نیشتیمانی و لاوازکردنی سەروەریی هەرێمایەتیی دەوڵەتی تورکی» تۆمەتبار کران. کۆمەڵێک یاساناسی ئەرمەنی کەمپینێکیان بۆ بەرگری لەو سێ تورکە ڕێکخست.

ئەرمەنی) چاپ و بڵاو کرابووەوە. (ئیستەنبوڵ، ١٩٩٤، belge yayinlari).
بڕوانە: بەیاننامەی (گرووپی مافی ئەرمەنیان (Armenian rights group)، لەندەن، ٣٠ی مارتی ١٩٩٤.

## ١٤

لە ماوەی هۆلۆکۆستی جووەکاندا هەر ئەوانەبوون گیانی خۆیان دەخستە ئەوپەڕی مەترسییەوە بۆ ڕزگارکردنی جوو، کە هەر جووەکانی ئەورووپا بۆ خۆیان ناویان لێ نابوون «کافرە دادپەروەرەکان»، واتە ئەو ژن و پیاوە ناجووانەی لە سایەی دەسەڵاتی داگیرکەرانەی نازییەکانەوە لە زۆر وڵاتی ئەورووپیدا، ڕۆڵی سەرەکییان لە حەشاردانی جوولەکەدا هەبوو.

ڕۆحی گرووپێکی تریش لە فریادڕەسەکان بەسەر لاپەڕەکانی ڕاپۆرتە ئەستوورەکەی (برایس)دا باڵەفڕەیانە، کە لە بارەی هۆلۆکۆستی ئەرمەنەکانەوە نووسرابوو. دوو شایەتحاڵی ئەمریکی ئەوەیان تۆمار کردووە کە چۆن (تەحسین بەگ)ی والی، یان (فەرماندار)ی (ئەرزڕوم) فەرمانی بەدەست گەیشتبوو کە «دەبێت هەموو ئەرمەنەکان لەناو ببرێن». تەحسین بەگ ئەو فەرمانەی جێبەجێ نەکرد و ئەوەی بە ئاشکرا پێوە دیار بوو بە تەواوەتی پەست و تووڕەیە لەو ڕەفتار خراپییەی بەرامبەر بە ئەرمەنەکان دەکرێت، بەڵام سەرەڕای ئەوەیش لەژێر زەبری هێزێکی ناچارکەردا و لە سەرووی ئیرادە و ویستی خۆیەوە ناچار بووە

لەگەڵ ڕووداوەکاندا بڕوات و ملی بۆ بدات[١٥١].

ئەرمەنەکان بۆ خۆیشیان لە قوتابخانەکانیاندا ئازایەتیی (جەلال پادشا)ی فەرمانداری (حەلەب) دەبیستن و دەگێڕنەوە، ئەو جەلال پادشایەی کە فەرماندار بوو نەک جەللاد، ئەوەی کە دەیوت: «ئەوە مافێکی سروشتیی هەر کەسێکە کە بژی». هـەزاران کەسی لە مەرگ ڕزگار کرد. بەڵام ئەوە پیاوێکی تری کورتەباڵا بوو وەک پیاوچاکێکی تورک کە ناوبەناو لەناو ڕاپۆرتەکەی برایسدا ڕۆڵێکی پرشنگداری دەگێڕا. لە کاتی کۆچپێکردنەکاندا بەرەو ڕاسولعەین (ماریتزا کەجەجیان) (meritza kedjedjian) شایەتحاڵێکی چاوێنی بوو بەسەر دەستدرێژییەکانی کوردەکانەوە بۆ سەر کچ و ژنە گەنجەکان. پاشان نووسیویێتی: "کاتێک کە ویستیان کچێکی تریش بەرن، داوام لە (عومەر چاوش) کرد یارمەتیمان بدات، کە پیاوێکی خەڵکی شاری ماردین بوو"[١٥٢]. چاوش نیشانەی ئەوەیە کە ئەو پیاوە سێرجێنت (عەریف)ێکی تورکی بووە[١٥٣].

---

١٥١ نووسەر: پێویستە ئەوە بوترێت کە لە شوێنی تردا وەک قسەوقسەلۆکی باو، کەمتر بە چاکە باسی تەحسین بەگ کراوە (وەک دەسەڵاتدارێکی عوسمانی – وەرگێڕ)، بەڵام ئایا (ئۆسکار شیندلەر)یش ئەندامێکی پارتی نازیی ئەڵمانی نەبوو؟ (کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا پتر لە هەزار جووی لە هۆلۆکۆست ڕزگار کرد – وەرگێڕ).

١٥٢ وەرگێڕ: من بڕوام وایە ئەو (عومەر چاوش)ە، یان (عەریف عومەر) لەبەر ئەوەی خەڵکی (ماردین) بووە، ئەویش هەر کورد بووە، نەک تورک وەک شایەتحاڵەکە تێیگەیشتووە. تاکو ئێستایش تورکێک ئەگەر بەهۆی وەزیفەی کارگێڕییەوە لە شارێکی کوردستاندا بژی و بۆ ئەو ماوەیەی وەزیفەکەی لەوێدا نیشتەجێ بووبێت، بە خۆی ناڵێت خەڵکی ئەو شارەیە (لە چەشنی ماردین)، بەڵکو شوێنە ئەسڵییەکەی خۆی دەڵێت کە لێوەی هاتووە).

١٥٣ وەرگێڕ: نووسەر دەڵێت (عەریفێکی تورکی) بووە، کە لە سیاقی ڕستە و باسەکەدا دەردەکەوێت مەبەستی (عەریفێکی لەشکری تورکی بووە)، ئەوەیش مەرج نییە تورک بووبێت.

ماریتزا لە گێڕانەوەکەی بەردەوام دەبێت و دەڵێت: «دەستبەجێ پێشی پێ گرتن و نەیهێشت کچەکە لەگەڵ خۆیاندا بەرن... کوردەکان ئەو شەوە لە گوندە ئابلۆقەدراوەکاندا هێرشیان کردە سەرمان. عومەر کە لە ئێمە بەرپرسیار بوو، بەپەلە چووە سەر تەپۆلکێک و وەعزێکی ئاگرینی بە کوردی[١٥٤] بۆیان دا و پێی وتن کە نابێت تەعەدا لە ئێمە بکەن. ئێمە برسی و تینوو بووین. ئاوی خواردنەوەیشمان لا نەبوو، عومەر هەندێک لە دەبە بەتاڵەکانی برد و لە سەرچاوەیەکی دوورڕا ئاوی بۆ هێناین... ژنی شوبراکەم ئەو شەوە منداڵێکی بوو. بەیانی ڕۆژی دواتر دەبوا بکەوینەوە ڕێ. سێرجێنت عومەر ڕێگەی دا چەند ژنێک بۆ یارمەتیی ئەو ژنەی شووبراکەم لای بمێنینەوە. پاشان وڵاخێکی بارهەڵگری بۆ دایک و منداڵە نۆزادەکەی دابین کرد و بە سەلامەتی گەیاندنیە لای ئێمە».

ئایا دەکرێت لەناو ئەو مەیدانە خوێناوییانەی هۆلۆکۆستی

١٥٤ وەرگێڕ: لە دەقەکەدا و لەسەر زمانی شایەتحاڵەکەوە ئەوە هەر بەو جۆرە نووسراوە و ئێمە هیچ دەستکاریمان نەکردووە. ئەوەیش بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە کە ئەو (چاوش)، یان عەریفە کورد بووە نەک تورک، چونکە تا ئێستایشی لەگەڵدابێت مەحاڵە سەربازێکی لەشکری داگیرکەر (تورک بێت یان فارس یان عەرەب) بتوانێت بە کوردی گوتار بۆ خەڵک بدات. دیارە مەبەستی من ئەوە نییە لە هەڵوێستێکی دەمارگیریانەی نەتەوەپەرستانەی بەرتەسکەوە نکوڵی لەوە بکرێت کە کوردی شڕەخۆر و جاش و مورتەزەقە دەستیان لە کۆمەڵکوژیی ئەرمەنەکاندا نەبووە، بە پێچەوانەوە ئەو میللەتە عەزیزەی ئێمە ئەو کردەوە و دیاردە ناشرینانەی تیادا ڕوویداوە، لایەنی کەم هیچ نەبێت ئێمە بۆ خۆمان لە ئەنفالەکاندا ئەوەمان بینیوە و هەموویشمان شایەتحاڵین کە لە دژی گەلەکەی خۆیشیان بەشدارییان لە تاوانی قێزەونی جینۆسایددا کردووە. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوەیشدا مانای ئەوە نییە کە لەناو کورددا وەک هەر گەلێکی تر پیاوچاکی لە چەشنی (چاوش عومەر) نەبووبێت، کە لەو چرکەساتە یەکلاکەرەوانەدا ویژدانیان، غیرەتیان، شەهامەتیان، جووڵابێت.

ئەرمەنەکاندا وێنای چیرۆکێکی لەوە بەسۆتر و وروووژێنەرتر بکەین؟ هەر لێرەوە دەگەڕێمەوە سەر پرسیارە سەرەتاییەکەی خۆم. ئایە نابێت ئەرمەنەکان یادی ئەو هەموو تورکە بوێرانە بکەنەوە کە بەشداری خەم و ئازاریان بوون و پەیڕەوی فەرمانەکانیان نەکردووە؟ هەرچەندە ژمارەی ئەو جۆرە تورکانە (هەروەها ئەو جۆرە کوردانە - وەرگێڕ) بە داخەوە زۆر کەم بوون. پێویستە ئەرمەنەکان نکوڵی لە ڕووە مرۆڤایەتییەکەیان نەکەن. دەوجا تورکەکان چ کاردانەوەیەکیان لەو بارەیەوە دەبێت؟ ئایا دژی ئەوەیش دەوەستنەوە کە ڕێز لەو قارەمانێتییەی هاوڕەگەزەکانیان (یان لەو قارەمانێتییەی هاوولاتییەکانیان –وەک کوردەکان– وەرگێڕ) بگیرێت؟ یان بە چاولێکردنی ئازایەتیی ئەوانە و یادکردنەوەیان، دەستبەجێ جینۆسایدی ئەرمەنەکان وەک ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر پەسەند بکەن؟ (تانەر ئاکچام) شایانی دەستپێشخەرییەکی لەو جۆرەیە، هەر وەک چۆن عەریف عومەر شایانیەتی.

بە هەمان شێوەی ئەرمەنەکان لە ساڵی ٢٠٠٢دا (ئارام کێڤۆرکیان) (aram Kevorkian) ڕیپۆرتاجێکی بۆ ڕەوانە کردم لە بارەی سەردانێکیەوە بۆ شاری (چەنکۆش) (chunkoush)، کە شارێکی ئەرمەنییە لە تورکیا و (کارنیگ) (karnig)ی باوکی لەوێ لەدایک بووە. لەوێدا پاشماوەی خانووە وێرانەکانی ئەرمەنەکانی پێش نەوەد ساڵی بینیوە لەگەڵ وێرانەی دوو کەنیسەی ئەرمەنیدا. هەروەها سەردانی ئەو شیوە تەنگەبەرەی ناو شاخەکانی ئەو نزیکانەی کردووە، کە لە ئەپریلی ١٩١٥دا هاوشارییەکانی تێدا کوژراون. گوتی: "ئەرمەنەکان لەوێدا ناچار کراون جلەکانی بەریان

داکەنن، ئەوجا پەلبەست کراون و سەریان بڕیون، یان بە تەور و باڵتە مێشکیان پژاندوون و پاشان لاشەکانیان هەڵدێراوەتە قووڵایی شیوەکەوە"[155].

کێڤۆرکیان لەو شوێنەوارە وێرانەیەدا قەسیدەی (بەردە پیرۆزە) (lapis lazuli)ی شاعیری ناودار (ییتس) (yets)ی بیر کەوتۆتەوە:

**هەموان هاتن، پیادە، یان بە سواری ئەسپ**
**بەسەر پشتی ئێسترەوە، کەر و حوشتر، یان بە بەلەم**
**شارستانیەتە کۆنەکان شمشێرەکانیان لە کالان هێنایە دەر.**
**ئەوجا خۆیان و داناییەک کە هەیانبوو، لەناوچوون:**
**چیدی بەهرە هونەرییە دەستییەکانی (کالیماکۆس) نەمان،**
**مەڕمەڕ دەرخستن لە شێوەی (برۆنز)دا،**
**ئەوەی پەردەی دروست دەکرد و لەبەر شنەبای دەریادا،**
**یان لالەی چرا شووشەکان دەشەکایەوە،**
**لە وێنەی قەدی باریک و باڵای دارخورمادا،**
**تەنها ڕۆژێک بەرگەیان گرت،**
**هەمووی ڕووخا،**
**دەبوا جارێکی تر سەرلەنوێ دروست بکرێنەوە...**[156]

[155] هەواڵنامەی کێڤۆرکیان (the Kevorkian news letter)، پاریس، ٩ی سێپتەمبەری ٢٠٠٢.

[156] ناوی قەسیدەکەی (ییتس) (lapis lazuli)یە، کە ناوی زانستیی لاتینی (بەردە پیرۆزە)یە و بە عەرەبی (حجر اللازورد)ە. (فەرهەنگی ڤان دالە، ل ١٩١٧). مەبەست ئەو بەردە گرانبەهایەیە کە ڕەنگی (پیرۆزەیی) هەیە و لەناو کوردەواریدا بەردی هەرزان و هاوڕەنگی ئەوە (نەک بەردە گرانبەها و ئەسڵییەکە)، بۆ چاوەزار بەکار دەهێنرێت. بەپێی فەرهەنگی (المنهل- ل- ٧١) میسرییە دێرینەکان (فیرعەونییەکان) لە خشڵدا، هەروەها بۆ سەر ماسکی مردووەکان بەکاریان هێناوە، بە تایبەتی بەسەر ماسکەکەی (توت عەنخ ئامون)ەوە دەبینرێت. هەروەها لە کوردەواریدا بەو بەردە، یان بە هاوڕەنگەکەی دەگوترێت: کوژەکە یان چاوەزار.

# ١٥

وا ئێستا ساڵی (١٩٩٢)ە و خۆم لە (مارگارا) (margara) بینییەوە لەسەر سنووری نێوان تورکیا و ئەرمینیا –وڵاتی ڕاستەقینەی ئەرمەنەکان، کە تازە لەژێر پاڵتۆ تاریکەکەی یەکێتیی سۆڤێتەوە هاتبووە دەرەوە و ڕزگاری ببوو–. بە دیوی مەرزی تورکیادا تەماشای لوتکە بەفراوییەکەی کێوی (ئارارات) (Ararat)م دەکرد، چونکە ئارارت، ئەو سونبولە نەتەوەییەی ئەرمینیا، دەکەوێتە سنووری تورکیاوە، ئەو شوێنەی کە تەنها لە دوورەوە دەتوانیت تەماشای بکەیت و تێیبڕوانیت.

لەناو باخچەی (لیڤۆن کارا پێگیان) (levon karapegian) ڕاوەستابووم و لە سەرووی کێڵگەی تەماتە و پەتاتە و خەیار و درەختە گێلاسەکانەوە ئاڵایەکی تورکیم بینی کە بەو قرچەی نیوەڕۆیە بە ستوونێکی دارینەوە لەو بازگە سەرسنوورییەی چاودێریدا هەڵواسرابوو. کارا پێگیان وتی: "هەندێک جار سەربازە تورکەکان چاو دەکەم لە لای ئەو درەختۆکەیەی ئەوبەرەوە ڕادەوەستن". لە خۆمم پرسی: ئەوە کامە ئەرمەنییە کە دەیەوێت لە دووری شەش مەتر لەو قەومەوە نیشتەجێ ببێت، کە سەرکردە

عوسمانییەکانیان گەلەکەی ئەویان بەکۆمەڵ لەناو بردبێت؟

گوندنشینانێکی ئەوتۆ لێرە نەمابوونەوە. تاکو ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت ژمارەی ئەو لەقلەقانە لەوان زیاترن کە هێلانەیان لەسەر کەلاوەی دووکەڵکێشی کارخانەکە دروست کردبوو، یان لەسەر ستوونەکانی تەلەگراف و کەلاوەی کتێبخانە گشتییە بچووکەکە، یان لەسەر ئەو مۆنۆمێنتە لە مەڕمەڕ دروستکراوەی بۆ یادی ئەرمەنییە کوژراوەکانی سالانی ١٩٤١- ١٩٤٥ی "جەنگی مەزنی نیشتیمانی" لە دژی هیتلەرییەکان لەوێ دانرابوو. کارا پێگیان وانەی (مێژووی ئەرمەنەکان)ی لە قوتابخانەی ناوەندیی لۆکاڵیدا دەگوتەوە. وانەی بە نەوەکانی ڕزگاربووانی جینۆساید و ئەوانەی لەنێوان سالانی ١٩١٥- ١٩١٨دا هەلاتبوون، دەوتەوە. واتە ئەوانەی کە لەو گوندە سنوورییە وێرانکراوە هەلاتبوون، کە نزیکەی ٢٥ کیلۆمەتر لەم شوێنەوە بۆ ناو مەرزی تورکیا دوورن.

لەو کاتەدا، کە لەگەڵ لیڤۆن کارا پێگیان و خێزانەکەیدا لە دەوری مێزێک لە باخچەی ماڵەکەیدا دانیشتبووین و گێلاسمان دەخوارد، گوێمان لە خوێندنی باڵندە بوو کە لە پشتی درەختەکانەوە لەناو تورکیاوە دەیانخوێند، لەو شوێنەوە کە ناویان ناوە ئەرمینیای ڕۆژئاوا. هاوسەرەکەی دەستی بۆ ڕیزێک درەخت درێژ کرد کە کەوتبوونە ئەودیوی خاڵی چاودێری و زاڵگە تورکییەکەوە و گوتی: "ئا ئەو شوێنە زێدی بنەماڵەی ئێمە بوو. چاک لە یادمە کاتێک منداڵ بووم، باوکم منی نایە سەر کۆڵی و پێی وتم: باپیرەم هەموو ئەو درەختانەی چاندووە".

پاش پێنج ساڵ و (٣٥٠٠) کیلۆمەتر دوورتر لەو شوێنەوە، لەناو تەمومژێکی دەریاییدا کە گرد و تەپۆلکەکانی (سۆسێکس) (Sussex)ی لە خۆیدا ون کردبوو، لە شوێنێکی شێداری ئینگلیزیانەدا (ئاسترێد ئاغا جانیان) (astrid aghajanian) لە قۆرییەکی گەورە و قورسەوە چای بۆم تێدەکرد. ئەو دواهەمین ڕزگاربووی جینۆسایدەکەیە. هەشتاودوو ساڵ پێشتر تورکەکان باپیرە و نەنک و مامیان گوللەباران کردوون. گێڕایەوە: "ئەوانەی لە بنەماڵەکەم بە زیندوویی مانەوە، دەبوا ماڵ جێبهێڵن. ئیتر ڕۆیشتین، هەر ڕۆیشتین، هەر ڕۆیشتین. شەوێکیان خۆمان لە گوندێکدا بینییەوە. باوکم لە کۆچپێکردنەکەدا بوو، بەدواماندا دەگەڕا. هاتە لامان. بە دایکمی ڕاگەیاند کە پێی وایە دەرفەتێکیان داوەتێ بۆ ئەوەی بۆ دواهەمین جار خواحافیزی لە ئێمە بکات، چونکە لەگەڵ هەموو پیاوەکانی تردا گوللەباران دەکرێن. من چاکم لە بیرە، کە دایکم پاشان بۆی گێڕامەوە، دواهەمین قسەی باوکم ئەوە بووە: "چاکترین ڕێگای بە زیندووهێشتنەوەی یادی من ئەوەیە ئاگاداری ئاسترێد بیت". جارێکی تر چاومان بە باوکم نەکەوتەوە. ئەوە ڕێپێوانێکی یەکجار دوورودرێژ بوو. تورکەکان و کوردەکانیش بە بەردەوامی لە کچەکانیان دەبرد بۆ ئەوەی دەستدرێژییان بکەنە سەر. دایکم هەر جارێک کە دەیبینی هێرشمان بۆ دێنن، لەناو تابووری کاروانەکەدا لەم شوێن بۆ ئەو شوێن، بەبێ پسانەوە، ڕایدەکرد و خۆی دەدزییەوە. نەنکەکەی ترم لە ڕێگادا گیانی لە دەست دا، ئەویش بە هەمان شێوەی برا نۆزادەکەم (ڤارتکێس) کە گیانی لە دەست دابوو، دەبوا ئێمە هەر لە قەراغی ڕێگاکە جێی

بهێڵین (واتە تەرمەکە - وەرگێڕ). ڕۆژێکیان تورکەکان هاتن و گوتیان؛ دەیانەوێت هەموو منداڵەکان لەگەڵ خۆیاندا بەرن بۆ ئەوەی ئاگادارییان بکەن. هەندێک لەو ژنانەی، کە هیچ خۆراکێکیان بۆ منداڵەکانیان پێ نەمابوو، سووک و ئاسان لێیانگەڕان منداڵەکانیان بـەرن. پاشان دایکم بینیبووی کە چۆن گڕیان لە لاشەکانیان بەردابوو، کە بەسەر یەکتردا کۆمەڵ کرابوون. دایکم پاڵی بە منەوە نابوو بۆ ژێر کۆمەڵەیەکی تری لاشەکان. خۆیشی لەگەڵ مندا خزاندە ژێر ئەو هەموو لاشانەوە. تەنانەت تاکو ئێستایش من لە تاریکی دەترسم و قەت ناوێرم بە تەنیا بم. بەو جۆرە دایکم منی لەو ئاگرتێبەردانە ڕزگار کرد. پاشان دایکم بەردەوام ئەوەی پێم دەوتەوە، کە کاتێک گوێی لە قیژەی منداڵەکان بووە و چاوی بە گڕی ئاگرەکە کەوتووە، وایزانیوە ئەوە ڕۆح و گیانی منداڵەکانە بەرەو ئاسمان بەرز دەبنەوە».

لە ئەنجامدا، دایکی ئاسترێد ئاغاجانیان، کچەکەی گەیاندووەتە لای کەمپێکی چادرنشینە عەرەبەکان و پاشان خۆیان گەیاندووەتە شاری (حەلەب). هەموو ئەوەیش بە یارمەتیی ئەفسەرێکی تورک. دووبارە شووی کردووەتەوە و گواستوویانەتەوە بۆ فەلەستین، کە تازە ببووە ناوچەیەکی مانداتی ژێر دەسەڵاتی بەریتانییەکان. لە ئۆرشەلیم ئاسترێدی گەنج (گاسپار) (gaspar)ی هاوسەری دوارۆژی دەناسێت کە بابەلباب لە فەلەستین ژیابوون، بەڵام ڕێگەی ئازارچەشتنیان وەکو ئەرمەنی کۆتایی پێ نەهات. ئەوان جارێکی تر ناچار بە هەڵاتن کران بەهۆی یەکەمین جەنگی عەرەبی- ئیسرائیلییەوە لە ١٩٤٨دا و کەوتنە گەڕان بەدوای

پەناگەیەکدا لە ئۆردون –کە ماوەیەک بوو گاسپار ئاغاجانیان لە هەوڵی بەدەستهێنانی ڕەگەزنامەی بەریتانیدا بوو– و دەرئەنجام بەرەو دوورگەی (قوبرس) (cyprus) کۆچیان کرد. بەڵام کاتێک لە ١٩٧٤دا تورکەکان هێرشیان کردە سەر دوورگەکە، پاش کودەتاکەی یۆنان، ئەو جووتە هاوسەرە سەرلەنوێ ماڵوحاڵیان لەدەست دایەوە. ئاسترێد بەو جۆرە لە هەمان سەدەدا دوو جاران لە چنگی تورکەکان دەبوا خۆی ڕزگار بکات و هەڵبێت. لەشکری تورکی دەستی بەسەر ئەو ماڵەدا گرتووە، کە هیی ئەمان بووە. تۆ بڵێی بکرێت کەسی تر هەبێت لە لایەن مێژووەوە لەوە زیاتر تووشی ئازار و چەرمەسەری بووبێت؟

بەڵێ، بە دڵنیاییەوە دەکرێت هەبێت. ئاغاجانیانەکان لەبری ئەو خانووەی لە دەستیان چوو، قەرەبوویەکیان وەرگرتەوە. بەڵام کاتێگ گاسپار داوای قەرەبووی ناو ماڵەکەیانی کرد، کە زۆر شتی دەگمەن و گرانبەهای تیادابوو، لە چەشنی فەرشی ئێرانی، تاخمی تەواوی ناوماڵ، دراوی کۆکراوەی کۆن و ئەنتیکی سەدان ساڵە، فۆتۆی کۆنی ئەندامی خێزانەکانیان، کە لە کۆمەڵکوژییەکانی ١٩١٥دا لەناوچووبوون، پیانۆیەک و ژمارەیەکی زۆر کتێبی کۆن و تازەی دانسقە، کە هەمووی لە لایەن تورکەکانەوە تاڵان کرابوون. نامەیەکی لە وەزارەتی کاروباری دەرەکیی بەریتانیاوە بۆ هات، کە تیایدا دەڵێت: "دەسەڵاتدارانی تورکەکانی قوبروس یاسایەکیان هێناوەتە ناوەوە[١٥٧]، کە لەوێدا ئەوە دیاری کراوە، قەرەبووی زەرەر

---

١٥٧ وەرگێڕ: واتە ئەو یاسا و بڕیارە لە تورکیاوە دەرچووە.

و زیانی ماڵیی ئەو کەسانە ناکرێتەوە کە هاوکاریی یۆنان یان بەشە یۆنانییەکەی قوبروسیان کردبێت و پەیوەندییان لەگەڵیاندا هەبووبێت. ئێستایش ئەو بێبەشکردنەیان فراوانتر کردووە و هەموو ئەو کەسانەیش دەگرێتەوە کە بە ڕەچەڵەک ئەرمەنین».

ئەو ژن و مێردە هەرگیز پێیان نەنابووە بەشە یۆنانییەکەی قوبروسەوە و هیچ کاتێکیش خوازیاری پەساپۆرتی قوبروسیی یۆنانی نەبوون. گاسپار ئاغاجانیان گوتی: «ئێمە هاووڵاتیی تەواوی بەریتانی بووین. بەڵام ئێمە لە قەرەبوو بێبەش کراین لەسەر بناغەی، یان بەهۆی ڕەچەڵەکی ئیتنیکیمانەوە». کاتێک کە بیستی (مارگرێت تاتچەر)ی سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا بە بۆنەی یادی شەڕی (گالیپۆلی) (Gallipoli)یـــەوە سەردانی تورکیا دەکات، مێردەکەی ئاسترێد نامەیەکی ئاڕاستەی نوێنەرە لۆکاڵییەکەی خۆیان کرد لە پەرلەماندا بۆ شکاتکردن، ئەوەیشی خستبووە سەر کە هاوسەرەکەی یەکێک بووە لە ڕزگاربووانی جینۆسایدی ئەرمەنەکان. وەڵامنامەیەکی لە (فرانسیس مۆد) (francis maude)ی وەزیری کاروباری دەرەکییەوە بۆ هاتەوە، کە تیایدا هاتبوو (هەرچەندە ئێستا لەوانەیە خوێنەری ئەم کتێبە بە ڕووی مندا بقیژێنێت)، کە ئەگەرچی حکومەت "لەدەستدانی ئەو ژمارە زۆرەی خەڵک بە تراجیدیایەک دەژمێرێت، بەڵام ئێمە پاش لێکدانەوەی تەواو بڕیارمان داوە ئەوە ڕاست نییە و ئەو بابەتە لەگەڵ حکومەتی ئێستای تورکیدا باس بکرێت یان بەرپرسیارێتیی ئەو تاوانانەی بخرێتە ئەستۆ، کە حەفتا و پێنج ساڵ بەر لە ئێستا و لە کاتی ئیمپراتۆریای عوسمانیدا ڕوویانداوە...".

ئەو جۆرە پابەندبوونە پووچانە بوونەتە کلێشەیەکی دووبارەکراوی سواو، بۆ ئەوەی زیان بە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ تورکیادا نەگەیەنن، حکومەتی بەریتانی چیتر دان بەوەدا نەنێت کە جینۆسایدی ئەرمەنەکان ڕوویداوە، بەڵام ئەو حکومەتە ناتوانێت قەرەبوویەک بۆ خێزانی ئاغاجانیان دەستەبەر بکات، چونکە تورکەکان ناچنە ژێر باری قەرەبووکردنەوەی ئەو هاووڵاتییە بەریتانیانەی بە ڕەچەڵەک ئەرمەنین -بەهۆی جینۆسایدی ئەرمەنەکانەوە لە ١٩١٥دا. تا ئەمڕۆشی لەگەڵدابێت ئەو خێزانە هیچ قەرەبوویەک نەکراونەتەوە لەبری ئەوماڵوحاڵەیان کە لەدەستیان داوە.

لەگەڵ ئەوەیشدا پێدەچێت مێژوو تا ئێستا بە لای ئاغاجانیانەکانەوە ڕۆشناییەکی تیامابێت بەوەی لە باری نێودەوڵەتییەوە پلانێک لە ئارادابێت. لە ساڵی ٢٠٠٣دا ژنێکی گەنجی تورکی، خوێندکارێک لە شیکاگۆ، داوای ئەوەی لێ کردین ڕێی بدەین سەردانێکیان بکات.

ئەو کچە گەنجە، کە تا ئێستایش چاکتر وایە ناسنامەکەی بە نهێنیی بمێنێتەوە، لە تورکیاوە بەرەو ویلایەتە یەکگرتووەکان گواستبوویەوە، تا بتوانێت لە ناوەندی ئەرمەنەکاندا بژی. لەوێ توانی بە وردی گوێ لە چیرۆکی جینۆسایدەکەیان بگرێت. لە ئەنجامدا توانی باسێکی ئەکادیمی پێشکەش بکات و تیشکێک بخاتە سەر ئەوەی کە بەڕاستی لە ١٩١٥دا ڕوویداوە. لە نیوەڕۆیەکدا بە سەردانێک چوو بۆ خانووە بچووکەکەیان لە شۆرهام (shoreham) لە باشووری ئینگلاند بۆ ئەوەی هاوخەمیی خۆی بۆ ئاسترێد دەرببڕێ و ئەسەفی خۆی ڕابگەیەنێت بۆ ئەو کار

و کردەوانەی گەلەکەی (واتە گەلی تورکی) ئەنجامیان دابوو. لە ئەنجامدا زۆر بە ئاگاییەوە ڕیکۆردەرەکەی خستە بەردەمی. بەو جۆرە بیرەوەرییەکانی ئاستریێد ئاغاجانیان، دواهەمین خواحافیزیی باوکی، چۆنێتیی مردنی برا نۆزادەکەی و گرتێبەردانی بەکۆمەڵی منداڵە ئەرمەنەکان، ئەوانەی ڕۆحیان ڕوو لە ئاسمان هەڵدەکشا، لە لایەن ژنە گەنجێکی تورکەوە بۆ مێژوو تۆمار کران و پارێزران[١٥٨].

لە بەیروت لە خانەی نابینایانی ئەرمەنیدا -کە ئێستا تەرخان کراوە بۆ هەموو پیرانی ئەرمەنی- هەندێک گەرمترە لەو کاتانەی دواهەمین ڕۆژەکانی جەنگی ناوخۆیی. دەرگاکان نوێ کراونەتەوە و گەرمکەرەوەی سەنترالیان بۆ دانراوە، تەنها ئەوە نەبێت کە هەموو ڕزگاربووەکانی هۆلۆکۆست، کە لە ١٩٩٤دا چاوم پێیان کەوت، کۆچیان کردبوو. تەنها ئەوە نەبێت کە دوو نەخۆشی تازە هێنرابوونە ئەوێ و لە ڕزگاربووان بوون. چاوەڕوانیش ناکرێت چیتر خەڵکی لەو بابەتە بهێنرێتە ئەوێ[١٥٩].

یەکێکیان خانمێکی بچکۆلە بوو، کە تەنها ئەو سرود و گۆرانیانەی لە بیر مابوون کە دایکی لە بارەی ڕۆژگارە ترسناکەکانی ڕێپێوان و ڕاگواستنە زۆرەملێ و بەکۆمەڵەکانەوە فێری کردبوون. بە دەنگێکی نزم بە تورکی دەیوتنەوە، چونکە ئەو هەرگیز فێری زمانی ئەرمەنی نەببوو، ناچار دەبوا کارمەندێکی ئەوێ بچوا بەدوای

١٥٨ نووسەر: دواتر لە نامەیەکدا بۆ ئاغاجانیانەکانی نووسیوە: «من ئەوپەڕی توانای خۆم دەخەمە کار بۆ ئەوەی دان بە جینۆسایددا بنرێت و لەو پێناوەدا هەوڵی خۆم دەدەم (هەرچەندە کەمیش بێت)».

١٥٩ وەرگێڕ: واتە چاوەڕوان ناکرێت خەڵکی تری ڕزگاربووی هۆلۆکۆستەکە لە ژیاندا مابن.

کارمەندێکی تری تورکیزانی خۆیاندا تا ڕۆڵی وەرگێڕ ببینێت. من پێشتر ئاشنای ئەو سروود و گۆرانیانە ببووم. زۆر بە وردی و ئاگادارییەوە لە لایەن ئەکادیمیستێکی ئەرمەنییەوە تۆمار کرابوون و خرابوونە سەر کاغەز.

ئەوا هاتن دارستانەکان، وا هاتن بە چەپکە گوڵەکانەوە
زۆر ئەستەمە بۆ من باری مردن لە کۆڵ بنێم
بێداربەرەوە سوڵتان، ئەی سوڵتانی ستەمکار!
هەموو جیهان فرمێسکی خوێن هەڵدەڕێژێ...[١٦٠]

هەندێک لەولاترەوە لە دالانەکەدا پیرەمێردێک لە جێدا کەوتووە. ناوی (هارۆتیۆن کێبەجیان) (haroutian kebedjian)ە. بە دەستی چەپیەوە کتێبێکی پیرۆزی بە زمانی برەیل (زمانی تایبەت بۆ نابینایان – وەرگێڕ) گرتبوو و پەنجەکانی دەستی ڕاستیشی بەسەر پیتە دەرپۆقیوەکاندا دەهێنا. ئەوە لە ساڵی ٢٠٠٠دابوو کاتێک کە تەمەنی نەوەد و سێ ساڵ بوو، واتە هەشت ساڵان بوو کاتێک لە هۆڵۆکۆستی ئەرمەنەکاندا ڕزگاری بوو. زاکیرەی هەر وەکو هەستی گەش و هێزدار بوو:

"ئێمە دانیشتووی (دۆرتیۆل dortyol) بووین. باوکم ناوی سەرکیس (sarkis) و دایکم ناوی ماریام بوو. ئێمە بە خۆمەوە دە منداڵ بووین.

---

١٦٠ Svazlian, verjine: (the Armenian genocide in the memoris and Turkish- languge songs of the eyewitness survivors). Yerevan: gitutian publishing house, 1999, p.16.


تورکەکان بە گوێدرێژ و ئەسپەوە هاتن و هەموو خەڵکەکەیان ڕاپێچا. ئێمە دەبوا بەرەو (حەلەب) و (ڕاسولعەین) بچین، بەڵام ئەوان هەر لە ڕێگا دەستیان کرد بە کوشتنمان. تورکەکان بە زۆر بەرەو ڕووباری خاپووریان دەبردین. کاتێکیش گەیشتینە ئەوێ، تەنها دایکم و خوشکێکم و من ڕزگارمان بوو. فەرمانیان دابوو هەموو ژن و پیاوەکان جلەکانیان دابکەنن. خوشکەکەم هەژدەساڵان بوو. ئەسپسوارێک پەلی گرت و هەڵیداشتە سەر ئەسپەکەی. بە بەرچاوی ئێمەوە ئەوەی کرد. ئەوە لە بەرچاوی خۆم ڕوویدا. ئەو کاتە هێشتا کوێر نەببووم. ئەوجا دەستیان کرد بە تێهەڵدانی دایکم و سەروچاویان خەڵتانی خوێن کرد. لەو کاتەدا، کە لێیان دەپاڕایەوە خوشکەکەم نەبەن، تورکەکان بە تێلالێدان کوشتیان. من هەرگیز ئەوەم لە یاد ناچێت کە چۆن لە گیانەڵڵادا هەر هاواری ناوی منی بوو "هارۆتیۆن... هارۆتیۆن".

پاشان عەرەبێکی خێوەتنشین منی بردە ناو ماڵ و منداڵەکەی خۆی و سێ ساڵ لەوێ مامەوە. کاتێک کە جەنگ کۆتایی پێ هات، خەڵکانێک هاتن و وتیان بەدوای زیندووانی ئەرمەنیدا دەگەڕێین. وتم؛ من ئەرمەنیم. بەو جۆرە منیان لەگەڵ خۆیاندا برد بۆ (حەلەب). لەوێ تووشی ڤایرۆسێک بووم کە چاوەکانمی تێکدا. کتوپڕ کوێر بووم، لە کاتێکدا کە تەمەنم تەنها یانزە ساڵ بوو. تا تەمەنی بیست و سێ ساڵیم پڕ بووم لە تووڕەیی و پەستی، چونکە تورکەکان خوشکەکەمیان برد و دایکمیان بە لێدان کوشت. بەڵام کاتێک تەمەنم گەیشتە بیست و سێ ساڵ، لەگەڵ خۆمدا بیرم کردەوە کە ناشێ مرۆڤ بەو جۆرە بێت. دەستم بە نوێژ پێ کرد و ڕووی دوعام لە خودا کرد چاوی لە حاڵم بێت.

لەو کاتەوە زۆر سەرقاڵی ئەوە بووم لەگەڵ خۆمدا ئاشت ببمەوە و ویژدانم ئاسوودە بکەم. ئێستا من ئامادەم بچمە بەردەمی خوا. من ئاشتیم دۆزیوەتەوە[١٦١]. پار، کە زەمینلەرزە گەورەکە لە تورکیا ڕوویدا، خەڵکێکی زۆری تورک لەناوچوون. من لەو کاتەدا بۆ تورکەکان لە خوا پاڕامەوە و نوێژم بۆ هەموو ئەو تورکە بەستەزمانانە کرد».

١٦١ وەرگێڕ: مەبەست ئاشتییە لەگەڵ خۆیدا و لە ناوەوە کە ئەوە پتر حاڵەتێکی سۆفیگەرییە و دەکرێ بە (ئاشتیی دەروون) (سلام النفس)، یان (ئاشتیی ناوخۆیی) (السلام الداخلي) ناو ببرێت. لەناو سۆفییەکاندا بە عەرەبی پێی دەڵێن: (الصفاء)، واتە خاوێنبوونەوەی ئەقڵ و دەروون لە خڵتەوخاشی دنیایی.

# پاشکۆی وێنەکان








92120















gettyimages
Apic
112072799






gettyimages
Armin T. Wegner
3171659


gettyimages
Photo 12
152238452







Edité par la CHOCOLATERIE D'AIGUEBELLE, Monastère de la Trappe (Drôme)
MASSACRES D'ARMÉNIE: Pillage de Trébizonde (8 Octobre 1895)










ARMENIAN RELIEF
4544-6






gettyimages
Culture Club
588249462


Edité par la CHOCOLATERIE D'AIGUEBELLE, Monastère de la Trappe (Drôme)
MASSACRES D'ARMÉNIE: Enlèvement des victimes à Galata.

